کۆماری فیدڕاڵی عێراق
حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە

# یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە شێوەزاری خانەقیندا

**نامەیەکە پێشکەش بە ئەنجومەنی فاکەڵتیی پەروەردە، لە زانکۆی کۆیە کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.**

لە لایەن:
**ســەلام ڕەحـیم ڕەشــید**

بەکالۆریۆسی لە (زمانی کوردی) لە ساڵی (٢٠٠٩)
لە (کۆلێژی ئاداب/خانەقین ـ زانکۆی سلێمانی) وەرگرتووە

بە سەرپەرشتی:
**پ . د. فەرەیدوون عەبدول محەمەد**

گەلاوێژی ٢٧١٤

## پێشکەشە بە :

- باوك و دایکی زێدە خۆشەویستم .
- هاوسەر و هاوڕێی ژیانم .
- هەردوو جگەر گۆشەکەم ( دیاری و داریان ) .
- هەموو خوشك و براکانم .
- هاورێی خۆشەویستم ( چیا ) .

## ڕەزامەندیی سەرپەرشت

من (فەرەیدوون عەبدول محەمەد) ڕایدەگەیەنم، ئەم ماستەرنامەیە، کە بە ناونیشانی (یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە شێوەزاری خانەقیندا)یە، بە سەرپەرشتی من لە (بەشی زمانی کوردی)، فاکەڵتیی (پەروەردەر)ی زانکۆی (کۆیە) لە لایەن (سەلام ڕەحیم ڕەشید)ەوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا ئامادەکراوە.

من ئەم کارەم خوێندووەتەوە و پێیداچوومەتەوە، دڵنیاتان دەکەمەوە ئەوەندەی من بزانم، ئەمە کارێکی سەربەخۆیە.

ناو و واژۆی سەرپەرشت

نـــاو: د . فەرەیدوون عەبدول محەمەد

نـازناوی زانستی: پـرۆفیـسۆر

پیشەی ئەکادیمی: مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

ڕێککەوت:  /  / ٢٠١٤

---

## ڕەزامەندیی سەرۆکی بەش

لەسەر پێشنیازی سەرپەرشتی نامەکە، کە ناو و واژۆی لەسەرەوە هاتووە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ دەکەم بۆ تاوتوێکردن.

واژۆ:

نـــاو: د. عـومـەر مـەحـموود کـەریم

نـازناوی زانستی: پـرۆفـیـسۆری یـاریدەدەر

پیشەی ئەکادیمی: مامۆستا لە زانکۆی کۆیە

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێککەوت:  /  / ٢٠١٤

رەزامەندیی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، جەختدەکەینەوە، ئەم ماستەرنامەیەمان بە ناونیشانی (یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە شێوەزاری خانەقیندا) خوێندووەتەوە و، لەگەڵ خوێندکار (سەلام ڕەحیم ڕەشید) لەسەر هەموو لایەنەکانی نامەکە گفتوگۆمان ئەنجامداوە، بە ڕای ئێمە هەموو مەرجەکانی ماستەرنامە و، بە دەستهێنانی ئەم پلەیە لە (زمانی کوردی)دا لەخۆیدەگرێت.

ناو: د.
نازناوی زانستی:
پیشەی ئەکادیمی:
ئەندام
ڕێککەوت: / /٢٠١٤

ناو: د.
نازناوی زانستی:
پیشەی ئەکادیمی:
سەرۆکی لیژنە
ڕێککەوت: / /٢٠١٤

ناو: د.
نازناوی زانستی:
پیشەی ئەکادیمی:
ئەندام
ڕێککەوت: / /٢٠١٤

ناو: د. فەرەیدوون عەبدول محەمەد
نازناوی زانستی:
پیشەی ئەکادیمی:
ئەندام و سەرپەرشت
ڕێککەوت: / /٢٠١٤

---

لە لایەن ئەنجومەنی فاکەڵتیی (پەروەردە)وە، ڕەزامەندیی لەسەر دراوە و پەسەندکرا.

د. سەعید ساڵح حەمەدەمین
نازناوی زانستی:
پیشەی ئەکادیمی:
ڕێککەوت: / / ٢٠١٤

# ناوەرۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| | **پێشەكی** |
| VIII | ناونیشان و بواری لێكۆڵینەوەكە |
| VIII | سنووری لێكۆڵینەوەكە |
| VIII | هۆی هەڵبژاردن و گرنگی لێكۆڵینەوەكە |
| IX | ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە |
| IX | كەرەستەی لێكۆڵینەوەكە |
| IX | گیرو گرفتی لێكۆڵینەوەكە |
| X | ناوەڕۆكی لێكۆڵینەوەكە |
| XII | پوختەی باسەكە |
| - | **بەشی یەكەم : دیالێكتۆلۆجی و سنووری جوگرافی شێوەزاری خانەقین** |
| ١ | ١/١) چەمكی دیالێكتولۆجی |
| ٢ | ٢/١ ) زانستی زمانی كۆمەڵایەتی |
| ٤ | ١-٢/١) بەشەكانی زانستی زمانی كۆمەڵایەتی |
| ٤ | ٣/١) زمان و زار |
| ٦ | ١-٣/١) هۆكارەكانی پەیدابوونی زار لە زماندا |
| ٧ | ٢-٣/١) جۆرەكانی زار |
| ٩ | ٤/١) زار و شێوەزار |
| ١٠ | ٥/١) ئیدیۆلێكت و شێوەزار |
| ١١ | ٦/١) سنووری جوگرافی شێوەزاری خانەقین |
| ١٥ | ١-٦/١) هۆكارەكانی دروستبوونی شێوەزاری خانەقین |
| - | **بەشی دووەم : فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی و فۆنێمەكانی شێوەزاری خانەقین** |
| ٢١ | ١/٢) فۆنەتیك phonetics |
| ٢٢ | ١-١/٢) فۆنەتیكی ئەركی ( چەمك و پێناسە) |
| ٢٢ | ٢-١/٢) جۆرەكانی فۆنەتیك |
| ٢٣ | ١-٢-١/٢) فۆنەتیكی دركاندن Articulator phonetics |

| | |
|---|---|
| ٢/١-٢-١-١) ئەركی ئەندامەكانی ئاخاوتن | ٢٤ |
| ٢/١-٢-٢) فۆنەتیكی بیستن Auditory phonetics | ٣٣ |
| ٢/١-٢-٣) فۆنەتیكی فیزیكی Physical phonetics | ٣٥ |
| ٢/١-٢-٤) فۆنەتیكی پراكتیكی | ٣٦ |
| ٢/٢) فۆنۆلۆجی | ٣٧ |
| ٢/٢-١) ئەركەكانی فۆنۆلۆجی | ٣٧ |
| ٢/٣) فۆنێم | ٣٨ |
| ٢/٣-١) فۆن - فۆنێم - ئەلۆفۆن | ٤١ |
| ٢/٤) فۆنێم و سیستەمی فۆنێمی | ٤٤ |
| ٢/٤-١) فۆنێمەكانی شێوەزاری خانەقین | ٤٥ |
| ٢/٥) فۆنێم و جۆرەكانی | ٤٨ |
| ٢/٥-١) فۆنێمە كەرتییەكان | ٤٨ |
| ٢/٥-١-١) دەنگە كۆنسنانتەكان | ٤٩ |
| ٢/٥-١-٢) دەنگە ڤاوڵەكان | ٥٤ |
| ٢/٥-٢) فۆنێمە ناكەرتییەكان | ٥٦ |
| ٢/٥-٢-١) هێز Stress | ٥٧ |
| ٢/٥-٢-٢) ئاواز Intonation | ٥٨ |
| **بەشی سێیەم : یاسا فۆنۆلۆجییەكان لە شێوەزاری خانەقیندا** | ٥٩ |
| ٣/١) پەیدابوونی دەنگ | ٦٠ |
| ٣/١-١) هۆكارەكانی پەیدابوونی دەنگ | ٦١ |
| ٣/١-٢) جۆرەكانی پەیدابوونی دەنگ | ٦٢ |
| ٣/١-٢-١) پەیدابوونی كۆنسنانت | ٦٢ |
| ٣/١-٢-٢) پەیدابوونی ڤاوڵ | ٦٦ |

| | |
|---|---|
| ٢/٣) لەناوچوونی دەنگ Elision | ٦٧ |
| ٣/٢-١) هۆکارەکانی لەناوچوونی دەنگ | ٦٨ |
| ٣/٢-٢) جۆرەکانی لەناوچوونی دەنگ | ٦٩ |
| ٣/٢-٢-١) لەناوچوونی کۆنسنانت | ٦٩ |
| ٣/٢-٢-٢) لەناوچوونی ڤاوڵ | ٧٣ |
| ٣/٢-٢-٣) لەناوچوونی ڤاوڵ و کۆنسنانت پێکەوە | ٧٤ |
| ٣/٣) لەیەکچوونی دەنگ Assimilation | ٧٥ |
| ٣/٣-١) هۆکارەکانی لەیەکچوونی دەنگ | ٧٥ |
| ٣/٣-٢) تایبەتمەندییەکانی یاسای لەیەکچوونی دەنگ | ٧٦ |
| ٣/٣-٣) جۆرەکانی لەیەکچوونی دەنگ | ٧٧ |
| ٣/٣-٣-١) لەیەکچوونی تەواوی دەنگ Complete Assimilation | ٧٧ |
| ٣/٣-٣-٢) لەیەکچوونی نا تەواوی دەنگ Partial Assimilation | ٧٩ |
| ٤/٣) جێگۆڕکێی دەنگ Metathesis | ٨٣ |
| ٣/٤-١) هۆکارەکانی جێگۆرکێی دەنگ | ٨٤ |
| ٣/٤-١-١)هۆکاری زار و شێوەزار | ٨٤ |
| ٣/٤-١-٢) ئاستی ڕۆشنبیری | ٨٥ |
| ٥/٣) جێگرتنەوەی دەنگ Replacement | ٨٧ |
| ٣/٥-١) هۆکارەکانی جێگرتنەوەی دەنگ | ٨٨ |
| ٣/٥-٢) جۆرەکانی جێگرتنەوەی دەنگ | ٨٩ |
| ٣/٥-٢-١) جێگرتنەوەی کۆنسنانت بە کۆنسنانت | ٨٩ |
| ٣/٥-٢-٢) جێگرتنەوەی ڤاوڵ بە ڤاوڵ | ٩٦ |
| ٦/٣) گونجان و نەگونجانی دەنگ | ١٠٠ |
| ٣/٦-١) هۆکارەکانی گونجان و نەگونجانی دەنگ | ١٠٣ |
| ئـەنـجـام | ١٠٤ |
| سـەرچـاوەکـان | ١٠٦-١١٣ |
| خلاصة البحث | XIV |
| Abstract | XVI |

## پێشەکی

### ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە ( یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە شێوەزاری خانەقیندا )یە، مەبەستی لێکۆڵینەوەکە بەشێوەیەکی سەرەکی بواری دەنگسازیی، شیوەزاری خانەقین دەگرێتەوە، کەخۆی لە دەستنیشانکردن و خستنە ڕووی فۆنێمەکان و یاسا دەنگییەکانی ئەم شێوەزارەدا دەبینێتەوە، سروشتی لێکۆڵینەوەکە وادەخوازێت، بۆ دەرهێنان و ساغکردنەوەی بنەماو پێڕەوی یاسا فۆنۆلۆجییەکان، پەنا ببرێتە بەر ئاستەکانی ( مۆرفۆلۆجی و سینتاکس) ، چونکە لە بنەڕەتدا فۆنێمەکان لە مۆرفێم و وشەدا بەرجەستە دەبن .

### سنووری لێکۆڵینەوەکە

ئەم کارە لەچوارچێوەی سنووری شێوەزاری خانەقیندایە، کە یەکێکە لە شێوەزارەکانی زاری خوارووی زمانی کوردی .

### هۆی هەڵبژاردن و گرنگیی لێکۆڵینەوەکە

هەڵبژاردنی بابەتەکە بۆ چەند هۆیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە ، وەك :

١- تا ئێستا لە ناوەندی زمانەوانی کوردیدا ،لێکۆڵینەوەی زانستی سەربەخۆ، سەبارەت بە یاسا دەنگییەکانی شیوەزاری خانەقین نەکراوە .

٢- دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، و کرانەوەی ناوچەی خانەقین بەڕووی بەشەکانی تری کوردستاندا ، لێکۆڵینەوەی زانستیی تایبەت بەم شێوەزارە، بووە بە یەکێك لە پێویستییە گرنگەکانی بواری زمانەوانی کوردی، بەمەبەستی ئاشنابوون و گەشەپێدانی زیاتر بەم شێوەزارە .

٣- ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ دەستنیشانکردنی لێکچوون و جیاوازی ئەم شێوەزارە لەگەڵ شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی بەگشتی و زاری ناوەڕاست بەتایبەتی، لەڕووی یاسا فۆنۆلۆجییەکانەوە، هەروەها ڕێگەخۆشکەرێکیش دەبێت، بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی فراوانتر لەم شێوەزارە .

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری بۆ توێژینەوە لە ئێستای شێوەزارەکە پەیڕەو کراوە، و هەوڵدراوە تاڕادەیەك کەرەسەو نموونەکان، بەشێوەیەکی زانستی و بابەتیانە شیبکرێنەوە، بەڵام هەندێ جار و لە هەندێ شوێندا، لێکۆڵینەوەکە وای خواستووە پەنا ببرێتە بەر ڕێبازی بەرامبەری .

## کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە

کەرەسەو نموونەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بریتین لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی ئێستای شێوەزاری خانەقین، چونکە ئەم ڕێگەیە زیاتر وردەکارییە دەنگییە شاراوەکانی ئەم شێوەزارە دەخاتە ڕوو .

## گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە :

گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە لەم چەند خاڵەدا دەخەینە ڕوو .

١- نەبوون یان کەمی سەرچاوەی پێویست و تایبەت بەم شێوەزارە .

٢- هەندێك لەو گرفتانە پەیوەندییان بە لایەنی دیاریکردن و ڕێکخستنی یاسادەنگییەکانەوە هەبوو، بەڵام تاڕادەیەك توانیمانە چارەسەریان بکەین .

٣- لایەنێکی تری گرفتی لێکۆڵینەوەکەمان، پەیوەندی بە خودی شێوەزارەکەوە هەبوو، بەتایبەت لەکاتی ئاخاوتنی قسەپیکەرانی بەشێوەیەکی جیاواز لە دركاندنی نموونەکاندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی ئەم شێوەزارە، کە موتوربەکراوی چەند شێوەزارێکی تری زمانی کوردییە .

## ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لیکۆڵینەوەیە لە پێشەکی وسێ بەش و ئەنجامەکان پێکهاتووە .

### بەشی یەکەم

وەك سەرەتایەك بۆ چوونە سەرباسی شێوەزاری خانەقین، لەڕووی پێکهاتە و سنووری جوگرافی و هۆکارەکانی دروست بوونی شێوەزارەکە، بەشی یەکەممان بۆ دیالێکتۆلۆجی و سنووری جوگرافیی شێوەزاری خانەقین تەرخانکردووە، تێیدا باس لە چەمکی دیالێکتۆلۆجی و زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و بەشەکانی ئەم زانستە و هۆکارەکانی پەیدابوونی زار و شێوەزار و جۆرەکانیان لەزماندا کراوە.

### بەشی دووەم

لەم بەشەدا تیشك خراوەتە سەر ئاستەکانی زمان، بەتایبەتی ئاستی دەنگسازی ( فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی) ، جۆرەکانی فۆنەتیك کەخۆی لە فۆنەتیکی ( درکاندن ، بیستن ، فیزیکی ، پراکتیکی)دا دەبینێتەوە، هەروەها ئەندامانی ئاخاوتن و ڕۆڵیان لە درکاندنی دەنگەکاندا خراوەتە ڕوو، هەروەها تیشك خراوەتە سەر فۆنۆلۆجی و ئەرکەکانی و، پاشان باس لە فۆنێم و فۆن و ئەلۆفۆن و سنووری نێوانیان کراوە و ئاماژە بە سیستەمی فۆنێمی کراوە و فۆنێمەکانی شێوەزاری خانەقین خراونەتە ڕوو، دواتریش بەکورتی تیشك خراوەتە سەر فۆنێمە ناکەرتییەکان .

### بەشی سێیەم

لەم بەشەدا باس لە گۆڕانە دەنگییەکان لە زماندا کراوە، لەگەڵ ئەو گۆڕانانەی کە لەم شێوەزارەدا ڕوو دەدەن، کە خۆی لەچەند دیاردەیەکی گۆڕانی جیاوازی، وەك : ( پەیدابوون ، لەناوچوون ، لەیەکچوون ، جێگۆڕکێ ، جێگرتنەوە ، گونجان و نەگونجان)ی دەنگ و هۆکار و جۆرەکانی ئەم دیاردانەدا دەبینێتەوە . ئەم گۆڕانانەش بەجیا لە هەریەکە لە کۆنسنانت و ڤاوڵەکاندا باسیان لێوەکراوە .

لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوە ڕوو .

# سوپاس و پێزانین

سوپاسی بێ سنوور بۆ خوای گەورەو میهرەبان لە هەموو کاتێکدا .

سوپاس و پێزانینم بۆ :

- سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە / ڕاگرایەتی فاکەڵتیی پەروەردە / بەشی زمانی کوردی ، کە هەلی خوێندنیان بۆ ڕەخساندم .
- مامۆستای سەرپەرشتم ( پ.د. فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی )، کە بەو پەڕی دڵسۆزی و پەرۆشییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەمی گرتە ئەستۆ .
- ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە لە کۆرسەکانی خوێندنی باڵا وانەیان پێ وتووم ، بەرێزان ( پ.د. وریا عومەر ئەمین ، پ.د. بەکر عومەر عەلی ، پ.ی.د. عومەر مەحموود کەریم) .
- بەڕێز ( د. دارا حەمید محەمەد) کە هەمیشە هاندەر و هاوکارم بووە .
- بەڕێزان ( د. جەلال سەعدوڵلا ، د. ئومێد بەرزان ، د. تەحسین قادر ، د. سەعد عەبدوڵلا ، م. دڵشاد محەمەد ، م. ئاسۆ وەهاب ، م. نەجم باجەڵان ) کە بە سەرنج و تێبینییەکانیان و دابینکردنی سەرچاوە هاوکارییان کردووم.
- بەڕێزان ( م. برایم باجەڵان و کاك حەسەن هەیاس) کە لەبەدەستخستنی کەرەسەکانی شێوەزاری خانەقین و سنورە جوگرافییەکەیدا یارمەتیدەرم بوون .

پوختەی باسەکە

ئـەم باسـە هـەوڵێکی زانستییە بـۆ ئاشـنابوون بـە ئاسـتێك لـە ئاسـتەکانی زمـانی کـوردی / شێوەزاری خانەقین، ئەویش ئاستی دەنگسازییە، کە لەژێر ناونیشـانی ( یاسـا فۆنۆلۆجییـەکان لـە شێوەزاری خانەقیندا) یە، لەم باسەدا ڕێبازی وەسفیی شیکاریی ئێستای زمانەکە پەیڕەو کراوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ بەش و پێشەکی و ئەنجامەکان پێکهاتووە .

لـە بەشـی یەکەمـدا بـەکورتی تیشـك خراوەتـە سـەر مێـژووی سـەرهەڵدان و لـەدایکبوونی شێوەزاری خانەقین، بە خستنە ڕووی هۆکارەکانی پەیدابوونی ئەم شێوەزارە، دواتـر ئامـاژە بـە پێکهاتـەی ئـەم شێوەزارە کراوە، کـەخۆی لـە تێکـەڵبوون و موتوربـەکردنی چەنـد شـێوەزارێکی تری زمانی کوردیدا دەبینێتەوە، و دواتر نەخشەی جوگرافیی شێوەزارەکە خراوەتە ڕوو .

لە بەشی دووەمدا ئاماژە بە ئاستی دەنگسازی زمـانی کـوردی ( فۆنـەتیك و فۆنۆلـۆجی) کـراوە، و ئـەرکی ئەندامـەکانی ئاخـاوتن لـە درکانـدنی دەنگەکانـدا، و ئەرکـەکانی فۆنۆلـۆجی خراونەتـە ڕوو ، پاشان لە ڕوانگەی سیستەمی فۆنێمیەوە لەڕێگەی جووتە وشەوە فۆنێمـەکانی شێوەزاری خانەقین دیاری کراوە .

لەبەشـی سـێیەمدا تیشـك خراوەتـە سـەر یاسـا فۆنۆلۆجییـەکانی شـێوەزاری خانـەقین و ئـەو گۆڕانــە دەنگییانــەی کەلــەم شــێوەزارەدا ڕوو دەدەن کــە خــۆی لــە چەنــد دیاردەیــەکی وەك ( پەیدابوون ، لەناوچوون، لەیەکچوون ، جێگۆڕکێ ، جیگرتن ، گونجان و نەگونجان )ی دەنگدا دەبینێتەوە، دەرکەوتنی ئەم دیاردانە لەسەر هەریەکە لە (کونسنانت ، ڤاوڵ)ەکان خراوەتە ڕوو.

لەکۆتایشـدا ئـەو ئەنجامانـەی ، کـە لەمیانـەی ئـەم لێکۆڵینەوەیـەوە پیـی گەیشـتووین ، بەچەنـد خاڵێك خراونەتە ڕوو

جمهورية العراق الفيدرالي
حكومة اقليم كوردستان
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة كويه

# القوانين الفونولوجية في لهجة خانقين

رسالة مقدمة إلى مجلس فكلتي التربية في جامعة كويه، كجزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في اللغة الكردية.


من قبل:

**سـلام رحـيم رشـيد**

حـصل علي شـهـادة البكـالـوريوس في (اللغة الكردية)
سنة (٢٠٠٩) في (كلية الاداب / خانقين ـ جامعة السليمانية


بإشراف:

**أ. د. فريدون عبدول محمد**

ايلول ٢٠١٢

# خلاصة البحث

تعنى هذه الرسالة الموسومة بـ( القوانين الفونولوجية في لهجة خانقين ) بدارسة الأنظمة والخصائص الصوتية للهجة من اللهجات الكردية وهي لهجة خانقين ، وتمت الدراسة في ضوء المنهج الوصفي التحليلي ، وتكمن أهمية هذه الرسالة في انها أول دراسة مخصصة للنظام الصوتي للهجة خانقين ، وأنعقدت الدراسة في ثلاثة فصول تسبقها مقدمة .

تناول الفصل الاول نشأة لهجة خانقين والاسباب التي ادت الى ظهورها ثم عرض مكونات هذه اللهجة والتي أنبثقت بدورها عن لهجات سابقة لها مثل : ( الكلهرية ، و اللرية ، و الهورامانية ، و السليمانية و الگرميانية) ، والتوزيع الجغرافي لها .

ودرس الفصل الثاني المستوى الصوتي للغة الكردية ( فونتيك و فونولوجيا ) ، و وظيفة أعضاء النطق في أنتاج الأصوات ، فضلا عن أظهار وظائف النظام الصوتي ، ثم بين فونيمات لهجة خانقين على أساس تجانس اللفظين .

أما في الفصل الثالث فقد تناول القوانين الفونولوجية في لهجة خانقين ، والتغيرات الصوتية التي تحدث فيها ، والتي أتخذت أشكالًا عدة وهي : ( الظهور ، الأندثار ، المماثلة ، القلب ، الأبدال ، التوافق و التناقض ) ، وذالك على مستوى الأصوات الصامتة والصائتة .

وفي الخاتمة عرض الباحث أهم نتائج الدراسة التى توصل اليها .

# بەشی یەکەم

## (١/١) چەمکی دیالێکتۆلۆجی

دیالێکتۆلۆجی، یان (زانستی زارەکان ) لقێکە لە زانستی زمان، توێژینەوەیە لە جیاوازی زارەکان لە ڕووی هەرێمایەتی و بەکارهێناندا، توێژینەوەکانی دیالێکتۆلۆجی جەخت لەسەر وشە جیاوازەکانی دیالێکتەکان دەکەنەوە کە بۆ هەمان مەبەست بەکاردێن[١], یان ئەو زانستەیە کە بایەخ بە لێکۆڵینەوە لە جیاوازییە زارەکان لە ئاستەکانی دەربڕین و ڕێزمان و یەکە زمانییەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دەدات، گرنگی بە دیراسەکردنی زمانەوانی زارێکی دیاری کراو دەدات، بۆیە توێژینەوە لە بارەی یەکە زمانییەکانەوە دەکات و بایەخ بە دەربڕینی جیاوازی ئەو یەکە زمانییانە لە زارە جیاوازەکاندا دەدات[٢]. هەروەها ئەم زانستە لێکۆڵینەوە لە لایەنە جیاوازەکانی زمان لە ڕووی دابەشبوونی جوگرافی و لایەنی کۆمەڵایەتییەوە دەکات[٣]، یاخود لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییە لە دیالێکتەکان و هۆکارەکانی پەیدابوونیان دەخاتە ڕوو، بە دەربڕینێکی تر، لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە لە زمانە هەرێمییە جیاوازەکان. ئەم زانستە هەمیشە گرنگی بەو وشە جیاوازانە دەدات کە لە دیالێکتە جیاوازەکاندا، بۆ هەمان مەبەست بەکار دەهێنرێن، یان دەربڕینە جیاوازەکانی هەمان وشە لەگەڵ جیاوازی ڕێزمانی لە نێوان دیالێکتەکاندا. دیالێکتۆلۆجی ((ئەو زانستەیە کە بایەخ بەو دیاردەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی سەرهەڵدان و پەیدابوونی دیالێکت(زار= لەهجە) دەدات . یان ئەو هۆکارانەی وادەکەن زمانێك بۆ چەند زارێك دابەش بێت، کە هەریەکێك لەو زارانە بە گۆڕانی شوێن و ناوچەو قسەپێکەرانی دەگۆڕێن))[٤], کەواتە دیالێکتۆلۆجی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی دیالێکتەکانی زمانە لەڕووی جیاوازیی ناوچەیی یا هەرێمییەوە جەخت دەکاتەوە لەسەر تێگەیشتن لە دیالێکتەکاندا.

لە فەرهەنگی (Oxford) دا بەم شێوەیە هاتووە ((دیالێکتۆلۆجی لقێکە لە زانستی زمان و پەیوەستە بە لێکۆلینەوە لەسەر دیالێکت))[٥].

پسپۆڕانی بواری زمانەوانی کۆکن لەسەر ئەوەی دیالێکتۆلۆجی بەشێکە لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی Social Linguistics . زانستی زمانی کۆمەڵایەتیش لقێکە لە زمانەوانی کارەکی ، لە گیرو گرفتی دیالێکتە جوگرافییەکان و دیالێکتە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەریی نێوان زمان و کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە، واتە لێکۆڵینەوەی زمانە لەو لایەنانەی کە پەیوەندیی بە هۆکارە

---

[١]- Richard et al (١٩٩٢ : ١٠٧)
[٢]- سامی عیاد حنا و آخرون (١٩٩٧ : ٣٨) .
[٣] -عەبدولواحد موشیر دزەیی (٢٠١١ : ٢٧)
[٤] -بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین (٢٠٠٦ : ٧) .
[٥]- Oxford (٢٠١١ : ١٠٤ )

کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە وەك چینەکانی کۆمەڵگا ، ئاستی فێرکردن ، تەمەن ، ڕەگەز[١] . ((لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم لقێکی زمانناسی بەناوی لەهجەناسی dialectology پەیدابوو بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە لەهجەو کۆکردنەوەی لەهجە محەلییەکان بەتایبەت هی گوندەکان)) [٢]. لەم ڕوانگەیەوەو بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی نێوان دیالێکتۆلۆجی و کۆزمانەوانی بەپێویستی دەزانین بەکورتی تیشکێك بخەینە سەر زانستی زمانی کۆمەڵایەتی.

**(٢/١) زانستی زمانی کۆمەڵایەتی**

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی ئەو زانستەیە لە پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە[٣] و هەوڵ دەدات ، پەیوەندیی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی و شوێنەواری ئەم ژیانە کۆمەڵایەتییە لە دیاردە زمانییە جۆراو جۆرەکاندا بخاتە ڕوو. یان زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لە چۆنێتی بەکارهێنانی زمان و کاریگەریی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان،لەسەرزمان دەکۆڵێتەوە ، هەروەها بریتییە لە دیراسەکردنی زمان لەسەر بنەمای فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان[٤] .

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، زمان، بەکۆمەڵە شێوازێکی جیاجیا دادەنێت هەوڵ دەدات ئەرکی کۆمەڵایەتی تایبەتی شێوازەکان بدۆزێتەوە و دانە دانە دەستنیشانیان بکات و نیشانەی تەمەن و ڕەگەز و چین و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری خەڵك لەو شێوازانەدا دیاری بکات، بەڵام مافی بەسەر دیاریکردنی شێوازی دروست و ڕەتکردنەوەی شێوازی نادروستەوە نییە، بەواتایەکی تر زانستی زمانی کۆمەڵایەتی شێوازەکان دەستنیشان دەکات و ئاماژە بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیان دەکات بێئەوەی نرخی جوانیان دیاری بکات[٥] . ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی کە تایبەتن بەو گۆڕانە زمانییانەی کە کۆمەڵێك بەکاری دەهێنن و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەچنە ناو ئەو جۆرە توێژینەوانەی کە بە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی دەناسرێن.[٦] دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە زمان و کۆمەڵ پەیوەندییەکی پتەو، وابەستەیان دەکات و تەواوکەری یەکترن .

---

[١]- یوسف شەریف سەعید (٢٠١١ : ٢٠) .
[٢]- سوداد ڕەسول (٢٠١٢ : ٩ ، ١٠) .
[٣]- هدسن (١٩٨٧ :١٦) .
[٤]- یوسف شەریف سەعید (٢٠١١ : ٢٠) .
[٥]- محمد معروف فتاح (٢٠١٠ :١٦٢) .
[٦]- یوسف شەریف سەعید (٢٠١١ : ٢١) .

فندریس دەڵێت :(( زمان لە ئامێزی کۆمەڵگەوە دروست بووە ))[١], کەواتە زمان بەبێ کۆمەڵگە دروست نابێ هیچ کۆمەڵگایەکی بێ زمانیش نییە. لەمەوە دەردەکەوێت کە زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییەو کۆڵەکەی کردەی پەیوەندیکردنە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا لەبەر ئەوەیە کە زمان پەیوەندییەکی پتەوی بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە و وەك بەشێك لە توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەخوێندرێت. زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لەئەنجامی پەیوەندی نێوان (کۆمەڵناسی و زانستی زمان) هاتۆتە کایەوە . سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم زانستەش بۆ ساڵەکانی(٢٠ و ٣٠)ی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە کە لە کارەکانی (ماڵینۆفسکی و فێرس)دا سەری هەڵدا. مەبەستی سەرەکیش لەم کارەی زمانەوانەکان تەسککردنەوەی سنووری زمانەوانی بوو تا وەك پێڕەوێکی داخراو لە زمان بکۆڵنەوە ، واتە تەنها لە ڕۆنانی ناوەوەی زمان بکۆڵنەوە[٢]. ((زانستەکان لەجیهاندا پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، هەرچەندە هەر زانستەش بەتەنیا سەربەخۆیی خۆی هەیە بەڵام زۆرجار ڕێك دەکەوێت لە ئەنجامی لێکدانی دوو زانستدا لقێکی زانستی نوێ سەر هەڵئەدات وەك چۆن لێکدانی کۆمەڵناسی و زمانەوانی لقێکی زانستی نوێ سەری هەڵداوە، بەناوی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی))[٣]یەوە .

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، لەهەموو لایەنەکانی پەیوەندیدار بە زمان و کۆمەڵ دەدوێ. وەك: ڕۆل و پێگەی زمان لەژیانی کۆمەڵگادا، ئەو گۆڕانانەی بەسەر زماندا دێت لە ئەنجامی گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی خەڵکی، سەرنج و هەستی خەڵك بەرامبەر بە زمانەکەی خۆیان و زمانەکانی تر لە ڕووی دەربڕینی زاراوە و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی قسەپێکەرانی زمانەکەی خۆیان و زمانەکانی تر.

فێرس دەڵێت : ((ژیانی مرۆڤ پێویستی بە دەوری جۆربەجۆرە، هەریەك لەم دەورانەش پێویستی بە شێوازی جۆراوجۆر هەیە کەواتە ئیشی ئێمە ئەوەیە لەو شێوازە جیاجیایانە بکۆڵینەوە))[٤] . زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، گرنگی بەچەندین بابەتی تر دەدات، وەك زارەکان و لێکۆڵینەوە لە زمان و کاریگەریی ڕەگەز تیایدا، هەروەها لە وشەی قەدەغەکراوی کۆمەڵایەتی واتە وشە تابۆکان[٥]و بایەخدان بە پێشینەو کەلتورو داب و نەریت، لەم ڕوانگەیەشەوە ماڵینۆفسکی دەڵێت : (( بەپشتگوێ خستنی پێشینە و کەلتور و ڕەنگدانەوەیان لە

---

١- حاتم صالح الضامن (١٩٨٩ :٣٦) .
٢- محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠ : ١٣٦) .
٣- بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٦ : ٢٨) .
٤- هەمان سەرچاوە (ل ٣٢ ) .
٥- حاتم صالح الضامن (١٩٨٩ : ٣٩) .

زماندا، ناکرێت لە زمان بکۆڵینەوە))[1]، زمان تاکە هۆکاری پەروەردە و فێرکردنە، بەبێ زمان هیچ پەیوەندییەك لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە دروست نابێ، بەبێ پەیوەندیش پەروەردە دروست نابێ و بەبێ پەروەردەش کەلتور و دابونەریت بە نەوەکانی داهاتوو ناگات ، هەرلەبەر ئەوەیە ئەگەر زمان لە گۆمەڵگای مرۆڤایەتی جیابکرێتەوە، ئەوا کۆمەڵگا لە جوڵە دەوەستێ[2]، کەواتە ڕەگی زمان بۆناو پێکهاتەو بینای کۆمەڵایەتی شۆڕدەبێتەوە بە هەموو شێوەکانییەوە زمان لە کەڵچەرو داب و نەریت جیا ناکرێتەوە و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵەوە، ئەمەش بەئاشکرا لە شێوازەکانی گفتوگۆ و ئاخاوتندا کە مرۆڤ لە هەڵوێستە جیاوزەکانیدا بەکاریان دەهێنێت ڕەنگدەداتەوە.

**(١-٢/١) بەشەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی**

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی بەپێی ئەو بابەتانەی کە لەخۆی دەگرێ ، دەکرێتە سێ بەشەوە.

١- زانستی زمانی کۆمەڵایەتی کاتی : ئەم جۆرەیان لە هەوڵی ئەوەدایە کە پێشبینی ئەوە بکات کە لە کۆمەڵگایەکی تاکە زمانیدا کام شێواز ئاسایی و بڵاوە و پەسەندە ، هەروەها لە کۆمەڵگای فرەزمانیشدا مەبەستێتی بزانێت کام زمان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە باش و پەسەندە و بڵاوەو ئەرکی زۆرە و کام زمان ناپەسەندە ، بەشێوەیەکی گشتی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی کاتی دەیەوێ وەڵامی پرسیارێکی سەرەکی بداتەوە ، کێ لە کەیدا لەکوێ و بۆچی مەبەستێ زارێ یان زمانێکی دیاری کراو بە کار دێنین[3] ؟.

٢-(( زانستی زمانی کۆمەڵایەتی مێژوویی یا داینەمیکی، هەوڵدەدات ئەو هۆکارانە دیاری بکات، کە دەبنە هۆی گۆڕانی هەست و ڕووکار بەرامبەر زمان یا زار، بە تێپەڕبوونی کات دەیەوێ تیمانبگەیەنێ کە دوو کۆمەڵگەی لەیەك چوو زۆر جار پاش ماوەیەك دوو ڕووکاری جیاواز بەرامبەر زمان پەیدادەکەن.

٣- زانستی زمانی کۆمەڵایەتی کارەکی : هەوڵی ئەوە دەدات نەخشە بۆ چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی کارەکی دابنێت))[4]،چ لە فێرکردنی زمان و چ لە وتنەوەی زمان، و باشترین ڕێگەمان بخاتە بەردەست.

---

[1]- بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٦ : ٣٣) .
[2]- محمد رضا باطنی ( ١٩٩٦ : ١٥) .
[3]- محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠ : ١٤٠) .
[4] - هەمان سەرچاوە (ل :١٤١) .

## (٣/١) زمان و زار

مەبەستمان لە زمان، زمانی گشتییە کە هەموو ئەو زارو شێوەزارانە دەگرێتە خۆی کە لە زمانێکی تایبەتدا بەدی دەکرێن و قسەپێکەرانی زمانێك قسەی پێدەکەن.[١] زمان بۆخۆی گرنگترین و سەرەکیترین هۆکاری پەیوەندییە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا، هۆکارێکی سەرەکی جیاکردنەوەی مرۆڤە لە زیندەوەرانی تر . گومانی تێدانییە کە ئەرکی سەرەکی زمان بریتییە لە دەربڕینی هەست و سۆزو گواستنەوەی بیر و زانیاری لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر ،[٢] زمان هۆیەکی ناغەریزەییە تایبەتە بە مرۆڤ بە مەبەستی دەربڕینی هەست و ئارەزو بەکاردێت[٣]. هەروەك هنری سویت دەڵێت : ((زمان هۆکاری گوزارشت و دەربڕینی بیرە لە ڕێگەی دەنگەوە و کەلەوشەدا خۆی دەبینێتەوە))[٤], هەموو زمانێکیش کۆمەڵێ لقی لێ دەبێتەوە بەو لقە جیاوازانەش دەگوترێت زار یا دیالێکت. زاریش لە خۆیدا بریتییە لە شێوە جیاوازەکانی ئاخاوتن لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر, ئەم جیاوازییەش لەسەرەتاوە بەجیاوازی لە دەربڕینی دەنگەکان و وشەکان دەست پێدەکات و لەگەڵ بڵاو بوونەوە و فراوانبوونی سنوری بەکارهێنانی زمانەکەدا گەشە دەکات[٥]. لە فەرهەنگی (Collins) دا هاتووە ((زار شێوەیەکە لە زمان لە لایەن گروپێکی تایبەت لە خەڵکەوە قسەی پێدەکرێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەیەك شوێنی جوگرافیدا دەژین . زار دەربڕینی جیاوازی هەیە بەتایبەتی لە ڕوی وشەو ڕێزمانەوە))[٦] ئەوەی جێگەی سەرنجە بۆئەوەی بتوانین زارێك دەستنیشان بکەین، پێویستە لەسەرەتادا بزانین ئەو زارە سەر بە کام زمانە؟ چ جۆرە پەیوەندییەکی کەلتوری و نەتەوەیی لەگەڵ زمانە سەرەکیەکەدا بەیەکیانەوە دەبەستێت؟ .ئنسایکلۆپیدیای زمانناسی کەمبرج بەم شێوەیە پێناسەی زار دەکات : ((زمان لە کۆمەڵە زارێك پێکهاتووە ، هیچ زمانێکیش بەبێ زار نییە . زار شێوە ئاخاوتنێکی سەر بە زمانێکە کە ئەو زمانە لەلایەن کۆمەڵێك خەڵکەوە قسەی پێدەکرێت، زار کۆمەڵێ ڕەفتاری زمانی و مەعریفەیی هاوبەشی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکەدا هەیە . بۆ دیاریکردنی زار دەبێ لە پێشدا ئەو زمانە دیاری بکەین کە ئەو زارە ئینتمای بۆی هەیە))[٧] پەیوەندی نێوان زار و زمانیش , پەیوەندییەکی توندو تۆڵە، پەیوەندیی بەشە بە گشتەوە، پەیوەندییەکی تەواوکارییە، چونکە تا زمان نەبێت زار دروست نابێت، زمانیش بەبێ زار نییە، هیچ زمانێکی چەقبەستووی

---

[١]- ڕێژنە مەعروف حسێن (٢٠١٠ : ١٠) .
[٢]- حاتم صالح الضامن (٩٨٩ : ١٣٢) .
[٣]- محمد مەعروف فەتاح (٢١١ : ١١) .
[٤]- حاتم صالح الضامن (٩٨٩ : ١٣٢) .
[٥]- ڕێژنە مەعروف حوسێن (٢٠١٠ : ١١) .
[٦]- Sinclair , J . (١٩٩٠ : ٣٨٨ )
[٧]- سوداد رەسول (٢٠١٢: ١٥) .

بەبێ گۆڕانکاری بەدی ناکرێت، هەموو زمانەکانی جیهانیش زارو شێوەزاری جیاجیا دەگرنە خۆیان. زمان و زار لەڕووی زانستی زمانەوە جیاوازییەکی هێند گەورە لە نێوانیاندا نییە، چونکە هەر زارێك لە ڕێگەی پرۆسەی پێنووسین و داڕشتنی ڕێزمانەکەی و دانانی فەرهەنگی تایبەتەوە دەتوانێت لە ئەنجامدا ببێتە زمان[1]، دەکرێت جیاوازی نێوانیان لەم چەند خاڵە روونبکەینەوە .

١- زمان گشتییە و لە ڕووی قەبارەوە سنورێکی جوگرافیای فراوان دەگرێتەوە، بەڵام زار تایبەتییەو قەبارەیەکی بچووکتر و سنوورێکی جوگرافیای بچوکتر دەگرێتەوە[2].

٢- وەکو ئاشکرایە زمان بەپێی ڕەگەزی ئەندامانی کۆمەڵ ناگۆڕێت بە بەراورد لەگەڵ زار،چونکە زار هەم بەپێی ڕەگەز و هەم بەپێی جوگرافیا وهەم بەپێی دابەشبوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت.

٣- زمان لە ڕووی پێکهاتەوە کۆی هەموو ئەو جیاوازییانە دەگرێتەوە کە لە نێوان زارەکانی ئەو زمانەدا هەن، بەڵام زار لەسەر بنەمای ئەو جیاوازیانە دروست دەبێت.

٤- ((بەشێوەیەکی گشتی زمان دابەش دەکرێت بەسەر چەند جۆرێکدا ( زمانی نوسین ، زمانی ئاخاوتن ، زمانی شیعر) ، لەڕاستیدا ئەم جۆرە دابەشکردنە لە زاردا بەدی ناکرێت))[3].

**(١-٣/١) هۆکارەکانی پەیدابوونی زار لە زماندا**

زار بەپێی زانستی نوێی زمان، کۆمەڵێ تایبەتمەندی زمانییە کە بە ژینگەیەکی جوگرافی تایبەتەوە پەیوەستە، هەموو ئەندامانی ئەو ژینگەیە بەشدارن لەو تایبەتمەندییانەدا[4]. زمانیش بەردەوام لە گۆڕاندایە، هەرچەندە ئەم گۆڕانە لەسەرخۆیە و قسەکەرانی زمانەکە هەستی پێناکەن ، بەڵام ئەم گۆڕانە لە دوای چەند نەوەیەك بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، هەندێ جار گۆڕان لەزماندا بەهۆی هەندێ بارو دۆخی تایبەتەوە زیاتر پەل دەهاوێ تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی لە زمانێکدا چەند زارێك دروست دەبێ، زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهانیش چەندین زار و شێوە زاریان هەیە، زۆربوونی زاریش هیچ کات لە بایەخی زمانەکە کەم ناکاتەوە، بەڵکو دیاردەیەکی ئاساییە کە هەر زمانێك لە کۆمەڵی زار پیکهاتبێ[5]، هەروەك چۆن زمانەکانی جیهان لە ژمارەی زارەکانیاندا وەك یەك نین، لەبەر ئەوەی هەر زمانە و خەسڵەت و بارودۆخی

[1]- ڕەفیق سابیر (٢٠٠٨ : ١٧) .
[2]- هدسن (١٩٨٧ : ٦٢) .
[3]- بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٦ : ١٤) .
[4]- حاتم صالح الضامن (١٩٩٠ : ٤٥) .
[5] - قیس کاکل (٢٠٠٧ : ٦٨) .

تایبەتی هەیە، بەهەمان شێوە لەهۆکارەکانی پەیدابوون و دابەشبوونی زارەکانیشدا وەکو یەك نین، واتە هۆکارەکانی پەیدابوونی زاریش لە زماندا وەکو یەك نین و لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بە پێی تایبەتمەندیی ئەو زمانە تاڕادەیەك جیاوازە[١], بە پێویستی دەزانین لەم پارەدا بەکورتی هۆکارەکانی پەیدا بوونی زار لە زماندا بەم چەند خاڵە بخەینە ڕوو.

١- هۆکاری کۆمەڵایەتی :

کۆمەڵگای مرۆڤ بەهەموو چینە جیاوازەکانییەوە کاریگەریان لەسە دروستبوونی زار دەبێت[٢]، هۆکاری کۆمەڵایەتیش پەیوەندی بە خوو ڕەوشت و داب و نەریتی کۆمەڵگەو دابەشبوونی چینە کۆمەڵایەتییەکانیەوە هەیە، هەروەها پەیوەندی بە جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و بیرکردنەوەی چینەکانی کۆمەڵگاوە هەیە[٣].

٢- هۆکاری جوگرافی :

جیاوازی ئاوو هەواو سروشتی وڵات و ژینگە وادەکات لە سنوری زمانێکدا زاری جیاواز دروست بێت[٤].

بۆنموونە : زاری (گۆران) لەزمانی کوردیدا بەهۆی سروشت و ژینگە و هەڵکەوتەی جوگرافی شوێنەکەیەوە جیا بۆتەوە لە زمانی کوردی.

٣- هۆکاری ڕامیاری :

بێگومان لایەنی ڕامیاری یەکێکە لە هۆکارەکانی پەیدابوونی زار لەزماندا و ڕۆڵی سەرەکی هەیە، ئەگەر زمانی کوردی بە نموونە وەربگرین بۆمان دەردەکەوێت کوردستان بە درێژایی مێژووی, یەکڕیزی و یەکگرتنی سیاسی بەخۆیەوە نەبینیوە کە هەموو ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە، بێگومان پەرتەوازەیی و پچڕ پچڕیش فاکتەرێك بووە بۆ ئەوەی لە لایەکەوە زمانێکی یەکگرتووی نەبێت و لە لایەکی تریشەوە زارەکانی ڕوو لە زیادبوون بکات[٥]. دروستبوونی زار بەهۆکاری سیاسی لە دوو لایەنەوە سەرچاوە دەگرێت:

((أ- ئەوەیە کە میللەتێك خاوەنی حکومەتێکی ناوەندی (مرکزی) نەبێت

---

[١]- بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٦ : ٢٠) .

[٢]- حاتم صالح الضامن (١٩٩٠ : ٤٦) .

[٣] - نەریمان خۆشناو (٢٠١٢ : ١٠٦) .

[٤]- ڕێژنە مەعروف حوسێن (٢٠١٠ : ١٢) .

[٥]- عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١ : ١٩) .

ب - كه حكومەتی ناوەندی هەیە . بەڵام لەبەر فراوانی سنوری حوكمڕانیەكەی ناتوانێت دەسەڵات بەسەر هەموو ناوچەكاندا بكێشێت ، بۆیە دەسەڵاتی ناوەند لاواز دەبێت و وادەكات هەر شوێنەو یا هەر ناوچەیەك شێوەقسەیەكی تایبەتی هەبێت))[1].

**(٢-٣/١) جۆرەكانی زار**

هەموو زمانە زیندووەكانی جیهان چەندین زارو شێوەزار لە خۆدەگرن، زار بۆی هەیە لەڕوی ڕێزمان و وشەو فۆنەتیك و دەربڕینی دەنگەكان و دروستكردنی ڕستە لە یەكتری جیاواز بن، هەندێ جار بۆی هەیە قسە پێكەرانی زارەكانی زمانێك بە باشی لەیەكتری تێبگەن لەوانەشە هەندێ جار بەئەستەم لەیەكتری بگەن، بوونی ئەم جیاوازییەش لەزاردا نابێتە پێوەر بۆ ئەوەی بە زمانی سەربەخۆ دابنرێت یانیش لەزاری زمانێك داببڕێن[2]‚ چونكە وەك لەبەشی یەكەم، پاری سێیەم باسمان كرد، زار شێوەی جیاوازی ئاخاوتنە لە چوارچێوەی یەك زماندا و لە ڕێگەیەوە قسەپێكەرانی شوێنە جیاوازەكانی تەنها زمانێك لە یەكتری جیادەكرێنەوە .

لەهەموو زمانەكانی جیهاندا‚ لە پاڵ زاری سەرەكی چەند زارێكی تریش بەدی دەكرێت وەك:

١- زاری كۆمەڵایەتی : فاكتەری ئابوری و ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندن و پلەو پایەی كۆمەڵایەتی تاكەكان كاریگەرییان لەسەر زار هەیە، واتە بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری كەسێك لەگەڵ كەسانی تردا جیاوازی ئاخاوتنی لێدەكەوێتەوە [3].

٢- زارە پیشەییەكان :هەر پیشەیەك خاوەنی شێوازی ئاخاوتنی خۆیەتی ، چونكە خاوەنی زاراوەی تایبەت بەخۆیەتی (جوتیار ، كرێكار ، فیتەر ، ئەندازیار ، پزیشك ، مامۆستا ....هتد) هەریەكەشیان كۆمەڵێك وشەو زاراوە بەكاردەهێنن كە تایبەتە بە ئاخاوتنی خۆیان و پیشەی تایبەتی خۆیان[4].

٣- زارە ناوچەییەكان : گومانی تێدانییە كە زارەكان بە پێی ناوچەكان دەگۆڕێن هەر ناوچەیەك لەگەڵ ناوچەیەكی تردا شێوازی ئاخاوتنی جیایە، بەجۆرێك هەندێ وشە و زاراوە لە ناوچەیەكی دیاری كراودا بەكاردێ‚ بەبێ ئەوەی لە ناوچەكانی تر بەكاربێت[5]، واتە بڵاوبوونەوەی خەڵكی لە چوارچێوەیەكی جوگرافی فراواندا هۆكارێكە بۆ دروستبوونی كەلێن لە نێوان زارە جۆراوجۆرەكاندا . هەرچەندە ئەم بڵاو بونەوە و دورییە فراوان بێت ئەوا ژمارەی زارەكان زیاد دەكات، بەهەمان شێوە جیاوازی نێوان

---

[1]- بەكر عومەر عەلی و شێركۆ حەمەئەمین (٢٠٠٦ : ٨) .
[2]- سوداد رەسول (٢٠١٢ : ١٥) .
[3]- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠١٠ :١٧٢) .
[4]- هەمان سەرچاوە .
[5] - سەلام ناوخۆش و ئەوانی تر (٢٠٠٩ : ٧١) .

ئەم زارانە پتر دەبێت، بۆیە هەندێ جار ئەو زارانەی کە لە مەودای شوێنی جوگرافییەوە سەر هەڵدەدەن بە زاری جوگرافی ناودەبرێن.[1]

٤- زاری فەرمی : بەو زارە دەوترێت کە لەڕووی فۆنەتیك و ڕێزمان و ڕێنووسەوە شێوەیەکی گشتی وەردەگرێت و لە هەموو ناوەندەکانی فەرمی و خوێندن و دامودەزگاکانی تردا کاری پێدەکرێت، هەندێ جار بەزاری فەرمی ناودەبرێت[2].

٥- زاری گشتی : پێچەوانەی زاری فەرمییە، ئەو جۆرە زارەیە کەلە سەر شەقام و کۆڵان و گازینۆو چایخانە و شوێنە گشتییەکاندا بەکار دێت، لە بەکارهێناندا شێوەی ڕەمەکی پێوە دیارە.

جگە لەم جۆرە دابەش کردنە لەنێوەندی زمانناسی نوێدا جۆرەکانی زار بەسەر چوار جۆردا دابەشدەکرێن ((زاری ستاندارد ، زاری جوگرافیایی، زاری کۆمەڵایەتی، زار بە پێی ڕەگەز))[3].

**(٤/١) زار و شێوەزار**

شێوەزار(sub-dialect) ئەو وشەو دەربڕینە تایبەتانەیە کە پەیوەستە بە ناوچەیەکی دیاریکراو لە زارێك لە زارەکانی زمانێك ، لەکاتێکدا ئەگەر کەسێك قسەی پێبکات ئەوا ڕاستەوخۆ گوێگری شێوەزارەکانی دی دەزانن قسەکەر خەڵکی کام شوێنە و بەکام شێوەزار دەدوێت.[4] شێوەزاریش سروشتێکی خۆجێیی یا هەرێمی هەیە، لەبەرامبەریشدا زاراوەی زار(dialect)هەیە کە مەبەست لێی شێوەیەکی زمانییە لە زمانی دایکەوە هەڵقوڵاوە و کۆمەڵە خەسڵەتێکی دەنگی و ڕێزمانی تایبەت بەخۆی هەیە . زار تایبەتە بە شارێك یا هەرێمێکی دیاری کراو لە ڕووبەرێکی فراوانتر لە شێوەزار بەکاردێت، کە خاوەنی پاشخانێکی ئەدەبییە و دەکرێت بنووسرێتەوە[5]. پەیوەندیی نێوان شێوە زار و زاریش تاڕادەیەك هەمان پەیوەندیی نێوان زمان و زارە .ئەو پەیوەندییە تەواوکارییە پەیوەندیی بەشە بە گشتەوە ، چونکە تاوەکو زار نەبێت

---

[1]- نەریان عبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٢ : ٩١) .
[2]- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠١٠ : ١٧٢) .
[3]- بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٦ : ٢١) .
[4] -محەمەد مەعروف فەتاح ( ٢٠١٠ : ١٣٧) .
[5] -سامی عیاد حنا و آخرون (١٩٩٧ : ٩٩) .

شێوەزار دروست نابێت، بەچەند شێوەزارێکیش زار پێکدەهێنن. لەتەوەرەکانی پێشودا تاڕادەیەك لە زارو جۆرەکانی دواین بۆیە لێرەدا زیاتر تیشك دەخەینە سەر شێوەزار .
شێوەزار، بەو بەشانەی زارێك دەوترێت، کە زۆر لەیەکترییەوە نزیکن جیاوازییان تەنها لەڕووی دەربڕین و بەکارهێنانی هەندێ وشەی خۆجێتییەوە دەردەکەوێت، یان دابەشبوونی زارێکە بۆ چەند شێوەزارێك لە هەرێمێکی جوگرافیی دیاریکراودا، هەریەکە لەم شێوەزارانە دەربڕینی تایبەت و وشە و زاراوەکانیان مۆرکێکی ناوچەیی پێوەدیارە و تاڕادەیەك جیاوازە لە شێوەزارەکانی تری هەمان زار، ئەم جیاوازیەش زیاتر لە دەربڕیندا دەردەکەوێت نەك نووسین.
هۆکاری جوگرافی، لەدرووستبوونی شێوەزاردا، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، بەهەمان شێوەی درووستبوونی زارەکانی زمان، ئەم ڕۆڵەش لە دوو ڕووەوە بەرچاو دەکەوێت.

١- دووری ناوچەکان لەیەکترییەوە لە ڕوی جوگرافییەوە هۆکار بووە بۆ پەیدابوونی شێوەزاری جیاواز لە یەك زاردا.

٢- دەوروبەری جوگرافی و کارتێکردنی لەسەر ئەو شێوەزارە.
بۆ نموونە : شێوەزارەکانی کرمانجی ناوەڕاست کە بریتین لە (موکری ، سۆرانی ، سلێمانی ، گەرمیانی ، ئەردەڵانی ). دووری نێوان هەرێمەکانی هەریەکە لەو شێوەزارانە لەڕووی جوگرافییەوە هۆکاری سەرەکی بووە بۆ درووستبوونیان ، ئەگەر سەرنج بدەینە شێوەزاری ( موکری) دەبینین کاریگەریی دەوروبەری جوگرافی پێوە دیارە ، چونکە لەدەربڕیندا چەندین وشەو زاراوەی زمانی فارسی بەکار دێنن ، ئەویش بەهۆی هاوسنووری و نزیکی ئەم شێوەزارە لە زمانی فارسییەوە .

جیاوازی لە نێوان زارو شێوەزاریشدا هەیە، بەڵام بەو شێوە قوڵە نییە وەك لە نێوان زمان و زاردا هەیە.
بۆنموونە : زمان بە پێی ڕەگەزی ئەندامانی کۆمەڵگە ناگۆڕێت ، بەڵام زار دەگۆڕێت ، کەچی لە زارو شێوەزاردا ئەم جیاوازییە بەدی ناکرێت، چونکە لە هەردوکیاندا زمان هەم بەپێی ڕەگەزی ئەندامانی کۆمەڵگە و هەم بەپێی باری جوگرافی دەگۆڕێت.
دوای دابەشبوونی زار بۆ شێوەزار، شێوەزاریش بۆی هەیە دابەش بێت تا دەگاتە ئاستی زمانی تاکەکەسی (ئیدیۆلێکت) .

**(١/ ٥) ئیدیۆلێکت و شێوەزار**

ئیدیۆلێکت سیستەمی زمانەوانی تاکە، کە بریتییە لە شێوازی دەربڕین یان نووسینی تاکە کەسێك لەچوارچێوەی سیستەمی زمانێکی دیاریکراودا، بەواتایەکی تر ئیدیۆلێکتیکی تاکێك بریتییە لە شێوازی گفتوگۆکردن و پەیوەند کردنی[١]، یان ئیدیۆلێکت دەربڕینێکی تایبەتە بەکەسێك لەڕووی وشە و ڕێزمانەوە، کاتێ یەکێ قسەدەکات تایبەتمەندی خۆی هەیە پێی دەوترێت ئیدیۆلێکت، یاخود ئیدیۆلێکت شێوەی قسەکردنی تاکە کەسێکە لە سیستەمێکی زمانەوانی تایبەتدا بە زمانی دایك. بەرامبەر بەم زاراوەیەش زاراوەی شێوەزار هەیە کە بەشێوەزارەکانی زارێك دەوترێت کە زۆر لەیکتریەوە نزیکن جیاوازییان تەنها لە دەربڕینی هەندێ وشەی ناوچەییەوەیە بەرامبەر بە شێوەزاریش زاراوەی زار هەیە کە بەمانای سیستەم یا ئاستی زمانەوانی لە لای کۆمەڵێك کە بچوکترە لەو کۆمەڵەی کە بە زمان قسە دەکەن.

کەواتە ئیدیۆلێکت شێوازی دەربڕینی تاکەکەسێکی دیاریکراوە، ئەمەش لە نەریتەکانی قسەکردنی ئەو کەسەو تایبەتمەندییەکانی دەربڕینی دەردەکەوێت کە لە کەسانی تری جیادەکاتەوە کە بەو زاراوە و زمانە قسە دەکەن، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕاڤە دەکات کە چۆن لە کاتی بیستنی دەنگ یان لە کاتی ئاخاوتندا تاکەکان لە یەکتری جیادەکەینەوە[٢].

دەکرێت پەیوەندی نێوان ئیدیۆلێکت و شێوەزارو زارو زمان لەم هێلکارییەدا ڕوونبکەینەوە [٣]




[١]- Richard et al (١٩٩٢ : ١٧٢)
[٢]- سامی عیاد حنا و آخرون (١٩٩٧ : ٩٩) .
[٣] - هەمان سەرچاوە (ل : ٦١) .

**(٦/١) سنوری جوگرافی شێوەزاری خانەقین**

دابەشبوونی زارەکانی زمانی کوردی لە مێژوی زمانەوانی کوردیدا، چ لەلای کورد خۆی و چ لەلای ڕۆژهەڵاتناسە بیانییەکان چەندین ڕاو بۆچوونی بەخۆیەوە بینیوە، کە ناکرێت ئێمە لێرەدا بە دوورو درێژی باسیان لێوەبکەین، بەڵام پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین، کە زۆربەی ئەو توێژینەوانەی لەم بوارەدا ئەنجام دراون گەواهی ئەوە دەدەن، کە یەکەم نووسەری کورد باسی زارەکانی زمانی کوردی کردبێت (شەرەفخانی بەدلیسی)[١] بووە ، ناوبراو یەکەم کەس بووە، زارەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیە دابەشکردووە :

١- کرمانجی .

٢- لوڕی .

٣- کەڵهوڕی .

٤- گۆران .

لەدوای ئەم دابەشکردنە، لەلایەن چەندین نووسەری ترەوە دابەشکردنی تر بۆزارەکان کراوەو هەر نووسەرێك یان گروپێك لە نووسەران دید و بۆچوونی خۆیان هەبووە لە دابەشکردنی زارەکانی زمانی کوردیدا، بۆ نموونە ، لەلای هەندێکیان زاری کرمانجیی خوارووی لەبری زاری کرمانجیی ناوەڕاست هاتووە، پێدەچێت بەکارهێنانی کرمانجیی خواروو لەبری کرمانجیی ناوەڕاست لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە حکومەتەکەی شێخ مەحمود بەناوی (حکومەتی خوارووی کوردستان) ەوە بووە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش کرمانجیی ناوەڕاست بە کرمانجیی خواروو هاتووە، ئەگەر نا زاری کرمانجیی خواروو خۆی بریتییە لە شێوەزارەکانی (لوڕی ڕەسەن ، کەڵهوری ، بەختیاری ، لەکی ، مامەسەنی ، خانەقینی)، بەڵام شێوەزارەکانی کرمانجیی ناوەڕاست بریتین لە (سلێمانی ، گەرمیانی ، سۆرانی ، موکری ، ئەردەڵانی)[٢].

لەناو هەموو ئەو دابەشکردنانەی بۆ زارەکانی زمانی کوردی کراون، بەبۆچوونی ئێمە دابەشکردنەکەی( فواد حەمە خورشید ) کە هەرچەندە لە دیاریکردنی شێوەزارەکانی کرمانجیی خوارووی ناوی شێوەزاری خانەقینی نەهێناوە، بەڵام باشترینیانە و دەکرێ ، لەڕووی زانستییەوە پشتی پێ ببەسترێت . چونکە ناوبراو لە ڕوی جوگرافییەوە زارەکانی زمانی کوردی بەم شێوەی لای خوارەوە دابەشکردووە .

---

[١] - میر شەرەفخانی بدلیسی (٢٠٠٦ : ٢١) .

[٢]- سەلام ناوخۆش (٢٠١٢ : ١٦٣ - ١٦٤) .

١- كرمانجيى باكور (بايەزيدى ، هەكارى ، بۆتانى ، شەمدينانى ، باديناني) .
٢- كرمانجيى ناوەڕاست (موكرى ، سۆرانى ، ئەردەڵانى ، سلێمانى ، گەرميانى) .
٣- كرمانجيى خواروو (لوڕى ڕەسەن ، بەختيارى ، مامەسەنى ، لەكى ، كەڵهوڕى) .
٤- زارى گۆران (گۆرانى ڕەسەن ، هەورامانى ، باجەڵانى ، زازايى)[1] .

لەپاش گەڕان و وردبوونەوەيەكى زۆر بۆمان دەركەوت ، ئەم شێوەزارە واتە شێوەزارى خانەقين كە تاكو ئێستا وەكو پێويست لێى نەكۆڵراوەتەوە، ياخود لێكۆڵينەوەيەكى سەربەخۆ و تايبەت بە سنوورى جوگرافى و پێكهاتەو هۆكارەكانى دروستبوونى ئەنجام نەدراوە ، شێوەزارێكە لەڕووى مێژووييەوە نوێيە و تازە پێكهاتووە بە بەراورد لەگەڵ شێوەزارەكانى ترى زمانى كوردى، ئەمەش بەبەڵگەى ئەوەى ئەم شێوەزارە لە نيوەى يەكەمى سەدەى ڕابردوو بەدواوە گەشەى كردووە، چونكە لە بيستەكان تاكو سييەكانى سەدەى ڕابردوو شتێك نەبووە بەناوى شێوەزارى خانەقينەوە ، بەڵكو خەڵكى ئەم دەڤەرە بە شێوەزارەكانى (كەڵهوڕى ، هەورامى ، لوڕى ، گەرميانى ، سلێمانى ) دواون، واتە ئەم هەرێمە بەهۆى ئەوەى خاوەنى ديمۆگرافيايەكى هەمەلايەن بووە، لە قۆناغەكانى پێشودا خاوەنى شێوەزارى تايبەت بە خۆى نەبووە، كە هەموان پێى بدوێن، بۆيە هەر تيرە و هۆزێك بە شێوەزارى تايبەتى خۆيان قسەيان كردووە، ئەم فرەزارييەش تاكو ساڵانى بيستەكان و سييەكانى سەدەى بيستەم لە خانەقين هەر بەردەوام بووە، واتە هەر ناوچەيەك شێوەزارى خۆى بەكار هێناوە لە قسەكردن و جێبەجێكردنى كارو بارى ڕۆژانەياندا، بەهۆى نزيكى شێوەزارەكان لە يەكترييەوە توانيويانە لە يەكترى بگەن، بەڵام شێوەزارى خانەقين يەكێكە لەشێوەزارەكانى زارى كرمانجى خواروو، سنوورى جوگرافى ئەم زارەش واتە زارى كرمانجى خواروو ، لە هێڵى كرماشانەوە دەستپێدەكات تاكو دەگاتە نزيكى كەنداو[2]، كەبريتييە لە (كرماشان ، قەسرشيرين ، خانەقين ، مەندەلى ، بەدرە ، ئيلام ، دەرەشەهر ، نەهاوەند ) و بەشێك لەهەمەدان كەلە ئێستادا دەكەوێتە دەرەوەى سنوورى نەخشەى كوردستانى گەورەوە . ئەم زارە سنوورێكى جوگرافياى بەرفراوانى داگير كردووە كەزۆربەى دەكەوێتە خاكى ئێرانەوە . سەبارەت بە دەستنيشانكردنى شێوەزارەكانى ئەم زارەش، لەنێوەندى زمانەوانى كورديدا بەچەند شێوەيەك دەستنيشانكراون و باسيان لێوەكراوە، شێوەزارى خانەقينيش يەكێكە لەو شێوەزارانە و بە بەراورد لەگەڵ شێوەزارەكانى ترى ئەم زارە شێوەزارێكى تازەيە و لە نيوەى يەكەمى سەدەى ڕابردوو بەدواوە سەرى هەڵداوەو دەستى كردووە بەگەشە كردن، بەڵام زمانى خوێندنى قوتابخانەكان و

[1] -فواد حمەخورشيد (١٩٨٣ :٢٦) .
[2]- هەمان سەرچاوە (ل : ٣٥) .

فەرمانگەو شوێنە فەرمییەکان زمانی توركی بووە تا دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە (١٩٢١/٨/٢٣). یەکەم قوتابخانەش لەم شارەدا قوتابخانەی (عالیاوە)بووە، کە لەساڵی (١٨٨٧)داو لە سەردەمی سوڵتانی عوسمانی عەبدول حەمیدی دووەم دروستکراوە . لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقیش زمانی فەرمی و خوێندن بووە بە زمانی عەرەبی[1] . لەو قۆناغەدا قسەپێکەرانی شێوەزاری کەڵهوڕی لە ناو شاری خانەقیندا لەهەموو شێوەزارەکانی تر زۆرتر بوونە ، چونکە هەریەکە لە گەڕەکەکانی (کاریز- بان و خوار ، بانمیل ، ئەرکەوازی ، مەڵك شا ) بەو شێوەزارە قسەیان کردووە.[2]

بەم شێوەیە شێوەزاری خانەقین دەبێتە یەکێك لە شێوەزارەکانی کرمانجی خواروو، سنوری جوگرافی ئەم زارەش وەکو لە نەخشەی ژمارە (١) دا هاتووە، بریتییە لە (خانەقین ، قەسرشرین ، سەرپێل ، ئیسلام ئاباد ، کرماشان ، کنگاوەر ، مەندەلی ، ئیلام ، بەدرە ، دەهلەران ، دەرەشەهر ، بروجەرد ) و بەشێك لە هەمەدان کە لە ئێستادا دەکەوێتە دەرەوەی سنوری نەخشەی کوردستان . ئەم زارە واتە کرمانجیی خواروو، سنورێکی جوگرافی بەرفراوانی داگیر کردووە کە زۆربەی دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە .

لەئەنجامی چەند لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و ئەنجامدانی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی بەتەمەن و شارەزایانی ئەم بوارە، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم شێوەزارە واتە شێوەزاری خانەقین موتوربەکراوی ئەم شێوەزارانەیە کە لەم خشتەی خوارەوە ئاماژەی بۆ کراوە، هەروەها چەندین وشەو زاراوەی خواستراوی زمانی عەرەبیش لە خۆدەگرێت، بۆ گەیشتن بەو ئەنجامانە پرسیارمان ئاراستەی هەریەکە لەم بەڕێزانە کردووە کە ناویان لە خشتەکەدا هاتووە و لەقسەپێکەرانی ئەم شێوە زارەن . دوای گفتو گۆ و گۆڕینەوەی بیرو ڕاکان ئەوەیان پشتڕاست کردۆتەوە، کە بەڵێ شێوەزاری خانەقین لەڕووی پێکهاتەوە لەکۆی ئەم شێوەزارانە پێکهاتووە، بەڵام هەریەکە و بەڕێژەیەکی جیاواز وەك لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

[1] -عزیز یاور (٢٠٠٩ : ٣٥ ، ٧٥) .
[2] -ئومێد بەرزان برزو (٢٠٠٩ : ١٠١ ) .

خشتەی ژمارە (١) پێکهاتەی شێوەزاری خانەقین

| ناو | پیشە | تەمەن | کەڵهوری | هەورامی | لوڕی | گەرمیانی و سلێمانی | شێوەزاری خانەقین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| د.فوئاد حوسێن | مامۆستای زانکۆ | ١٩٤٧ | %٤٥ | %٢٠ | %٢٠ | %١٥ | %١٠٠ |
| محەمەد تاهر سلیمان | م.خانەنشین | ١٩٣٢ | %٥٥ | %٢٠ | %١٥ | %١٠ | %١٠٠ |
| د.بەندەر عەلی ئەکبەر | مامۆستای زانکۆ | ١٩٤٨ | %٦٠ | %١٥ | %١٠ | %١٥ | %١٠٠ |
| ئیبراهیم باجەلان | مێژوو نووس | ١٩٤٦ | %٦٠ | %٢٠ | %١٠ | %١٠ | %١٠٠ |
| تارق خەمیس وەلی | م.خانەنشین | ١٩٤١ | %٦٥ | %٥ | %١٠ | %٢٠ | %١٠٠ |
| عبداللە ابراهیم | پسپۆری جوگرافیا | ١٩٥٥ | %٥٥ | %١٥ | %٢٠ | %١٥ | %١٠٠ |
| حەسەن هەیاس | شاعیر و هونەرمەند | ١٩٥٧ | %٤٥ | %١٥ | %٢٥ | %١٥ | %١٠٠ |
| تەلعەت محەمەد نور | م.خانەنشین | ١٩٤٧ | %٥٠ | %١٥ | %٢٠ | %١٥ | %١٠٠ |
| نەجم باجەڵان | نووسەر و ڕۆشنبیر | ١٩٦٢ | %٤٥ | %٢٠ | %٢٠ | %١٥ | %١٠٠ |
| **تێکــــــــڕا** | | | **٥٣** | **١٦** | **١٧** | **١٤** | **%١٠٠** |

کەواتــە دوای ئــەم ڕاپرسـیی و دیراسـەکردنەی ئــەو زانیارییانــەی لای سـەرەوە گەیشـتینە ئـەو دەرئەنجامەی کە شێوەزاری خانەقین لەڕووی پێکهاتەوە موتوربەکراوی ئەم شێوەزارانەی لای سەرەوەیە، جگە لە وەی کە چەندین وشەو زاراوەی لە زمانی عەرەبییەوە خواستووە.

**(١-٦/١) هۆکارەکانی دروستبوونی شێوەزاری خانەقین:**

گەلێك هۆکـار ڕۆڵیـان لـە درووسـتبونی شێوەزاری خانەقیندا بینیوە، گرنگترینیـان بـریتین لە :

١- هۆکاری ئابوری :

ئەو هەلومەرجە ئابووری و بازرگانییەی لە ناوچەی خانەقیندا هاتۆتـە کایـەوە، بەتایبـەت لـە دوای جـەنگی یەکـەمی جیهـانی، فاکتـەرێکی سـەرەکی دروسـتبوونی شێوەزاری خانـەقین بـووە، پێش جەنگی یەکەمی جیهانی بە چەند ساڵێك واتە لە ساڵی ( ١٩٠٤) لـە ناوچـەی (چیـا سورخ) کـە دەکەوێتـە سـنووری ناحیـەی (قورەتـوو)ەوە، نـەوت دۆزراوەتـەوە، جیـاوك (أمتیـاز)ی ئـەم سامانە دراوەتە کۆمپانیای ئینگلیزی و ئێرانی ، چونکە لەو قۆناغەدا بەشێك بووە لە خاکی ئێران ، دواتـر لـە ١٤ ی تشـریتی دووەمـی سـاڵی ١٩١٣ و بـەپێی ڕێکەوتننامـەی (زەهـاو) کـە بـە ڕێکەتننامەی (ڕاستکردنەوەی هێڵی سنوور) یش ناو دەبرێت خراوەتـە سـەر خـاکی عێـراق[١]، لـە

[١] - فەیسەڵ عەلی (٢٠٠٨ : ١٣) .

بەرامبەریشدا (نەفت شاه) کە (٤٥)کم دەکەوێتە باشوری خانەقینەوە خراوەتە سەر خاکی ئێران . لەو کۆمپانیایەدا خەڵکی دەڤەرەکە کە پێکهاتبوون لە قسەپێکەرانی (هەورامی ، لوڕی ، کەڵهوڕی ، گەرمیانی ، سلێمانی) کاریان کردووە و بەردەوام پێکەوە بوون، پاشان لە خاکی عێراق و لە (نەفتخانە) کە هاوسنوری (نەفت شاه)ی ئێرانە یەکەم بیری نەوت لە ساڵی (١٩٢١) دۆزرایەوە، دواتریش لە ساڵەکانی (١٩٢٤ بۆ ١٩٢٥) سەرجەم بیرە نەوتەکانی نەفتخانە تەواو بووە ، بۆیە بیریان لەوە کردۆتەوە پاڵاوگە (مصفی)یەك دروست بکەن، دواتر پاڵاوگەی (ئەڵوەند)یان دروست کردووە کە، لە ساڵی (١٩٢٦ بۆ ١٩٢٧) تەواو بووە، لەدوای دروستکردنی پاڵاوگەی ئەڵوەند ئینجا ئینگلیزەکان هەستان بە دروستکردنی کۆگای (مخزن)ی گەورە بۆ کۆکردنەوەی نەوت و پاشان دوای پاڵاوتنی لە ڕێگەی شەمەندەفەرەوە کە فارگۆنەکانی لە شێوەی بەرمیل دروستکرابوو نەوتی نەفتخانەیان دابەشکردووە بەسەر شارەکانی تری عێراقدا ، چونکە یەکەم پاڵاوگە لە عێراقدا پاڵاوگەی ئەڵوەند بووە . دەبێ ئەوەش بزانین کە پێش دۆزینەوەی نەوت و دروستکردنی پاڵاوگەی ئەڵوەند لە خانەقین هێڵی شەمەندەفەر هەبووە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کرانەوەی ناوچەکە بووە بەڕووی شوێنەکانی تری ئەو کاتەی کوردستان و عێراقدا.

لەم کۆمپانیایە نزیکەی (٢٥٠٠ بۆ ٣٠٠٠) کرێکار و فەرمانبەر کاریان کردووە، بەشی هەرە زۆریان لە ناوچەکانی دەوروبەری خانەقین بوون، جگە لەوەش لە وێستگەکانی شەمەندەفەریش چەندین کرێکاری شوینە جیاوازەکان کاریان کردووە، کە لە قسەپێکەرانی شێوەزارە جیاوازەکانی زمانی کوردی بوون. ئەم تێکەڵاوی و کارکردن و بەردەوام پێکەوە ژیانە، هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ سەرهەڵدان و درووستبونی شێوەزاری خانەقین، هەروەها خانەقین بە هۆی شوێنە جوگرافییەکەیەوە، لەو سەردەمەدا سەنتەرێکی بازرگانی گرنگ بووە، بۆ ساغکردنەوەی کەلوپەلی ئێرانی و عێراقیش لە هەمان کاتدا، ئەو ژمارە بەرچاوەی شوێنەواری (خان و شوێنی بازرگانی/عەلوە)[1] کەئێستاش شوێنەواریان لەم شارە ماوە، بەڵگەی ئەو ڕاستییەن، کە ئەم شارە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا سەنتەرێکی بەهێزی بازرگانی بووە.

کشتوکاڵ، هۆکارێکی تربووە بۆ سەرهەڵدانی ئەم شێوەزارە، چونکە خانەقین بەهۆی ئاوی ئەڵوەندەوە پانتاییەکی باشی لە زەوی کشتوکاڵی و باخی میوە و سەوزەی هەبووە ، کەلەبەر فراوانی و زۆری بەرهەمەکانیان پێویستی بەکرێکاری دەرەوەی خانەقین هەبووە، بۆیە لەسنوورەکانی دەرەوەی شار خەڵکی بەمەبەستی کارکردن و بژێوی ڕوویان لەم شوێنە

[1] - لەقۆناغەکانی پێشودا (خان) شوێنی حەوانەوەو مانەوەی ڕێبوارو خەڵکانی دەرەوە بووە ، لەبری ئوتێلی ئێستا . (عەلوە)ش شوێنی ساغکردنەوەی بەرهەمی سەوزە و میوەی جوتیارانە .

کـردووه، ئـەو کوردانـە کـە لـە ڕۆژ هەڵاتـەوە هـاتوون لـە( چڵـەکان و پـەنجاکان) ی سـەدەی ڕابـردوودا لـە خانـەقین کاریـان کـردووه، ئەمانـەش بـە شـێوەزارەکانی لـوڕی و کـەڵهوڕی و هەنـدێکیان بـە هـەورامی قسـەیان کـردووه جگـە لەمانـەش هـەموو جوتیـارانی ئـەم ناوچەیـە و دەوروبـەری کـە لـە عەشـیرەتەکانی (باجـەڵان و کاکـەیی و جمـوير) کـە هـەڵگری شـێوەزاری هەورامی بوون، هەروەها جوتیارانی سنوری کفری ولـە ڕۆژئـاوا و سـنوری قۆرەتـو لـە بـاکور کـە بەشـێوەزاری گـەرمیانی قسـەیان کـردووه، جوتیـارانی سـنوری مەيـدان و بـەمۆ و شـێخان و تەنانـەت خـەڵکی ناوچـەی قـەرەداغ کـە بەشـێوەزاری سلێمانی قسـەیان کـردووه هـەموو ئەمانـە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان هێناوەتـە ئـەم شـارە بـۆ فرۆشـتن و سـاغکردنەوەی و بەشـێکی زۆری ئـەم بەرهەمـە کشـتوکاڵییانەش لەڕێگـەی شـەمەندەفەرەوە گواسـتراونەتەوە بـۆ شـارەکانی تـری عێراق . جگەلـەوەی خـەڵکێکی بـەرچاوی ئـەم ناوچانـەی ناومـان هێنـان لـە کۆمپانیـای نەفتخانـە کاریان کردووه، ئەم جموجوڵی بازرگانی و هەڵسوکەوت و گفتوگۆی بازرگـان وجوتیارەکـانی شوێنە جیاوازەکانیش بەهەمانشێوە کاریگـەریی بـەرچاوی هـەبووە لـە گەشـەکردنی شـێوەزاری خانەقیندا. ئەمەش ئەوەمان بیردەخاتەوە وەکو چۆن شاری (ئەستەمبوڵ) لە وڵاتی تورکیا بەهۆی ئەوەی ناوەندێکی پڕ جموجوڵی بازگانی بەهێزە و گەشـتیار و بازرگـان و سـەرمایەداران ڕووی تێدەکـەن و پانتاییـەکی فراوانـی لـە ئـابووری وڵاتـی تورکیـا داگیـر کـردووه، هۆکـاربووە بـۆ لەدایکبوونی شێوەزاری ئەستەمبوڵی کە بەزمانی دووەمی ستانداردی وڵاتـی تورکیا دادەنرێت، هەمان ئەو هۆکارانەش لە دروستبوون و گەشەسەندنی شێوەزاری خانەقیندا دەبینینەوە .

٢- - دەوروبەری جوگرافی :

بەهۆی پێگەی جوگرافی خانەقین و هاوسنووری لەگەڵ شێوەزارەکانی (گەرمیان و سلێمانی و هەورامی و لوڕی و کـەڵهوڕی ) کاریگـەری و پەیوەنـدکردنی قسـەپێکەرانی ئـەم شـێوەزارانە لەگەڵ یەکتری شێوەزاری خانەقینیان لێ پەیدا بووە:

أ- خانەقین لەبەشی باکورەوە لە گەڵ ناحیەی قۆرەتوو و مەیدان و ناوچەی بنکورە هاوسنوورە، کە ئەمانە بەشێوەزاری گەرمیانی دەدوێن، بەڵام لەسنوری مەیدانەوە بۆ ناوچەی هۆرێن و شێخان و تاکو دەوروبەری پشتە ، خەڵکی ئەم دەڤەرە بە شێوەزاری سلێمانی دەدوێن.

ب- لەبەشی باشورەوە شارۆچکەی مەندەلی و لادێکانی بەشێوەزاری کەڵهوری دەدوێن، بەڵام شارۆچکەی بەدرە و دەوروبەری بە شێوەزاری لوڕی دەدوێن، لوڕیش دابەش دەبێت بۆ لوڕی گەورە کە پێکدێت لە (مامەسەنی ، کوهگلو ، بەختیاری )، و لوڕی بچوك کەبە لوڕی ڕەسەنیش ناو دەبرێت، هەندێ جاریش بە شێوەزاری فەیلیش ناودەبرێت[١].

پ- لەبەشی ڕۆژهەڵاتەوە لادێکانی هەریەکە لە هۆزەکانی باجەڵان و کاکەیی و جمویر، بەشێك لە قەسرشیرین و زەهاو و سەرپێڵ و ڕێژاو، بە شێوەزاری هەورامی دەدوێن، بەڵام ئیلام و کرماشان تا سنوری کنگاوەر و بەشێوەزاری لوڕی دەدوێن.

ت- لەبەشی ڕۆژئاواوە، تەنانەت هەندێ لە لادێکانی سنووری جەلەولا و بەشێك لە لادێکانی قزرەبات و لادێکانی هۆزی زەهاوی ئەم ناوچەیە بە شێوەزاری گەرمیانی دەدوێن، هەروەها هەندێ لادێی باجەڵانیش هەیە لەو ناوچەیەدا کە بەشێوەزاری هەورامی دەدوێن، ئەگینا ئەوانی تر واتەهەموو لادێکانی زڕگۆش و سورەمەیری کوردەکانی قزڕەبات و شارەبان بەشێوەزاری کەلهوری دەدوێن.

بەم شێوەیە بۆمان دەردکەوێت ، کە فاکتەری دەورووبەری جوگرافیش کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر دروستبوون و گەشەکردنی ئەم شێوەزارە ، کە تاکو ئێستاش لە گەشەکردندایە. سنووری ئەم شێوەزارەش وەکو لە نەخشەی ژمارە (٢) دا هاتووە ئەم شوێنانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە :

١- سەنتەری شاری خانەقین و هەموو گەڕەکەکانی ناو شار .

٢- گوندەکانی دەوروبەری خانەقین ، کە لە باکورو باکوری ڕۆژئاواوە بریتین لە گوندەکانی ( غێدان ، تازەدێ ، سەوزبڵاخ ، هاجەر ، موسا عوسمان ، کەلای میرە ، باوەپلاوی باوەمەحموی ، باوەپڵاوی قەڵا ، ئەحمەد هلال ، حوسێن درێژ ، مێخاس ، دەروێشە ، شێخ ڕەحیم ، حوسێن کاکی ، دارا ، موبارەك ، حاجی عەلی موراد ، یوسف بەگ ، محەمەد شێربەگ ، عەباسی ، ئەمین باپیر ، قامیشەڵان ، عالیاوەی کوێخا زۆراب ، عالیاوەی سالم ، گوندی کەڵهوڕ) لە باشور و باشوری ڕۆژهەڵات بریتین

[١]- علی سیدو الگورانی (١٩٧٤ : ١١٢) .

لـه ( ، كـارێز بـان و خـوار ، دوڕوو كـانـی بز ، بانميل بـان و خـوار ، محەمـەد خـدر و ئیسماعیل بەگ ، پەڵكانه ، ناودۆمان ، سەی برزو ، پویكه ، عەلی بـەگ عیسا ، مـەلا عەزیز ، عەلی سەفەر نەیكەنه ، جەبراوه ، كانی ماسی ، نەفتخانه ) .

**سنووری جوگرافی زاری کرمانجی خواروو بە پشت بەستن بە نەخشەی کوردستانی گەورە**




نەخشەی ژمارە (١)

**سنووری جوگرافی شێوەزاری خانەقین**




نەخشەی ژمارە (٢)

# بــــــــەشـــــــی دووەم

## فۆنـەتیك و فۆنۆلۆجی و فۆنێمەكانی شێوەزاری خانەقین

### (١/٢) فۆنـەتیك Phonetics

بەمەبەستی دیاریكردنی ئـەو گەشـەو گۆڕانانـەی لـە زمانـدا ڕوودەدەن و، شـیكردنەوە و لێكۆڵینـەوە لـەو گۆڕانكاریانـەی زانستی زمـان، زمانەوانـەكان، زمانیـان بەسـەر چەنـد ئاستێكدا دابەشـكردووە، ئـەم دابەشـكردنەش بەیـەكێ لـە دەستكەوتە هـەرە گرنـگ و مەزنـەكانی بـواری زمانەوانی نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەم دادەنرێت[1].

هەریەك لە ئاستەكانی زمانیش كە بریتین لە ئاستی (دەنـگ ، ڕێزمـان ، واتـا )، خاوەنی یەكـە و سیستمی خۆیەتی، كۆی ئەم ئاستانەش سیستەمی گشتی زمان پیكدێنێت (( سروشـتی زمـان ئـەو جیاكردنەوەیە قبوڵ ناكات، چونكە لە كاتی قسە كردندا ئـەو بەشـانە هـەموویان بەتـەواوی دەچنـە ناو یەك و لەگەڵ یەكتردا تێكەڵ دەبن، بـەڵام دانـانی سنوور و جیاكردنـەوەی ئاستەكان تـەنیا بۆ مەبەسـتی ئاسـانی شـیكردنەوە و دیراسـەكردنی زمانــە، چونكـە هـەر سیسـتەمێك دەنگـی یـان ڕێزمانی یان واتایی بێت هەموو تێكڕا لەژێر كاریگەری سیستەمی گشتی زماندا كـار دەكـەن و پەیوەندی بەهێزیش لە نێوانیاندا هەیە))[2].

لە نێوەندی زمانەوانیدا دوو بۆچوونی جیاواز هەیە سەبارەت بە لێكۆڵینەوە لە ئاستەكانی زمـان، بۆچـوونی یەكـەم ئـەوەیـە لـە ئاستی دەنگسـازییەوە لـە زمـان دەكۆڵێتـەوە پاشـان بـەرەو سـەرەوە هەڵدەكشـێت بـۆ مۆرفۆلـۆجی و دواتـریش سـینتاكس، بۆچـوونی دووەم پێچەوانـەی بۆچـوونی یەكەمە، چونكە سەرەتا لە ئاستی سینتاكسـەوە دەست بـە لێكۆڵینـەوە دەكـات پاشـان شۆڕدەبێتەوە بەرەو خوارەوە بۆ ئاستی مۆرفۆلۆجی و دواتریش ئاستی دەنگسازی[3].

ئەوەی پەیوەندی بەم باسەوە هەیە ئاستی دەنگسـازییە، بەهـەركام لـەم دوو بۆچوونـە كـار بكـەین ئەوا نرخ و بەهای ئاستی دەنگسازیمان بۆ دەردەكـەوێت، ئاسـتی دەنگسـازی ئاستێكی سـەرەكی زمانە و ناتوانین لە لێكۆڵینەوەی زماندا دەستبەرداری ببین .

دەنگسازی ئەو ئاستەی زمانە كە لایەنی بێواتای زمان دەگرێتەوە و لە هەردوو لقە زانستەكانی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی دەكۆڵێتەوە، یـان بـەواتایـەكی تـر فۆنـەتیك و فۆنۆلـۆجی دوو لقـی جیـاوازی زانسـتی زمـانن سەربەئاسـتی دەنگسـازین، لـە لێكۆڵینـەوەدا ناكرێـت فۆنـەتیك و فۆنۆلـۆجی لـە

[1] - وریا عومەر ئەمین (٢٠١١ : ١١) .
[2] - طالب حسین علی (١٩٩٨ : ٦٥) .
[3] - عەبولواحد موشیر و ئەوانی تر (٢٠١٣ : ١١) .

یەکتری دابڕین، چونکە هەریەکەیان تەواوکەری ئەوی تریانە، کاتێك کار لەسەر یەکێك لەو دوو زانستە دەکەین ناچار دەبین بچینە ناو ئەوی تریانەوە[1].

فۆنەتیك ئەو لقەی زانستی زمانە کە لەکەرەسە هەرە خاوەکانی زمان دەکۆڵێتەوە و شیکردنەوەیان بۆ دەکات، ئەم کەرەسە خاوانەش ئەو تاکە دەنگانەن کە بەهێزی بای لە سییەکانەوە هاتوو، لە ئەنجامی چەند جوڵەیەك کە لە پەردەی ناوپەنچك دەست پێدەکات و سورێنچك و قوڕگ و بەشەکانی زار و لوت بەشداری تێدا دەکەن، واتە فۆنەتیك ئەو لقەی زانستی زمانە کە لە درووستکردن و گواستنەوە و وەرگرتنی دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە وەك دیاردەیەکی گشتی[2]، بۆیە دەوترێت فۆنەتیك گرنگی بە لێکۆڵینەوەی دەنگەکانی زمان و شیکردنەوە و جیاکردنەوەیان دەدات لە ڕیگەی دەربڕین و گواستنەوە و وەرگرتنیان[3]، یان فۆنەتیك ئەو زانستەیە کە لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی زمان دەکات و گرنگی بە گوتن یان دەربڕین دەدات نەك نووسین[4] .

## (١/٢-١) فۆنەتیکی ئەرکی ( چەمك و پێناسە )

وەکو زاراوە فۆنەتیك لە وشەی( Phonetikos)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، ئەم وشەیەش لە (Phone)ەوە هاتووە، کە واتای دەنگ دەگەیەنێت، واتە فۆنەتیك واتای زانستی دەنگ دەگەیەنێت و دەربارەی دەنگەکانی زمان دەدوێ و لە سیستەم و یاسایان دەکۆڵێتەوە[5]، یاخود بەشێوەیەکی تر ئەو زانستەیە کە لە دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە وەك دیاردەیەکی گشتی، بەبێ ئەوەی ئەو دەنگانە بە زمانێکی دیاری کراو ببەستێتەوە و بەبێ ئەوەی لە ئەرکەکانی ئەو دەنگانە بکۆڵێتەوە لە زماندا[6] .

## (٢-١-٢) جۆرەکانی فۆنەتیك :

فۆنەتیك زانستێکی فراوان و بەر بڵاوە، پەیوەندی بەرفراوانی بە زانستەکانی ترەوە هەیە ، هەر بۆیە ئەم زانستە دابەش دەبێت بۆ چەند لقێك[7]، کە هەریەکەیان لایەنێك لە لایەنەکانی بواری فۆنەتیك دەگرێتەوە، چونکە دەنگەکانی زمان دەبێ لەچەند روویەکەوە لێان بکۆڵرێتەوە وسەیریان بکرێت، وەك دروستکردن یان درکاندن، چۆنێتی گواستنەوەی دەنگەکان لە هەوادا،

[1] - عەبدولواحد موشیر و ئەوانی تر ( ٢٠١٣ : ١٢ ) .
[2] - وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤ : ٤٧) .
[3] - علی محمد حق شناس (٢٠٠٨ : ١١) .
[4] - حاتم صالح الضامن (١٩٨٩ : ٤٧) .
[5] - ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦ : ١٥) .
[6] - وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤ : ٤٦) .
[7] - عەبدولواحد موشیر و ئەوانی تر (٢٠١٣ : ١٥) .

وەرگرتنی دەنگەکان و پاراستنیان لە مێشکدا، واتە لەسەر ئەم بنەمایانە فۆنەتیك دابەش دەبێت بۆ چەند لقێك .

## (١-٢-١/٢) فۆنەتیکی درکاندن Articulator phonetics

زانستی زمان بە پێی میتۆدی وەسفی بە شێوەیەکی گشتی زیاتر بایەخ بە فۆنەتیکی درکاندن دەدات، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەکە کە پەیوەندیان بە سروشت و ئامانجی زانستی زمانەوە هەیە[١]، کە خۆی لە چۆنێتی کارکردنی ئەندامەکانی ئاخاوتن بۆ درکاندنی دەنگەکانی زمان دەبینێتەوە، هەندێ جاریش بە دەنگسازی فسیۆلۆجی، یان ئەندامی دەناسرێت Physiological phonetics [٢]، چونکە گرنگی بە دیراسەکردنی چۆنێتی بەرهەمهێنانی دەنگەکانی زمان و درکاندنیان دەدات، کەواتە لە درکاندنی دەنگەکانی زماندا دوو لایەنی سەرەکی بەدی دەکرێت، یان دروستترە بڵێین لەسەر دوو بنەما پێکدێن، لایەنێکیان فسیۆلۆجییە و ئەندامەکان دەگرێتەوە، کە پەیوەندییان بە کاری درکاندنەوە هەیە، ئەوی تریان دەنگییە کەخۆی لە سروشت و تایبەتمەندی دەنگە دەربڕراوەکاندا دەبینێتەوە و لەگەڵ هەناسەدا یەك دەگرێتەوە[٣]، بۆیە دیراسەکردنی دەنگ سودێکی زۆری لە زانستی فسیۆلۆجی وەرگرتووە بۆ زانینی ئەرکەکانی ئەندامانی ئاخاوتن و چۆنێتی کارکردنیان .

گرنگترین فاکتەر لە دروستکردنی دەنگەکانی زماندا بریتییە لە کرداری هەناسەدان، هەناسەدانی ئاسایش جیاوازی هەیە لە هەناسەدان لە کاتی ئاخاوتندا لە ڕووی درێژە پێدان و چۆنێتی دەرباز بوونی هەواوە، لەبەرئەوە دەبینین هەناسەدان حوکمی درێژە پێدانی ئاخاوتن دەکات، تەواو بوونی هەناسەدان مانای وەستانە، چونکە دەنگەکانی زمان لە ڕێی ئەو هەوایەوە دروست دەبن کە لە سییەکانەوە دێنە دەرەوە[٤].

فۆنەتیکی درکاندن گرنگی بە لێکۆڵینەوەی جوڵەی ئەندامانی ئاخاوتن و ڕێکخستنیان دەدات بۆ دەربڕینی دەنگە جۆراوجۆرەکانی زمان، چ بەتاك بێت یان بەکۆ[٥]، یان ڕوونی دەکاتەوە ، کە چۆن هەر تاکە دەنگێك لە دەنگەکانی زمان بە چ شێوەیەك و لە چ بەشێکی زاردا دروست دەبن، هەڵوێستی ئەندامانی ئاخاوتن بەرامبەر بە دروستکردنی ئەو دەنگانە چۆنە، خەسڵەت و سیمای هەردەنگێك چییە ؟ چۆن دەکرێت لە دەنگەکانی تر جیا بکرێتەوە[٦]؟ ، لەمەوە دەردەکەوێت کە فۆنەتیکی درکاندن، چۆنییەتی کارکردن و جووڵانەوەی ئەندامەکانی ئاخاوتن دەگرێتەوە، ئەم

[١] - وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤ : ٤٧) .
[٢] - یوسف شەریف سەعید (٢٠١١ : ٢٣٩) .
[٣] - سامی عیاد حنا و آخرون (١٩٩٧ : ١٠٣) .
[٤] - طالب حسین علی (١٩٨٩ : ٩) .
[٥] - یوسف شەریف سەعید (٢٠١١ : ٢٤٠) .
[٦] - وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤ : ٤٨) .

ئەندامانەش، هەریەکەیان لە کاتی درکاندنی هەر دەنگێك بە شێوازی جیا دەجوڵێنەوە، واتە باسی جوڵانەوەی هەر ئەندامێك دەکات و بە پێی ئەو جوڵانەوەیەش دەکرێت دەستنیشانی سنووری هەر دەنگێك بکات[١]، دەبێ ئەو ڕاستیەش بزانین کە دەربڕین و درکاندنی هەر دەنگێك لە دەنگەکانی زمان لە لایەن ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، و هەر ئەندامێك پێویستی بە بەکارهێنانی وزەیەکی فسیۆلۆجی هەیە، واتە بڕی وزەی خەرجکراو بۆ هەر دەنگێك جیاوازە لە دەنگێکی تر[٢] .

پسپۆڕانی بواری دەنگ، ڕێڕەوی هەوایان بۆ چەند بەشێك دابەشکردووە هەر بەشێك لەو بەشانە لە چەند ئەندامێك پێکهاتووە، لەگەڵ دەرچوونی هەوا هەر ئەندامێك لەم ئەندامانە ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە، و بەشدارە لە دەربڕین و درکاندنی دەنگێك یان چەند دەنگێکی زمانی، ئەم بەشانەش بریتین لە :

یەکەم : لە سییەکان و بۆڕی هەناسەوە دەستپێدەکات تاکو ژێیەکانی قوڕگ کە پێی دەوترێت خواروی زمانە بچکۆلە .

دووەم : لە زمانە بچکۆلەوە دەستپێدەکات تاکو نەرمە گۆشتی پشت مەڵاشوو، پێی دەوترێت بەشی سەرووی زمانە بچکۆلە، قوڕگ و ژێیەکانی قوڕگ گرنگترین ئەندامی ئەم بەشەن.

سییەم : لە نەرمە گۆشتی پشت مەڵاشووەوە دەستپێدەکات تاکو دەرچوونی هەوا لە ناو دەمەوە ، ئەم بەشە پێی دەوترێت ڕێڕەوی دەمی یان زاری .

چوارەم : لە نەرمە گۆشتی پشت مەڵاشووەوە دەستپێدەکات تاکو دەرچوونی هەوا لە ناو لووتەوە ، ئەم بەشەش پێی دەوترێت ڕێڕەوی لووتی[٣].

### (١-١-٢-١/٢) ئەرکی ئەندامەکانی ئاخاوتن لە درکاندنی دەنگەکاندا

بەشێوەیەکی گشتی ئەندامەکانی ئاخاوتن دەکرێنە دوو بەشەوە، هەندێکیان بە ئەندامی سەرەکی درکاندن دادەنرێن، ئەوانی تر بە ئەندامی لاوەکی درکاندن، واتە هەندێکیان بە شێوەکی ڕاستەوخۆ بەشدارن لە کردەی درکاندن و هەندێکیان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و یارمەتی ئەندامە سەرەکییەکان دەدەن لە کردەی درکاندندا، ئەوانەش وەك (سییەکان ، بۆری هەناسە ، ناوپەنچەك، ماسولکەکانی نێوان پەراسووەکان، ئەو ماسولکانەی هاوکاری زمان دەکەن لە

[١] - غازی فاتح وەیس (١٩٨٤ : ٢٦) .
[٢] - دەرون عەبدولڕەحمان (٢٠١٠: ٣٢) .
[٣] - طالب حسین علی (١٩٨٩ : ١٠) .

جوڵەو هەڵسوکەوتی زمان، کرکراگەکانی قورگ و ئەو ماسولکە و ڕێشاڵانەی بەیەکیانەوە دەبەستێ )[1]، مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەندامە سەرەکییەکانی درکاندنە کە دەمانەوێت باسیان بکەین.
دیراسەکردنی ئەندامەکانی ئاخاوتن و چۆنێتی ڕێکخستن و ڕیزکردنیان، لە زانستی نوێی زماندا لە ئەندامەکانی دەرەوە بۆ ناوەوە دەبێت، کە بە هەردوو لێو دەستپێدەکات و بە قوڕگ کۆتایی دێت، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی قۆناغەکانی پێشوو بە پێچەوانەی ئەم ڕیزکردنەوە بوون[2].
لە دیارترین ئەو ئەندامە سەرەکییانەی ڕۆڵ دەبینن لە درکاندنی دەنگەکاندا وەك :

١- لێوەکان The Lips :

ئەو ئەندامانەی درکاندنە، کە دەبن بە کلیل بۆ داخستنی بۆشایی زار و لێپرسراون بەرامبەر بە درکاندنی هەندێ دەنگی تایبەت[3]، و توانای جوڵانەوەیان هەیە، زۆر بەئاسانی شێوازی جیاواز وەردەگرن لە کاتی درکاندنی دەنگە جیاوازەکاندا وەکو داخستنی کاتی و پاشان کردنەوەو خڕبوونەوە، داخستنی کاتی و پاشان کرانەوە وەکو لە درکاندنی دەنگەکانی ( ب ، پ )، یان شێوەی خڕبوونەوە (بازنەیی) لە دەربڕینی دەنگی ( ۆ، وو ، و )، یان کاتێك کە دانەکانی سەرەوە دەچنە سەر لێوی خوارەوە بۆ دەربڕینی دەنگەکانی( ف ، ڤ )[4]. واتە لەگەڵ درکاندنی دەنگی جیاواز، لێوەکان هەڵوێست و شێوازی جیا وەردەگرن[5]، لێوی خوارەوە چالاکانە دەجوڵێت لە درکاندنی هەندێك دەنگدا و هاو کات لەگەڵ لێوی سەرەوە یان دانەکانی سەرەوە دەگەنە یەك وەکو لە درکاندنی دەنگەکانی ( پ ، م ، ب ، ف ، ڤ ) دا، هەروەها بە ئاسانیش دەکرێت سەرنجی جوڵانەوەیان بدەین[6]، کەواتە (( هەردوو لێو لەگەڵ درکاندنی هەندێ دەنگدا چەند بارێکی تایبەت وەردەگرن، کە کار دەکەنە سەر جۆر و سیفەتی دەنگەکان، ئەم کارتێکردنەش بە زۆری لە دەنگە ڤاوڵەکاندا دەردەکەوێت ))[7].
بۆ نمونە :

أ- خڕبوونەوەو هاتنەوەیەکی هەردوو لێو لە درکاندنی ( و ، وو ) دا .
ب- خڕبوونەوەی کراوە وەك لەکاتی درکاندنی ( ۆ ) دا .
پ- پانکردنەوەی هەردوو لێو وەك لە کاتی درکاندنی ( ێ)دا [8] .

---

[1] - سمیر شریف اسیتیە (٢٠٠٨ : ٢٢) .
[2] - هەمان سەرچاوە (ل : ٢٢).
[3] - غازی فاتح وەیس (١٩٨٤ : ٣٠) .
[4] - عەبدولواحید موشیر و ئەوانی تر (٢٠١٣ : ٣١) .
[5] - ابراهیم أنیس (١٩٩٩ : ٢٠) .
[6] - طالب حسین علی (١٩٨٩ : ١٩) .
[7] - کمال بشر (٢٠٠٠ : ١٤٠) .
[8] - تالیب حوسێن عەلی (٢٠٠٥ : ١١٠) .

٢- دانەکان Teeth :

دانەکانی مرۆڤ دەکرێن بە دوو بەشەوە، دانەکانی سەرەوە و دانەکانی خوارەوە، دانەکان توانی جوڵەیان نییە، بەڵام یارمەتی ئەندامەکانی تری وەکو زمان و لێوی خوارەوە دەدەن لە درکاندنی هەندێك لە دەنگەکانی زمان[١] ، هاوکاری دانەکان لە دەربڕینی هەندێك لە دەنگەکان بە چەند شێوەیەك دەبێت، وەك :

أ- دانەکانی سەرەوە دەخرێتە سەر بەشی پێشەوەی زمان بۆ دەربڕینی هەندێ دەنگی وەك (ث ، ذ ) کە زیاتر لە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی[٢]، هەروەها زاری گۆرانی زمانی کوردیشدا بەدی دەکرێن.

ب- نووکی زمان خۆی لە دانەکانی سەرەوە دەدات لە کاتی درکاندنی دەنگەکانی (ت ، د ، ن) دا.

پ- دانەکانی سەرەوە دەکەونە سەر لێوی خوارەوە لە کاتی درکاندنی دەنگەکانی (ف ، ڤ)[٣]

٣- پووك Velum :

ئەو بەشە جێگیرەیە کە دانەکانی سەرەوە و خوارەوەی تێدا جێگیر کراوە، لە ڕووی پێکهاتەوە شێوەیەکی تاڕادەیەك کەوانەیی وەرگرتووە[٤]، یاخود دەتوانین بڵێین پووك پێکهاتەیەکی شێوە کوڕی دەرپەڕیوی وەرگرتووە، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە تەنها پووکی سەرەوە لە دەربڕین و درکاندنی هەندێ لە دەنگەکاندا بەشداری دەکات، ئەویش بە یارمەتی زمان[٥]، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پووکیش سازگەی چەند دەنگێکە کە بە دەنگە پووکییەکان ناسراون، کاتێك سەری زمانی بەردەکەوێت یان لێی نزیك دەبێتەوە، وەکو لە درکاندنی دەنگەکانی ( ل ، ڵ ، س ، ز)[٦].

[١] - طالب حسين على (١٩٨٩ : ١٩) .
[٢] - سمير شريف أستيتية ( ٢٠٠٨ : ٢٥) .
[٣] - وريا عومەر ئەمین (٢٠٠٤ : ٤٩) .
[٤] - سمير شريف أستيتيه (٢٠٠٨ : ٢٥) .
[٥] - عەبولواحید موشیر و ئەوانی تر (٢٠١٣ : ٢٣) .
[٦] - وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤ : ٥١) .

٤- زمان Tongue :

زمان ئەندامێکی سەرەکی و چالاکی کردەی درکاندنە، چالاکی زمانیش لە توانای جوڵەیەوە بە ئاسانی لە بۆشایی دەمدا و گواستنەوەی لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر لە کاتی درکاندنی دەنگە جیاوازەکاندا سەرچاوەی گرتووە [١]، هەر بۆیە زۆربەی میللەتان زمان وەکو زاراوەیەك بەکار دەهێنن بۆ ئاخاوتنی مرۆڤ، میللەتی کوردیش یەکێکە لەو میللەتانەی کە بە شێوەی ئاخاوتن دەڵێ زمان [٢]، چۆنێتی جوڵانەوەی زمانیش ڕۆڵ دەبینێ لە پێکهاتن و دروستکردنی دەنگەکان، بۆ نموونە : لە دروستکردنی دەنگە کۆنسونانتەکاندا بەشێوەیەکی چالاکانە بەرز و نزم دەبێتەوە، بەڵام لە دروستکردنی ڤاوڵەکاندا زمان لە بۆشایی دەمدا لەنگەر دەگرێت، بۆیە زمان بەشێوەیەکی گشتی بەرپرسە لە درکاندنی ڤاوڵەکان و شوێنی درکاندنی ڤاوڵەکانیش لەسەر زمان دیاری دەکرێت، هەرچەندە هەردوو لێویش بەشداری لە درکاندنی ڤاوڵەکاندا دەکەن[٣] . لەم وێنەیەدا شوێنی درکاندنی ڤاوڵەکان لەزماندا دیاریکراوە.




وێنەی ژمارە (١) شوێنی درکاندنی ڤاولەکان لەزماندا

[١] - ابراهيم انيس (١٩٧٩ : ٢٠) .
[٢] - غازی فاتح وەیس (١٩٨٤ : ٣٠) .
[٣] - عەبدولواحید موشیر و ئەوانی تر (٢٠١٣ : ٣٥) .
[٤] - غازی فاتح وەیس (١٩٨٤: ٦٦) .

زمان بەپێی ئەركەكانی لە دركاندنی دەنگە كان، یاخود بە پێی جوڵەو نزیكبوونەوەی لە بەشەكانی سەرەوەی بۆشایی دەم، دەكرێت بە چەند بەشێكەوە .

أ- پێشەوەی زمان :

ئەوبەشەیە كە سەری زمان دەگرێتەوەو، دەتوانرێت لەم بەشەدا بەشی هەرە پێشەوەی زمان، كە نووكی زمانە دیاری بكرێت، لەدوای نووكی زمانیشەوە بەرەو سەنتەری زمان بە درێژی (١٠- ١٥)ملم ، ئەم بەشەی زمان بە سەری زمان ناو دەبرێت، لەزۆربەی لێكۆڵینەوەكانی بواری دەنگسازیدا، ئەم دوو بەشە لە زمان بەیەك بەش یاخود یەك شوێن دادەنرێت، دەوترێت جیاوازی نێوان ئەم دوو بەشە لەوەدایە، ئەو دەنگی (ت)ی كە لە ئەنجامی بەریەككەوتنی نووكی زمان و ناوەڕاستی دانەكانی سەرەوە دروست دەبێت جیاوازە لە دەنگی (ت)ی كە لە ئەنجامی بەیەكگەیشتنی سەری زمان و بەشی پێشەوەی پووك دروست دەبێت[1].

ب- كەناری زمان :

بریتییە لە هەردوو لێواری لای ڕاست و لای چەپی زمان، لە زۆربەی زمانەكاندا لای ڕاست بەكار دەهێنرێت، وەكو لە دركاندنی دەنگی (ل)دا دەردەكەوێت، چونكە ناوەڕاستی دەم دادەخرێت و هەوا لە تەنیشت یان لە لایەكی زمانەوە دەردەچێت[2]، هەروەها لە دركاندنی دەنگی (وی) لە وشەیەكی وەك ( سویر)دا هەردوو لێواری لای ڕاست و چەپی زمان تاڕادەیەك ڕوەو مەڵاشوو بەرز دەبنەوە .

پ- ناوەڕاستی زمان :

ئەو بەشەی زمانە كە دەكەوێتە بەرامبەر مەڵاشوی ڕەق، ناوەڕاستی زمان لەگەڵ مەڵاشوی ڕەق دەنگی (چ) دروست دەكەن[3] .

ت- دواوەی زمان :

ئەو بەشەی زمانە كە دەكەوێتە بەرامبەر مەڵاشووی نەرم، دواوەی زمان لەگەڵ مەڵاشووی نەرم دەنگی ( ك ، گ ) دروست دەكەن[4] .

[1] - سمیر شریف أستیتیە (٢٠٠٨ : ٢٤) .
[2] - یوسف شەریف سەعید (٢٠١١ : ٢٥٨) .
[3] - غازی فاتح وەیس (١٩٨٤ : ٣١) .
[4] - طالب حسین علی (١٩٨٩ : ١٩) .

ج- ڕەگی زمان :
ئەو بەشەی زمانە کە لەگەڵ دیوی پێشەوەی سەرووی گەرودا یەکدەگرنەوە، واتە ئەو بەشە دیواری پێشەوەی گەروو پێکدێنێت، و ڕۆڵ دەبینێت لە گۆڕینەوەی شێوەی بۆشایی گەروودا[١].

٥- مەڵاشوو Palate :
ئەندامێکی سەرەکی درکاندنە، نزیك بوونەوە و بەرکەوتنی زمان لەگەڵ ئەم ئەندامە دەبێتە سازگە بۆ دەربڕینی چەندین دەنگی جیاواز[٢].
ڕووبەری مەڵاشوو شەویلگەی سەرەوەی داگیر کردووە ، سەرەوەی مەڵاشوو ، بۆشایی لووت پێکدێنێ و خوارەوەشی دەبێتە میچی بۆشایی دەم[٣]، مەڵاشوو دەکرێت بە دوو بەشەوە ئەوانیش بریتین لە

أ- مەڵاشووی ڕەق :
مەڵاشووی ڕەق هەندێ جار بە ئەشکەوتی دەم ناودەبرێت، دەکەوێتە پشتی پووکەوە شێوەیەکی قوپاوی هەیە و نیوەی شەویلگەی سەرەوەی داگیر کردووە ، وەکو لە ناوەکەیدا هاتووە پێکهاتەیەکی ڕەقی هەیە و توانای جووڵەی نییە، بەمەش لە مەڵاشوی نەرم جیا دەکرێتەوە[٤]، هەروەها دەبێتە سازگەی درکاندنی چەند دەنگێکی زمانی وەك: ( ج ، چ ، ش )[٥] .

ب- مەڵاشووی نەرم :
ئەم بەشەی مەڵاشوو پێکهاتەیەکی نەرمی هەیە و توانای جووڵەی هەیە، جووڵانەوەی مەڵاشووی نەرم ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دروستکردنی چەند دەنگێکی زاری و هەموو دەنگە لووتییەکان[٦]، چونکە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی مەڵاشوی نەرم ڕۆڵ دەبینێت لە کردنەوە و داخستنی هەردوو ڕێڕەوی دەم و لووت لە بەردەم هەوای هاتوو لە سییەکانەوە، لە حاڵەتی نزمبوونەوەی مەڵاشوی نەرمدا ئەوا بە یارمەتی نەرمە گۆشتی

[١] - عەبدولواحید موشیر و ئەوانی تر (٢٠١٣ : ٣٦) .
[٢] - أبراهیم أنیس ( ١٩٧٩ : ٢٠ ) .
[٣] - عەبدولواحید موشیر و ئەوانی تر (٢٠١٣ : ٣٣) .
[٤] - احمد مختار عمر (١٩٩٧ : ١٠٥) .
[٥] - شنۆ قادر محەمەد (٢٠٠٨ : ٨) .
[٦] - هەمان سەرچاوە .

پشت مەڵاشوو ڕێڕەوی دەم دادەخرێت و ڕێڕەوی لووت دەکرێتەوە، واتە هەوا لە لووتەوە دەچێتە دەرەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دەنگە لووتیەکان وەك (م ، ن)، ئەگەر نەرمە مەڵاشوو بەرزبووەوە ئەوا ڕێڕەوی لووت دادەخرێت، و ڕێڕەوی دەم دەکرێتەوە لە بەردەم هەوای دەرچوودا .

نەرمەمەڵاشوو بە هاوکاری زمان بەشداری دەکات لە درکاندنی هەندێ دەنگی وەك: (ك، گ)[1]. ئەوەی تێبینی دەکرێت بوونی هەر کێشەو کەم و کوڕییەك لە مەڵاشوودا دەبێتە هۆی لاوازی توانای درکاندن و دەربڕین، بۆنموونە : ئەگەر مەڵاشوی نەرم لە حاڵەتی بەرزبوونەوەدا و بەهۆی کەم و کوڕی لە ڕووی پێکهاتەیەوە نەتوانێت بە تەواوی ڕێڕەوی لووت دابخات لەبەردەم هەوای هاتوو لە سییەکانەوە و بەشێك لەو هەوایە لە لووتەوە دەربچێت، ئەوکاتە دەنگەکان لەڕێگەی لووتەوە دێنە دەرێ، ئەمەش جۆرێك لە (گناندن یان منگەمنگ)ی پێوە دیارە و وەك ئەوەی دەڵێن بە لووت قسە دەکات[2].

٦- نەرمە گۆشتی پشت مەڵاشوو Uvula :

ئەم نەرمە گۆشتە ئەرکێکی فسیۆلۆجییە دەبینێت، ئەویش بریتییە لە (( داخستنی ڕێڕەوی لووتی لە کاتی قوتدانی خۆراکدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی خۆی هەیە لە دروستکردنی دەنگە لووتی و زارییەکاندا، جگە لەوەش بەیارمەتی دواوەی زمان دەنگی (ق) دروست دەکات ))[3] لەڕووی پێکهاتەشەوە دەوترێت، ئەو پارچە گۆشتە بچووکەیە کە بە کۆتایی مەڵاشووی نەرمەوە نووساوە و پێکهاتەیەکی قوچەکی (هرمی مخروط)ی نەرم و شلە ، توانای جوولەی بە ئاسانی هەیە[4]. لەم وێنەیەدا ڕێڕەوی زاری و بەشەکانی زمان زمان دەخەینە ڕوو.

---

[1] - طالب حسین علی (١٩٨٩ : ١٧) .
[2] - عەبدولواحید موشیر و ئەوانی تر (٢٠١٣ : ٣٤) .
[3] - هەمان سەرچاوە .
[4] - سمیر شریف استیتیە (٢٠٠٨ : ٢٦) .

[1]




وێنەی ژمارە (٢)ڕیڕەوی زاری و بەشەکانی زمان

٧- گەروو Pharynx :

بریتیە لە بۆڕییەکی ماسولکەیی دەکەوێتە نیوان زمان و قوڕگەوە، درێژییەکەی نزیکەی (١٢ سم) دەبێ، یاخود دەوترێت ڕێڕەوێکی ماسولکەیی ڕیشاڵییە سورێنچك و زار بەیەك دەگەیەنێت، لەبەشی خوارەوە تەنگەو لەبەشی سەرەوە فراوانە[٢]، هەروەها گەروو وەکو بۆشایی زرینگانەوەش کار دەکات، سازگەی دروستبوونی چەند دەنگێکیشە وەك ( ح ، ع ،خ ،غ ، ئـ ) ، و ئەرکی گەورەکردنەوەی هەندێ لەو دەنگانەش دەبینێ کە لە قوڕگەوە دەردەچن[٣] .

٨- قوڕگ Larynx :

قوڕگ گرنگترین و سەرەکی ترین ئەندامی درکاندنە و دەکەوێتە سەرووی سورێنچکەوە[٤] . قوڕگ پێکهاتووە لە بۆشاییەکی فراوان و سێ کڕکڕاگە، یەکەمیان لەشێوەی بازنەیەکی ناتەواوە لە دیوی پشتەوە، بەڵام لە دیوی پێشەوە بەرز و دەرپەڕیوە، ئەم بەرزییە پێی دەوترێت سێوی

---

[١] - سامی عیاد حنا و آخرون (١٩٩٧ :١١٠) .
[٢] - هەمان سەرچاوە (ل :١١١) .
[٣] - ابراهیم انیس (١٩٧٩ : ١٩) .
[٤] - طالب حسین علی (١٩٨٩ : ١٢ ) .

ئادەم لەبەر ئەوەی لە پیاودا زیاتر دەردەکەوێت[1]، دووەم کڕکڕاگە لە بازنەیەکی تەواو پێکهاتووە ، بەڵام کڕکڕاگەی سێیەم لە دوو پارچە پێکهاتووە، لەسەر کڕکڕاگەی دووەم لە ڕوکاری پشتەوە دانراوە[2] .

ژێیەکانی قوڕگ بەگرنگترین ئەندامی ئاخاوتن دادەنرێن کە بریتین لە دوو دەستە ماسولکەی نەرم و بەرامبەر بەیەکترن، لەگەڵ جووڵانەوەیاندا هەندێك باری تایبەت وەردەگرن و کار لە دەنگەکانی زمان دەکەن بەم شێوەی لای خوارەوە :

١- (( کرانەوەی ژێیەکانی قوڕگ و تێپەڕبوونی هەوا بەبێ ئەوەی ڕێگای لێ بگیرێت واتە (بێ لەرینەوە ژێکان ) ئەو دەنگانە بە دەنگە کپەکان ناو دەبرێت Voiceless sound.

٢- کرانەوەو هاتنەوە یەکی ژێیەکان بە خێرایی، یەك بەدوای یەکدا لەگەڵ تێپەڕبوونی هەوادا ، کە دەبێتە هۆی لەرینەوەی ژێیەکان، ئەو دەنگانەی بەم شێوەیە بدرکێندرێن پێیان دەوترێت دەنگە گڕەکان Voiced sound.

٣- هاتنەوەیەکی تەواوی ژێکان بۆ ماوەیەك و پاشان کردنەوەیان و بەرەڵابوونی هەوا، لەم حاڵەتەدا دەبێتە هۆی درکاندنی دەنگی ( ئـ ، هەمزە )) [3] .

هەموو مرۆڤێك خەسڵەتێکی دەنگی تایبەت بەخۆی هەیە، کە بەهۆیەوە لەکەسانی تر جیا دەکرێتەوە، هەروەها مرۆڤ لەکاتی ئاخاوتندا هەمان وزە و هێز و پلەی دەنگی بەکارناهێنیت ، یاخود ئەو وزە دەنگییانەی دەریان دەبڕێت وەکو یەك نین و جیاوازن، تەنانەت لەکاتی ئاخاوتندا پلەی دەنگی لە بڕگەیەکەوە بۆ بڕگەیەکی تر دەگۆڕێت و بەرز و نزم دەکات . گومانی تێدا نییە سەرچاوەی دەنگی مرۆڤ قوڕگە، یان ژێیەکانی قوڕگە، لەرینەوەی ژێیەکانە کە لە دەم و لووتەوە دەردەچێت و دواتر دەگوازرێتەوە بۆ هەوای دەرەوە .

پلەی دەنگی مرۆڤ بەندە بە تەمەن و ڕەگەزەوە، بۆیە دەبینین دەنگی منداڵ و ئافرەت تیژ و زیکنن بە بەراورد بە دەنگی پیاو، چونکە ژێیەکانی قوڕگ لای منداڵ و ئافرەت باریکتر و ورد ترن لە هی پیاو، کە ئەمەش دەبێتە هۆی خێرایی و لەرە لەری زیاتری ژێیەکانی قوڕگ ، منداڵ بەتایبەتی کوڕ کاتێ دەگاتە تەمەنی باڵق بوون بەئاسانی هەست بە گۆڕینی دەنگی دەکرێت،

---

[1] - احمد مختار عمر (١٩٧٩ : ١٠١) .
[2] - ابراهیم انیس (١٩٧٩ : ١٩) .
[3] - طالب حسین علی (١٩٨٩ : ١٥) .

ئەمەش بەهۆی گەورەبوون و درێژبوونی ژێیەکانی قوڕگیەوە وای لێدەکات دەنگی لە دەنگی پیاو نزیك بێتەوە، چونکە ژێیەکانی قوڕگ تاکو گەورەو درێژ بنەوە لەرینەوەیان کەمتر دەبێت و گر دەبن[1].

٩- لووت :

ڕێڕەوی لووت وەکو بۆشاییەکی زرینگانەوە ئەرکی دروستکردن و بەرهەمهێنانی چەند دەنگێك دەبینێ وەك دەنگەکانی (م ، ن ، نگ ) کە بەدەنگی لووتی ناو دەبرێن[2]، ئەم دەنگانە بەهاوکاری مەڵاشووی نەرم و نەرمەگۆشتی پشت مەڵاشوو دروست دەبن، چونکە لە ئەنجامی نزمبوونەوەی مەڵاشووی نەرم و ئەو نەرمە گۆشتەی پشتی مەڵاشوو ڕێڕەوی دەم لەبەردەم هەوای دەرچوو دادەخات و هەوا بە ڕێڕەوی لووتدا تێدەپەڕێت[3] . بۆشایی لووت لە دوو بۆشایی وەکو یەك پێکدێت، بەهۆی ئێسکی لووت و کرکڕاگەی لووتەوە کراوە بە دوو بەشەوە ، لە بەشی سەرەوە هەتاکو کاسەی سەر درێژ دەبێتەوە، لەبەشی خوارەوە مەڵاشوو بنچینەیەتی و ڕایدەگرێت، لەبەشی پێشەوە بە هەردوو کونی دەرەوە دەسپێدەکات و بە هەردوو کونی ناوەوەش کۆتایی دێت[4].

لە ئەنجامی ئەم خاڵانەی لای سەرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئەندامەکانی درکاندن لە توانایاندا هەیە چەندین دەنگی جۆراو جۆر دروست بکەن، هەر دەنگێکی زمانیش سیمای تایبەت بە خۆی هەیەو، بەهۆیەوە لە دەنگەکانی تر جیا دەکرێتەوە .

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەم وێنەی لای خوارەوە ئەندامە سەرەکییەکانی ئاخاوتن وشوێنی دروستبوونی دەنگەکان دەخەینە ڕوو.

---

[1] - حاتم صالح الضامن ( ١٩٨٩ : ٤٨ : ٤٩) .
[2] - تالیب حوسێن عەلی (٢٠٠٥ : ١٢٧) .
[3] - عادل ڕەشید قادر (٢٠٠٨ : ٤٠ ) .
[4] - عەبدولواحید مشیر و ئەوانی تر (٢٠١٣ : ٣٠) .

[1]




وێنەی ژمارە (٣) ئەندامە سەرەکیەکانی درکاندن و شوێنی دروستبوونی دەنگەکان

## (٢-٢-١/٢) فۆنەتیکی بیستن : Auditory phonetics

ئەو لقەی فۆنەتیکە کە بایەخ بە دیراسەکردنی چۆنێتی کارکردنی کۆئەندامی بیستن دەدات لە کاتی هەستکردن بە دەنگ، یان درککردن و وەرگرتنی دەنگە جیاوازەکانی زمان[2]، یان لێکۆڵینەوەی دەنگەکانی زمانە لەڕووی وەرگرتنی ئەم دەنگانە بەگوێ و شیکردنەوەو پاراستنیان لە مێشکدا کە ئەمەیان میکانیزمیەت و فسیۆلۆجییەتی گوێ و مێشك دەگرێتەوە[3]، واتە دیراسە کردنی میکانیزمیەتی ئەندامەکانی بیستن و چۆنێتی کار کردنی ئەو ئەندامانە و هەڵسوکەوتیان و کاریگەری دەنگەکان لەسەریان دەخاتە ڕوو[4]، فۆنەتیکی بیستن ئەرکی بیستنی گوێ و گەیاندنی

---

[1] - سامی عیاد حنا و آخرون (١٩٩٧ : ١٠٣) .
[2] - هەمان سەرچاوە (ل: ١٠٣) .
[3] - وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤ : ٤٧) .
[4] - نادر احمد جرادات (٢٠٠٩ : ٧٧) .

ئەو دەنگانەی کە هەڵگری زانیارین بە مێشك دەگەیەنێت، هەروەها بە فۆنەتیکی سایکۆلۆجیش دەناسرێت Psychological phonetics .

مرۆڤ لەڕێی گوێوە دەنگەکان دەبیستێ و وەریان دەگرێت، گوێی ئادەمیزادیش سێ ئەرکی تایبەت ئەبینێ لە بیستندا کە ئەوانیش بریتین لە :

١- کۆکردنەوەی دەنگ کە هەڵگری زانیارییە، یان زانیاری لەخۆ دەگرێت .

٢- گواستنەوەی دەنگ، یان گەیاندنی ئەو زانیارییانە .

٣- شیکردنەوەی زانیارییەکان[1] .

گوێی مرۆڤ لە ڕووی پێکهاتەوە بریتییە لە :

أ- گوێی دەرەوە Outer Ear :

بریتییە لە پارچە کڕکڕاگەیەکی کراوە، شەپۆلە دەنگییەکان کۆدەکاتەوە و ئاراستەی کەناڵی بیستن، یان گوێی ناوەڕاستییان دەکات[2]، یان گوێی دەرەوە لە پەڕەی گوێ و جۆگەی دەرەوەی گوێ وچینی دەرەوەی پەڕەی گوێ پێکهاتووە[3]، و هەموو کەسێك لە ئێمە دەیبینێ، چونکە وەکو هەموو ئەندامێکی تری لەشی مرۆڤ بەدەرەوەیە، و دەوری مایکرۆفون دەبینێ و بە تونێلێکی باریك بە پەردەی گوێوە بەستراوەتەوە ، ئەم پەردەیەش پارچە گۆشتێکی زۆر تەنکەو پلەی هەستیاری زۆر بەرزە و بە نزمترین دەنگ دەلەرێتەوە[4] .

ب- گوێی ناوەڕاست Middle Ear :

ئەم بەشەی گوێ دەکەوێتە دوای پەردەی گوێوە و لە شێوەی بۆشاییەك یا شەقێکی بچووکی پڕ لە هەوادایە و سێ ئێسکی وردی تێدایە، واتە دەکەوێتە نێوان گوێی دەرەوە و گوێی ناوەوە ، یان گوێی دەرەوە بە گوێی ناوەوە دەبەستێتەوە، ئەرکی ئەم سێ ئێسکە وردەش گواستنەوە و گەیاندنی هەموو لەرینەوەیەکی دەنگی و لەرینەوەی دیکەیە لە پەردەی گوێوە بۆ گوێی ناوەوە[5] .

پ- گوێی ناوەوە Inner Ear :

ئەم بەشەی گوێ وەکو بۆشاییەکی ئێسکی وایە، بە دەیان ڕیشاڵە دەماری و چەندین جۆگەی تێدایە، دوو ئەرکی سەرەکی و گرنگ دەبینێت، ئەویش گواستنەوەی لەرینەوەی ئێسکەکانی گوێی ناوەڕاست بۆ مێشك و دەماغ لە ڕێگەی دەرکردنی چەند مادەیەکەوە لەو جۆگانەوە،

---

[1] - یوسف شەریف (٢٠١١ : ٢٤٢) .
[2] - نادر أحمد جرادات (٢٠٠٩ : ٨٣) .
[3] - عەبدولواحید موشیر و ئەوانی تر (٢٠١٣ : ٧٤) .
[4] - غازی فاتح وەیس (٩٨٤ : ٣٢ : ٣٣) .
[5] - هەمان سەرچاوە (ل : ٣٣) .

هەروەها هەندێکیان بەیارمەتی ئەو مادانەی دەری دەدەن ئەرکی هاوسەنگی و ڕێکخستنی گوێ دەبینێ، بەتایبەتی لە کاتی جوڵانەوەی سەر و ملدا .
لەم وێنەیەدا کۆئەندامی بیستن و بەشەکانی دەخەینە ڕوو.
[١]




وێنەی ژمارە (٤) کۆئەندامی بیستن

## (٣-٢-١/٢) فۆنەتیکی فیزیکی Physical Phonetics

فۆنەتیکی فیزکی، یاخود فۆنەتیکی ئەکۆستیکی Acoustic Phonetics ، ئەم لقەی فۆنەتیك بایەخ بە لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندە فیزیکییەکانی دەنگی مرۆڤ دەدات لە قۆناغی گواستنەوەی دەنگدا، واتە لە کاتی ناردنی دەنگەکان لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر، ئەکۆستیکیش لە بنچینەدا بوارێکە لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی فیزیکی، بۆیە بەم ناوەوە ناو نراوە .

قۆناغی گواستنەوەی دەنگیش بە گۆڕەپانی پراکتیکی دادەنرێت بۆ دروستبوونی لەرە لەرو شەپۆلە دەنگییەکان، کە بەهۆی بۆشایی هەواوە دەگوازرێنەوە[٢]، کەواتە فۆنەتیکی فیزیکی ڕووالەت و ناوەرۆك و چۆنێتی دروستبوونی شەپۆلی دەنگ و چۆنێتی ڕۆیشتنی ئەو شەپۆلانە دەگرێتەوە . جووڵانەوەی هەوا لە جووڵانەوەی یەکەم کۆمەڵە گەردیلەی هەواوە دروست دەبێت، کە نزیکی هەردوو لێو یان زارە، پاشان کۆمەڵی یەکەمی گەردیلە وردە وردە بەرە و

---

[١] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(عەبدولواحید موشیر)و ئەوانی تر (٢٠١٣ : ٧٤- ٧٥-٧٦).
[٢] -هەمان سەرچاوە ( ل : ٧٦)

کۆمەڵـەی دووەمـی گەردیلـە دەجوڵێ، دووەمـیش بـەرەو سـێیەم دەبـزوێ ...هتـد ، بـەم شـێوەیە دەنگەکان بەشێوەی شەپۆلی دەنگی تا ماوەیەکی دیاری کراو دەڕۆن، دواتر ئـەو هێزەی یەکـەم جاریان نامێنێ بەرە بەرە کزو بێ هێز دەبن و دادەمرکێنەوە، پێش ئەوەی بەتەواوی دامرکێنـەوە دەگەنە گوێی ئەو کەسانەی کە لە سنووری ئەو تەوژمە شەپۆلانەدان[1]، واتە ئەو دەنگانەی کە بە ڕەوتـی هـەوای لـە سـییەکانەوە هـاتووەو لـە ئـەنجامی چەنـد جووڵەیـەکی ئەندامـەکانی ئاخـاوتن دروستبووە، لەڕووی فیزیکییەوە لە هەوادا دەگوازرێنەوە، بە فۆنـەتیکی فیزیکـی ناودەبرێـت، بـۆ دەستنیشان کردنی لەرەو سیماو درێژی شەپۆلەکانی هەر تاکە دەنگێك ئامێری ئەلکترۆنـی بـەکار دەهێنرێت کە بە سیکتۆگراف (spectrograph ) ناسراوە[2]، کەرەسـەی لێکۆڵینـەوەی فۆنـەتیکی فیزیکی تەنها لەرە لەر و شەپۆلە دەنگیەکان دەگرێتـەوە ، دەنگـەکانی زمـانیش هەرچـەنـدە سـاکار بن یان ئاڵۆز بە شێوەی خول دەڕۆن، ڕۆیشتنی یەکەم کۆمەڵی گەردیلەی هەواو گەڕانـەوەی بـۆ شوێنی خۆی پێی دەوترێت خول، خولەکانی دەنگیش لە کاتی دروستبوونیاندا بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و یەك لە دوای یەکەوە نایەن بە تایبەت کۆنسونانتەکان، لەبەر ئەم هۆیە بە کۆنسونانتەکان دەوترێت دەنگە ناڕێکەکان، بەڵام ڤاوڵەکان تاڕادەیەك خولەکانیان ڕێکتر دەردەکەون، بەم جـۆرە ڤـاوڵ و کۆنسـوناتەکان لـە فۆنـەتیکی فیزیکیدا لەیـەکتری جیـا دەکرێنـەوە، هەربۆیـە کەرەسـەی لێکۆڵینەوەی ئەم لقەی فۆنەتیك تەنیا لەرە لەرو شەپۆلە دەنگییەکان دەگرێتەوە[3] .

## (٤-٢-١/٢) فۆنەتیکی پراکتیکی

ئـەم لقـەی فۆنـەتیك گرنگـی و بایـەخ بـە بـەکارهێنانی ئـامێر و چۆنێتی بـەکارهێنانی دەدات بۆگەیشتن بە ڕاستی دەنگ لە ڕووی فیزیکی و جووڵانەوەی ماسولکەکانی ئەندامەکانی ئاخاوتن لـە کـاتی دروسـتبوونی دەنگدا، بـەو واتایـەی ئـەو ئامانجـەی لێرەدا دەست دەکـەوێت دەتوانرێت بکرێتە بەڵگەیەکی سەرەکی، چونکە شیکردنەوەی دەنـگ بـەپێی ئـامێری تایبـەت لـەقاڵبی تیوری دەچێتە دەرەوە و شێوەی پراکتیکی وەردەگرێت، بۆیـە ئـەم بەشـە بـە بەشـی ڕاستەقینەی فۆنـەتیك دادەنرێت، چونکـە پراکتیکییـە و ئـامێری تایبـەت بـەکار دەهێنرێـت بـۆ گەیشـتن بـە دروسـتی و نادروستی شێوەی تیوری، کە سێ بەشەکەی تری فۆنەتیك دەگرێتەوە[4] .

ئـەم لقـەی فۆنـەتیك هەنـدێ جـار بـە فۆنـەتیکی ئـامێری Instrumental phonetics ، یـاخود فۆنەتیکی تاقیگەیش Experimental phonetics ناو دەبرێت .

---

[1] - غازی فاتح وەیس (١٩٨٤ : ٢٣) .
[2] - وریا عومەر ئەمین (٢٠١١ : ١٣) .
[3] - عەبدولواحید موشیر و ئەوانی تر (٢٠١٣ : ٧٦) .
[4] - غازی فاتح وەیس (١٩٨٤ : ٢٣) .

## (٢/٢) فۆنۆلۆجی

زاراوەی فۆنۆلۆجی لە بنەڕەتدا لە وشەی (Phone logy) ی گریکییەوە وەرگیراوە، ئەویش لە (Phone - دەنگ ) و (Logy - زانست ) پێکهاتووە، واتە لەڕووی زاراوەوە فۆنۆلۆجی واتای زانستی دەنگ دەگەیەنێت[١]، لەڕووی زانستەوە فۆنۆلۆجی بەو لقەی زانستی زمان دەگوترێت کە بایەخ و گرنگی بەلێکۆڵینەوەی دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو دەدات بەمەبەستی دیاریکردنی ئەرك و چالاکی و چۆنێتی کارکردنی ئەو دەنگانە، لە سیستەمی پەیوەندیکردندا، لەیاسا دەنگیەکانی زمان دەکۆڵێتەوە و دەیاننرخێنێت، هەرزمانەش جۆرە نرخێك بەو دەنگانە دەدات، لە زانستی زماندا، فۆنۆلۆجی نموونەیەکی ڕووت (abstract) ی ئەو دەستوورانەیە کە قاڵبی دەنگ پێکدێنن بۆ بیری مرۆڤ[٢]، یاخود فۆنۆلۆجی خستنە ڕووی ئەو دەنگە زمانییانەیە کە ڕۆڵیان لە جیاکردنەوەی وشەیەك لە وشەکانی تری هەمان زمان هەیە[٣]، کەواتە فۆنۆلۆجی لە سنووری تاکە زمانێکدا کار دەکات و دیراسەی فۆنیمەکانی زمانێکی دیاریکراو دەکات و وێنەیەکی تایبەتی دەنگەکانی ئەو زمانە نیشان دەدات، دەبێتە خاڵی بەیەکگەیشتنی دەنگسازی و مۆرفۆلۆجی[٤]، هەربۆیە دەگوترێت، فۆنۆلۆجی سیستەمێکی یەکەی دەنگی بێواتا و گرێدانی ئەم یەکانەیە بەیەکترەوە بۆ دروستکردنی مۆرفێم و وشەی فەرهەنگی واتادار[٥].

## (٢/٢-١) ئەرکەکانی فۆنۆلۆجی :

هەر زمانێك خاوەنی چەند یاسایەکی فۆنۆلۆجییە، کە بەهۆیانەوە ئەم ئەرکانەی لای خوارەوە جێبەجێ دەکرێت :

١- دەستنیشانکردنی فۆنیمەکان . یەکێ لە گرنگترین ئەرکەکانی فۆنۆلۆجی دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمانە، چونکە ئەلف و بێی هەر زمانێك لەسەر بنەمای ژمارەی فۆنیمەکانی دەستنیشان دەکرێت[٦]، فۆنیمەکانیش لەڕێگەی دەنگەکانەوە دەستنیشان دەکرێن، دەبێت ئەو ڕاستییەش بزانین، کە پێڕەوی دەنگی زمان لەوەدایە کە لەناو ئەو هەموو دەنگە جۆراوجۆرە کە مرۆڤ دەریان دەبڕێت، تەنیا سود لە ژمارەیەکی کەمیان وەردەگرێت و لەو ژمارە کەمەش فۆنیمەکانی زمانی لێ دەستنیشان دەکرێت[٧].

---

١ - ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٤ : ٢٨٢ ) .
٢ - غازی فاتح وەیس (١٩٨٤ : ١٧) .
٣ - عەبدولواحید موشیر و ئەوانی تر (٢٠١٣ : ١١٣) .
٤ - سمیر شریف استیتیە (٢٠٠٨ : ٦١) .
٥ - غازی عەلی خورشید (٢٠١٠ : ١٦٧) .
٦ - وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤ : ٥٣) .
٧ - محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١ : ١٢) .

چاكترین ڕێگەش بۆ دۆزینەوەو ساغكردنەوەی فۆنێم جووتە وشە (جووتوكە) یە، واتە ئەو وشانەی كە هەموو دەنگەكانیان وەكو یەكەو، تەنها لە تاكە دەنگێكدا نەبێت جیاوازن، ئەو تاكە دەنگە جیاوازەش واتای جیاواز بە وشەكان دەبەخشێ . (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ل:٤٥)ی لێكۆڵینەوەكە.

٢- لەناو قاڵبی بڕگەی فۆنەتیكیدا بەپێی كۆمەڵێك یاساو دەستوری تایبەت بە زمانەكە فۆنێمەكان لێكدەدرێن و بڕگەی فۆنۆلۆجی پێكدێنن، واتە دەستنیشانكردنی ئەو جۆرە (قاڵبە بڕگانە) ی كە لە ئەنجامی خستنەپاڵیەكتری فۆنێمەكانی ئەو زمانەوە دروست دەبن، ئاماژەكردن بە یاساكانی ئەو خستنە پاڵ یەك و لێكدانی فۆنێمانە لە چوارچێوەی مۆرفێم و وشەدا[1].

٣- دەستنیشانكردن و ئاماژەدان بەو گۆڕانكاریانەی كەبەسەر فۆنێمەكاندا دێن، لە ئاكامی نزیكی و كارلێكردنیان لەیەكتری، چونكە لە ئەنجامی لێكدان و كەوتنە پاڵیەكیان كار لە یەكتری دەكەن .

٤- ئەركێكی تری فۆنۆلۆجی ڕوونكردنەوەی (فۆنێمە ناكەرتیەكان، یان كەرەسە ناكەرتیەكان)ە كە چین و چۆن كاردەكەن[2].

فۆنێمە ناكەرتییەكان كەرەسەی دەنگی ترن و گرنگن لە زماندا ، بەڵام لە نووسیندا هیچ نیشانەیەكیان نییە ، وەك (هێز و ئاواز)[3] .

**(٣/٢) فۆنێم**

زانینی دەنگەكانی زمان و خستنەپاڵیەكترییان بۆ پێكهێنان و دروستكردنی دانەی گەورەتر، وەك ( بڕگە ، مۆرفێم) بەشێكی زانیاری قسەكەرە دەربارەی زمانەكەی خۆی. ڕاسترین ڕێگەش بۆ لێكۆڵینەوە لە دەنگەكانی زمان، پێویستە لە ئاخاوتنی ڕاستەقینەی قسەپێكەرانی زمانەكەوە سەرچاوە بگرێت، چونكە لەڕێگەی دواندن و ئاخاوتنەوە سیفەتی ڕاستەقینەی دەنگەكانی زمان دەردەخرێن، یان دەتوانین بڵێین، لە ئەنجامی بەكارهێنانی ئەم دەنگانە لە ئاخاوتندا هەندێ سیفەتی جیاواز دەگرنە خۆیان و بەچەند شێوەیەكی جیا دەردەكەون لە دەربڕیندا، بە پێی ئەو ژینگە جیاوازەی تیایدا بەكاردێن[4]. تیوری فۆنێم بە یەكێك لە گرنگترین تیۆرییەكانی بواری زمانەوانی دادەنرێت، كە زمانەوانەكان بۆ شیكردنەوەو لێكۆڵینەوەی پێكهاتەی زمان بەكاریانهێناوەو پشتیان پێ بەستووە.

---

[1] - عەبدولواحید موشیر و ئەوانی تر (٢٠١٣ : ١٣) .
[2] - بۆزانیاری زیاتر بڕوانە ( ل : ٥٦) ی ئەم لێكۆڵینەوەیە
[3] - وریا عومەر ئەمین ( ٢٠٠٤ : ١٤ ) .
[4] - طالب حسين على (١٩٨٩ : ٢٣) .

(Kramsky) یەكێكە لەوانەی كە بە توندی پشتگیری ئەم تیورییەی كردووە، بۆیە دەڵێت : ((دۆزینەوەی فۆنێم یەكێكە لە گرنگترین ئەو دەستكەوتانە، كە لە بواری زمانەوانیدا بە دەست هاتووە))، هەروەها ناوبراو سەبارەت بە گرنگی ئەم دەستكەوتە، دەڵێت : (( ئەم دۆزینەوەیە وەكو دۆزینەوەی هێزی (ئەتۆم) وایە، چونكە دۆزینەوەی فۆنێم شۆڕشێكی فكری لە بواری زمانەوانیدا دروستكردووە، هەروەكو چۆن دۆزینەوەی ئەتۆم، دروستبوونی شۆڕشێكی زانستی لە بواری تەكنەلۆژیادا هێنایە ئاراوە ))[1].

بیری فۆنێم ئەوەنەبێت شتێكی نوێ و تازەبێت، بەڵكو بەپێچەوانەوە بیرەكە بیرێكی كۆنەو هەم قسەپێكەران هەستیان پێكردووە، هەم زمانەوانانیش لە كارەكانیاندا پەیڕەویان كردووە، ئەگەر بێ ناوبردنیش بێت، (( بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین هەستكردن بە بوونی فۆنێم و ناسینەوەی شتێكەو جیاكردنەوەو پێناسەكردن و دیاریكردنی شتێكی ترە ))[2].

بەكارهێنانی زاراوەی فۆنێم دەگەڕێتەوە بۆ چارەكی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم، كە لەلایەن زمانەوانی ئنگلیزی (هنری سویت . H. Sweat ١٨٤٥ - ١٩١٢) و ڕوسی (بودوان دی كورتینی . Baudouig de Cortenay ١٨٤٥ - ١٩٢٩)[3]. بەكار هێنراوە.

پێناسەكردنی فۆنێم كارێكی ئاسان نییە، چونكە زمانەوانەكان لەناو خۆیاندا هاوڕا و تەبا نین لە پێناسەكردنی فۆنێمدا، هەر قوتابخانەیەك بە جۆرێك و لە چەند ڕووانگەیەكەوە دەیناسێنێت، تەنانەت هاوڕا نەبوونی زمانەوانان لەسەر پێناسەی فۆنێم لەناو یەك قوتابخانەی زمانیشدا ڕەنگی داوەتەوە[4] .

وەك بەڵگەیەك بۆ دروستی بۆچوونەكەمان، بۆچوونی هەندێ لە قوتابخانە و ڕوانگەكان دەخەینە ڕوو .

**١- ڕوانگەی هۆشەكی یا دەروونی :**

بەپێی بۆچوونی پەیڕەوكەرانی ئەم ڕوانگەیە فۆنێم بریتییە لەو دەنگە نموونەییەی كە قسەكەر دەیەوێت دەری ببڕێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت كتومت ئەو دەنگانە بەرهەمبهێنێ، ئەمیش لەبەر دوو هۆ.

---

[1] - احمد مختار عمر (١٩٩٧ : ١٦٦) .
[2] - محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١ : ٦١) .
[3] - سامی عیاد حنا وآخرون (١٩٩٧ : ١٠٢ )
[4] - احمد مختار عمر ( ١٩٩٧ : ١٧٤) .

أ- دوو دەنگی دووپاتکراوە هەرگیز کتومت لە یەکتری ناچن .
ب-هەموو دەنگێ لە ژێر کاریگەری دەورو بەرەکەیدا دەگۆڕێت .
دیارترین پەیڕەوکەرانی ئەم ڕوانگەیە ( ساپیر ) و (تروبتسکوی) ن[1].

**٢- ڕوانگەی مادی یا فیزیکی :**

بەپێی ئەم ڕوانگەیە فونێم بوونێکی فیزیایی هەیە، و بریتییە لە ڕەگەزێکی دەنگی لە ناو ئاخاوتندا، لەسەر بنەمایەکی ئەندامی (ئەندامەکانی درکاندن)، و بنەمایەکی بیستن (ئەندامەکانی بیستن) بونیاد نراوە، واتە ئەم ڕوانگەیە پشت بە فۆنەتیك دەبەستێ بۆ دیاریکردنی فۆنێم ، (دانیال جونز ، دی سوسیر) لە ڕێبەرانی ئەم ڕوانگەیەن[2].

**٣- ڕوانگەی ڕووت (داپڕاو) :**

بۆچوونی ئەم ڕوانگەیە بۆ فۆنێم ئەوەیە کە فۆنێم یەکەیەکی سەربەخۆیە، پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی بەهۆی سیمای دەنگییەوە، یان بەهۆی بنەمای فۆنەتیکەوە نابێت، بەڵکو یەکەیەکی نابەرجەستەیە و دابڕاوە و دوورە لە واقیعی مادی و دەروونییەوە .
(پاڵمەری ئنگلیزی و جیمبۆی ژابۆنی) لە ڕێبەرانی ئەم ڕوانگەیەن[3] .

**٤- ڕوانگەی ئەرکی :**

بەپێی ئەم ڕوانگەیە فۆنێم لەسەر بنەمای ئەو ئەرکەی لە زماندا دەیبینێت پێناسە دەکرێت، ئەویش وەکو ڕەگەزێك کە توانای جیاکردنەوەی واتای هەبێت، یان ئەرکی جیاکردنەوەی واتا ببینێت، واتە بەپێی ئەم ڕوانگەیە هەر دەنگێك توانای گۆڕینی واتای هەبێت فۆنێمە[4]، فۆنێمیش یەکەیەکی گونجاوە بۆ گوزارشت کردن لە ئەلف و بێی هەرزمانێك .
ئەمانەی سەرەوە بەڵگەی ئەوەن، کە هەر قوتابخانەیەکی فۆنۆلۆجی بە جۆرێك پێناسەی فۆنێمی کردووە، هەریەکە و لە ڕوانگەیەکەوە لە فۆنێم دواوە، بەڵام دەکرێت بوترێت باشترین پێناسەیەك کە پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێت ئەوەیە، کە فۆنێم بە یەکەیەکی دەنگی جیاکەرەوەی واتایی دابنرێت لە چوارچێوەی زمانێکی دیاریکراودا، چونکە (( هەر قوتابخانەیەکی فۆنۆلۆجی ڕای تایبەتی خۆی هەیە دەربارەی چەمکی فۆنێم . لەم قۆناغەدا

[1] - احمد مختار عمر(١٩٩٧ : ١٧٧) .
[2] - عەبدولواحید موشیر و ئەوانی تر (٢٠١٣ : ١١٥)
[3] - هەمان سەرچاوە ( ل : ١١٦)
[4] - محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١ : ٦٦) .

باشترین و پراكتیكی ترین پەیڕەو بۆ دەستنیشانكردنی فۆنێمەكانی هەر زمانێ ئەوەیە كە فۆنێم بە نیشانەیەكی جیاكەرەوە دادەنێت لە ناو چوارچێوەی زمانێكی تایبەتدا ))[1] .

## (١-٣/٢) فۆن - فۆنێم - ئەلۆفۆن

فۆنێم بچووكترین یەكەی دەنگییە كە توانای جیاكردنەوە و گۆڕینی واتای وشەی هەیە، واتە بەو دەنگانە دەوترێت كە لە زماندا وشە دروست دەكەن و بە گۆڕینی ئەم دەنگانە واتا دەگۆڕێت[2] .

بۆنمونە : ئەگەر فۆنێمی (ژ) لە وشەی (ژیر) دا بگۆڕین بۆ فۆنێمی (م) ، ئەوا وشەی (میر) دروست دەبێت، كە جیاوازە لە وشەی (ژیر) ، یان فۆنێمی (ب) لە وشەی (بیر) دا بگۆڕین بە فۆنێمی (پ) ، ئەوا وشەی (پیر) دروست دەبێت، كە جیاوازە لە وشەی (بیر) . كەواتە هەریەكە لە ( ژ ، م / ب ،پ ) فۆنێمن، چونكە جیاوازی واتاییان هێناوەتە ئاراوە .

فۆنێم شتێكی پەنامەگییە (موجەرەدە / abstract) هەندێ فۆنێم چەند (فۆن) ێكی جیاواز دەنوێنن، هۆكاری جیاوازیەكەشیان دەخرێتە پاڵ ئەو ژینگە جیاوازانەی كە تیایدا دەردەكەون ، یاخود هەندێ فۆنێم لە فۆنێك زیاتر دەنوێنن كە پێیان دەگوترێت (ئەلۆفون) .

(( كۆمەڵە دەنگێكی جیاواز كە لە ناو سیستەمی زمانێكدا یەك نرخ پیشان بدەن، ئەم دەنگانە هەموو لەو زمانەدا یەك فۆنێم پێك دەهێنن . بۆ هەر فۆنێمەی بەمەبەستی نووسین، نیشانەیەك دائەنرێ بە پیت لەقەڵەم ئەدرێ، واتا پیت دەنگ نانوێنێ، بەڵكو فۆنێم ئەنوێنێ، فۆنێمیش لەوانەیە كۆمەڵە دەنگێ بنوێنێ . ئەمە ئەوە دەگەیەنێ كە فۆنێم شتێكی مجردە))[3] .

هەرزمانە و تایبەتمەندی خۆی هەیە لەڕووی ژمارە و شێوەی فۆنێمەكان ، بۆیە دەگوترێت فۆنێم تایبەتە ، بەڵام (فۆن) گشتییە ، واتە فۆنەكانی هەر زمانێ وەربگرێن، دەبینین بە هەمان پەیڕەو دروست دەكرێن .

فۆنێم بەو دەنگانە دەوترێت كە لە زماندا وشە دروست دەكەن، بە گۆڕان و لابردنیان واتا دەگۆڕێ، واتە فۆنێم لە (فۆن) گرنگترە، چونكە جیاوازی واتایی دروست دەكات، بۆیە دەوترێت هەموو فۆنیمێك دەنگە، بەڵام هەموو دەنگێك فۆنیم نییە[4] .

بۆنموونە :

---

[1] - وریا عومەر ئەمین ( ٢٠٠٤ : ٩) .
[2] - ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦ : ١٦) .
[3] - وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤ : ١٠٨) .
[4] - نەریمان خۆشناو (٢٠١٣ : ١٣) .

(س) و (ص) له زمانی كوردیدا دوو دەنگی جیاوازی هەمان فۆنێمن، چونكە هیچ وشەیەك نیە له كوردیدا ئەو دوو دەنگە ئاڵوگۆڕ بكەین واتای وشەكان بگۆڕێت، وەك :

سەد : صەد .

سەگ : صەگ .

بەڵام له زمانی عەرەبیدا (س) و (ص) دوو فۆنێمی جیاوازن، به ئاڵو گۆڕكردنیان واتای وشە دەگۆڕن ، وەك :

ساحب : صاحب .

سلب : صلب .




سەبارەت بە (ئەلۆفۆن) دەوترێت ئەو كۆمەڵە دەنگەیە كە فۆنیمێك دەیانگرێتە خۆی ، یان دەربڕینی فۆنیمێك بەچەند شێوەیەك دەگوترێت ئەلۆفۆن ، بەواتایەكی دیكە ئەلۆفۆن فۆنە جیاوازەكانی هەمان فونیمە ، چونكە فونیم بریتییە لە بچوكترین یەكە لە سیستەمی دەنگی زمانێكدا، هەرچی ئەلۆفۆنە ئەوا خوێندنەوە جیاوازەكانی فونێمێكە، بەڵام ئەو خوێندنەوە جیاوازانە هیچ گۆڕانێك لە واتای وشەكەدا دروست ناكات[1] .

كەواتە دەتوانین بڵێین فونێم واتا دەگۆڕێت، بەڵام ئەلۆفۆن واتا ناگۆڕێت، تەنها كورتی و درێژی و گڕی و كپی بە دەنگەكان دەبەخشێت.

پەیوەندی نێوان فۆنێم و فۆن و ئەلۆفۆن لەسەر بناغەیەكی تەواوكاری، یان هەرەمی دووسەرە دامەزراوە ، چونكە تاكو فۆن دروست نەبێت، نەچێتە قۆناغی دركاندنەوە فۆنێم پێك نایەت، بە واتایەكی دی فۆن لە زماندا گشتگیرە، لە زمانێكی تایبەتدا بە فۆنێم تایبەتی وەردەگرێت[2]، ئەلۆفۆن لە پێشگری (allo - شێوەی جیاواز) و وشەی (phone - دەنگ) پێكهاتووە كە بە واتای شێوەی جیاوازی فۆنێم دێت[3] .

---

[1] - سەلام ناوخۆش (٢٠١٠ : ٤٧ ، ٤٨) .
[2] - بازیان یونس محی الدین ( ٢٠٠٨ : ٤٦) .
[3] - ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦ : ١٦) .

واتە ئەلۆفۆن ئەو دەنگانەن کە فۆنێمێك دەیانگرێتە خۆی، یان شێوەیەکە لە شێوەکانی درکاندنی هەمان فۆنیم، بەبێ ئەوەی درکاندنی ئەو شێوە جیاوازە کار لە واتای وشە بکات، واتە چەند دەنگێکن کە فۆنێمێك دەنوێنن[1] .

پەیوەندی نێوان فۆن و فۆنێم و ئەلۆفۆن لەم هێڵکارییەدا ڕوون دەکەینەوە .




واتە فۆنێمی (س) لە زمانی کوردیدا دوو فۆنی هەیە ئەوانیش بریتین لە (س) و (ص) وەك لە وشەکانی (ساوا) و (سەڵت) لە هەردوو وشەکەدا دەنگی (س و ص) بە فۆنێمی (س) دادەنرێت، بەڵام لە دەربڕیندا دوو فۆنی جیاواز پەیدا دەبێت کە بریتین لە (س) لە وشەی (ساوا) و (ص) لە وشەی (سەڵت)، هەردوو فۆنەکەش دەبنە ئەلۆفۆنی فۆنێمی (س)، چونکە دەرکەوتنیان لە ژینگەی جیاواز ئەو دوو فۆنە جیاوازەی بە فۆنێمەکە بەخشی، ئەگینا هەردوو فۆنەکە یەك فۆنێمە، چونکە لە زمانی کوردیدا هیچ وشەیەك نادۆزیتەوە ئەو دوو دەنگە ئاڵوگۆڕ بکەن واتایان بگۆڕێت[2] .

دەتوانرێت دوو جۆر ئەلۆفۆن لە زماندا دەستنیشان بکرێت .

یەکەم : ئەو ئەلۆفۆنانەی شارەزایانی دەنگسازی هەستی پێدەکەن و دەتوانن دەستنیشانیان بکەن بۆنموونە : دەنگی (ت) لە وشەکانی (تەم ، تاڵ) دا.

دووەم : ئەو ئەلۆفۆنانەی کە بە ئاسانی هەستی پێناکرێت، بە ئامێری تایبەت نەبێ دەستنیشان ناکرێن[3].

---

[1] - عادل رەشید قادر (٢٠٠٨ : ٧٦) .
[2] - وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤ : ١٠٦ - ١٠٧) .
[3] - طالب حسین علی (١٩٨٩ : ٢٧) .

## (٤/٢) فۆنێم و سیستەمی فۆنێمی :

سەرەڕای جیاوازی پێناسەکردنی فۆنێم لەلایەن زمانەوانەکانەوە کە بەپێی قوتابخانە زمانەوانیەکان دەگۆڕێت، بەڵام زۆربەیان لەسەر ئەوە کۆکن کە فۆنێم بە یەکەیەکی دەنگی جیاکەرەوە دابنێن لە چوارچێوەی زمانێکی تایبەتدا، بۆ خستنە ڕووی سیستەمی فۆنێمی هەر زمانێکیش، پێویستە ئەو وشانە وەربگرین کە هەموو دەنگەکانیان وەکو یەکن، تەنها لە تاکە دەنگێ نەبێت جیاوازن، ئەم جیاوازییەش لەم تاکە دەنگە هۆکارە بۆ گۆڕینی واتای وشەکان، واتە لە هەر زمانێکدا بە پێی دەستەیەك یاسا کە لە هەموو زمانەکانی جیهاندا هەمان شتە بەهۆی جووتە وشە (جووتۆکە) وە لەم دەنگانەوە سیستەمی فۆنێمی زمانەکە واتا فۆنێمەکان دیاری دەکرێن[1] .

بۆ نموونە : بە بەراوردکردنی ئەم جووتە وشانە لە زمانی کوردیدا (١٤) فۆنێممان دەست دەکەوێت . ( تاڵ ، ساڵ ، زاڵ ، باڵ ، ناڵ ، خاڵ ، ماڵ ، داڵ ، چاڵ ، کاڵ ، پاڵ ، شاڵ ، فاڵ ، یاڵ ) .

هەریەکە لە ( ت ، س ، ز ، ب ، ن ، خ ، م ، د ، چ ، ك ، پ ، ش ، ف ، ی ) لە زمانی کوردیدا فۆنێمن، چونکە واتای وشە دەگۆڕن، بەڵام ئەگەر دوو دەنگ لە هەمان ژینگە دەرکەوتن و واتایان نەگۆڕی، ئەوا بەیەك فۆنیم ئەژمار دەکرێن .

بۆ نموونە : دوو دەنگی ( س ) و ( ص ) لە زمانی کوردیدا بەیەك فۆنێم دەژمێردرێن، چونکە ئەم دوو دەنگە توانای گۆڕینی واتای وشەیان نییە، بەڵام لە سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانی عەرەبیدا دوو دەنگی ( س ) و ( ص ) دوو فۆنێمی جیاوازن و کار لە واتای وشە دەکەن، وەك لە وشەی (سار ، صار ) و ( عسیر ، عصیر) ، بەڵام لە سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانی کوردیدا یەك نرخیان هەیەو کار لەواتای وشە ناکەن، بە دوو شێوەی جیای یەك فۆنێم دەژمێردرێن وەك لە وشەی (ساڵ ، صاڵ) واتە دەنگی (ص) ئەلۆفۆنی (س)[2] .

ئەگەر بڕوانینە ژمارەی فۆنێم لە زمانەکاندا، دەبینین لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی کە جیاوازە، ئەم جیاوازیەش تایبەتمەندی هەر زمانێ لەو زمانانە دەخاتە ڕوو، هەروەها (( هەموو زمانێك ژمارەی فۆنێم و بنیاد و فەرهەنگی وشەکانی بەشی پێویستیەکانی خۆی دەکات ))[3]

[1] - وریا عومەر ئەمین ( ٢٠١١ : ٦٠) .
[2] - هەمان سەرچاوە ( ل ١٣) .
[3] - Crystal (١٩٨١ ; ١٦٨ )

## (١-٤/٢) فۆنێمەكانی شێوەزاری خانەقین :

بۆ دەستنیشانكردنی فۆنێمەكانی زمانی كوردی شێوەزاری خانەقین، ئەو جووتە وشانە وەردەگرین كە بە تەواوەتی لەیەك دەچن، تەنیا لە تاكە دەنگێكدا نەبێ جیاوازن، ئەم تاكە دەنگەش دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەكان ، لەم خشتەی لای خوارەوە ژمارەی فۆنێمەكانی شێوەزاری خانەقین دەخەینە ڕوو.

خشتەی ژمارە (٢) فۆنێمەكانی شێوەزاری خانەقین

| جووتە وشە | فۆنێمەكان | فۆنێمی تازە | ژمارە |
|---|---|---|---|
| حەفت ، چەفت ، خەفت ، جەفت ، كەفت | ح ، چ ، خ ، ج ، ك | ح ، چ ، خ ، ج ، ك | ٥ |
| كەو ، چەو ، شەو ، بەو | ك ، چ ، ش ، ب | ش ، ب | ٢ |
| كار ، مار ، هار ، دار ، بار ، پار ، غار | ك ، م ، ه ، د ، ب ، پ ، غ | م ، ه ، د ، پ ، غ | ٥ |
| سویر ، دویر ، ژویر | س ، د ، ژ | س ، ژ | ٢ |
| كەل ، كەڵ ، كەو ، كەی ، كەف | ل ، ڵ ، و ، ی ، ف | ل ، ڵ ، و ، ی ، ف | ٥ |
| سێف ، ساف ، سوف | ێ ، ا ، و | ێ ، ا ، و | ٣ |
| زوان ، گوان ، جوان | ز ، گ ، ج | ز ، گ | ٢ |
| بان ، باخ ، باز | ن ، خ ، ز | ن | ١ |
| بیر ، بار ، بەر | ی ، ا ، ە | ی ، ە | ٢ |
| ماچ ، ماڵ ، مار | چ ، ڵ ، ر | ر | ١ |
| جەم ، كەم ، تەم | ج ، ك ، ت | ت | ١ |
| زاڵ ، زام ، زاق | ڵ ، م ، ق | ق | ١ |
| ڕاو ، داو ، ناو | ڕ ، د ، ن | ڕ | ١ |
| ڤیان ، ژیان ، گیان | ڤ ، ژ ، گ | ڤ | ١ |
| ئاخ ، باخ ، زاخ | ئـ ، ب ، ز | ئـ | ١ |
| دڵ ، داڵ ، دەڵ | i / بزرۆكە ، ا ، ە | i / بزرۆكە | ١ |
| چەتر ، عەتر ، مەتر | چ ، ع ، م | ع | ١ |
| | | ژمارەی فۆنێم | ٣٥ |

هەر جووتە وشەیەك لەم جووتە وشانە هەموو دەنگەكانیان وەكو یەكن، تەنها لە تاكە دەنگێك نەبێ جیاوازن، ئەم تاكە دەنگانەش بووەتە هۆی گۆڕینی واتای وشەكان، كەواتە ئەو دەنگە

جیاوازانە هەر یەکەیان بە فۆنێمێکی سەربەخۆ دەژمێردرێت لە شێوەزاری خانەقیندا، چونکە واتای جیاوازیان دروستکردووە لە هەمان ژینگەدا و ژمارەشیان (٣٥) فۆنیمە.

دوای دەستنیشانکردنی فۆنێمەکانی ئەم شێوەزارەو بەراوردکردنی لەگەڵ فۆنێمەکانی زاری ناوەڕاست، ئەم تێبینییانەی خوارەوەمان لا دروست بوو .

١- بەکارهێنانی فۆنێمی ( ێ ) لەم شێوەزارەدا تاڕادەیەك بەکەمی دەردەکەوێت، واتە لە چەند وشەیەکی کەمدا دەردەکەون ، وەك : ( سێف ، سێ ، دوێت ، .... ).

٢-هەریەکە لە فۆنێمەکانی ( ۆ ، وو ) وەکو فۆنێمێکی سەربەخۆ لەم شێوەزارەدا دەر ناکەون، بەڵکو بەچەند شێوەیەکی جیاواز و لە هەندی شوێن بەهۆی ژینگەی جیاوازەوە دەردەکەون، یان لەوانەیە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتبێت و کەوتبنە بەر پرۆسەی (vowel shift ) گۆڕانی ڤاوڵی، ئەمەش بەهۆی کاریگەری هەریەکە لە زمانی (فارسی و تورکی). کاریگەری زمانی فارسی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی و تێکەڵی سنوری ئەم شێوە زارە لەگەڵ زمانی فارسی، کاریگەری زمانی تورکیش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی دەوڵەتی عەسمانی و فەرمانڕەواییان لە ناوچەکەدا، جگە لەوەی تاکو ئێستاش بە دەیان خێزانی تورکمان لەم شارەدا نیشتەجێن و بە زمانی خۆیان دەدوێن .

پرۆسەی (vowel shift) بریتییە لە زنجیرەیەك گۆڕان کە بەشێوەیەکی سیستەماتیکی لە بەهای ڤاوڵەکانی زمانێکدا لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی زمانەکەدا ڕوودەدات، یان بریتییە لەو گۆڕانە مەنهەجییەی کە لە دەربڕینی دەنگە ڤاوڵەکانی زمانێکدا دەردەکەوێت، کە هەندێك جار دەکرێت خۆی لە تێکەڵکردنی دوو دەنگی جیاواز ببینێتەوە.

ئەم دیاردەیە لە قۆناغەکانی پێشوی زمانی ئینگلیزیدا ڕویداوە.

بۆنموونە :

ڤاوڵی وشەی (time) .

وەکو ڤاوڵی وشەی (team) دەخوێندرایەوە .

هەروەها ڤاوڵی وشەی (see) .

وەکو ڤاوڵی وشەی (say) دەخوێندرایەوە[١]

هەروەها (Katamba) دەڵێت : (( هەندێ جار ڤاوڵە درێژەکان کوالێتی خۆیان بە پێی ژینگەی جیاواز دەگۆڕن ))[٢].

---

١ -( ١٩٩٢: ٤١٦) Crystal
٢ -(١٩٩٣ :٩٨) Katamba

لـە ڕوانگـەی ئەمــەی لای سـەرەوە دەكرێـت بڵێـین كـە هەریەكـە لـە ڤاوڵـەكانی (ۆ ، وو) لـە شێوەزاری خانەقیندا شێوەو دركاندنی جیاوازیان وەرگرتووە یان بەر پرۆسەی (vowel shift) كەوتوون بۆیە بەم شێوە جیاوازانەی لای خوارەوە دەردەكەون .

أ- ڤاوڵی ( ۆ ) لەم شێوەزارەدا دەرناكەوێت، بەڵكو ئەم شێوە دركاندنە جیاوازانەی وەرگرتووە :

١- (وی) :

ڕۆن ..........ڕوین .          ۆ ← وی

چۆن .........چوین .

لۆتی .........لویتی .

٢- ( و) :

شۆر ........شور .          ۆ ← و

چۆڵ .........چوڵ .

دۆڵ .........دوڵ .

٣- (وە) :

خۆت.......خوەد .          ۆ ← و+ە

خۆم..........خوەم .

دەخۆین........خوەیمن[1] .

ب- ڤـاوڵی ( وو ) ئـەم ڤاوڵـە بەهـەمان شـێوەی ڤـاوڵی ( ۆ) لـەم شـێوە زارەدا دەرناكـەوێت، ئەمـە جگە لەوەی هیچ وشەیەك بەدی نـەكرێت، كـە بـە گۆڕینی (و) بـۆ (وو) واتاكـەی بگۆڕێت وەك ئەوەی لە هەندێ وشەی زاری ناوەڕاست بەدی دەكرێت[2]، وەك :

| شێوەزاری سلێمانی | شێوەزاری خانەقین |
| --- | --- |
| قوڵ | قوڵ : ئاوەگە قوڵ دەت . |
| قووڵ | قویل : ئاوەگە فرە قویلە . |
| كوڕ | كوڕ : كوڕەگە زیرەكە . |
| كووڕ | كویڕ : ئەختیارەگە پشتی كویڕەو بیە . |

[1] - هیوا زەند ( ٢٠٠٧ : ٤٤ ) .
[2] - بەكر عومەر عەلی (٢٠١٤ : ٢٣٦) .

ڤاوڵی (وو) لە شێوەزاری خانەقیندا ئەم شێوەو درکاندنانە وەردەگرێت، وەك:

١- (وی) :

سوور ....... سویر .            وو ← وی

دوور ....... دویر .

ژوور ....... ژویر .

٢- (ی) :

بوو ....... بی .            وو ← ی

قووتوو..... قوتی

پەموو...... پەمی .

## (٥/٢) فۆنێم و جۆرەکانی :

وەکو پێشتر لە ئەرکەکانی فۆنۆلۆجی ئاماژەمان بۆکرد، دەستنیشانکردنی فۆنێمەکانی زمان بەیەکێ لە گرنگترین ئەرکەکانی فۆنۆلۆجی دادەنرێت، لە هەمان کاتدا بایەخ بە جیاکردنەوە و دابەشکردنی فۆنێمەکان لە زمانێکی تایبەتدا دەدات .

فۆنێمەکانی زمانی کوردیش لەم بارەیەو دەکرێن بە دوو بەشی سەرەکییەوە وەك:
(فۆنیمە کەرتییەکان و فۆنێمە ناکەرتییەکان)[١].

## (١-٥/٢) فۆنێمە کەرتییەکان :

فۆنێمە کەرتییەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕین، چ لە ڕووی ژمارە و چ لە ڕووی شێوەوە، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد فۆنێمەکانی هەر زمانێك دەبێتە بنەمایەك بۆ دروستبوونی ئەلف و بێی ئەو زمانە .

ئەوەی زیاتر پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێت فۆنێمە کەرتییەکانە .

بۆ جیاکردنەوەو پۆلێنکردنی فۆنێمە کەرتییەکان دەبێت سوود لە تایبەتمەندییەکانی دەنگ وەربگرین لە ئاستی فۆنەتیکدا، بۆ ئەم مەبەستەش واپێویست دەکات لە دوو لایەنەوە لە دەنگەکان بکۆڵینەوە، ئەوانیش :

---

[١]- طالب حسين على (١٩٨٩ : ٣١) .

یەکەم : شوێنی دروستکردنی دەنگ، یان سازگەی دەنگ point of articulation .

سازگەی دەنگ یان شوێنی دروستکردنی دەنگ، بەیەکێك لە پێوەرەکانی پۆلێنکردنی دەنگەکانی ئاخاوتن دادەنرێت، چونکە ئاماژە بە شوێنی دروستبوون و دەرچوونی دەنگەکان دەکات[١] .

**(١-١-٥/٢) دەنگە کۆنسنانتەکان :**

بەو دەنگانە دەوترێت کە لە کاتی دەربڕین و درکاندنیاندا ئەو ئەندامانەی بەشداری تیادا دەکەن ، دینەوە یەك ،یاخود لەیەك نزیك دەبنەوە، واتە ئەو هەوایەی لە سییەکانەوە دێت پێش دەربازبوونی لە زاردا لە هەندێ جێگا لەمپەر و کۆسپ دێتە ڕێگەی لەلایەن چەند ئەندامێکی درکاندنی وەك (دەنگە ژێکانی ناو قوڵاگ و مەڵاشوی نەرم و زمان و لێو ....هتد) ، واتە ئەمانە تەگەرە دخەنە پێش ئەو هەوایەی کە ئەم دەنگەی پێ دروست دەکرێت[٢] .

لە خوارەوە سیمای هەندێ لە کۆنسنانتەکان و دواتریش سازگەی کۆنسنانتەکان دەخەینە ڕوو.

| سیماکانی (پ) . | سیماکانی (م) . | سیماکانی (ف) . |
| --- | --- | --- |
| + لێوی . | + لێوی . | + لێو ددانی. |
| + بێ ژێ . | + ژێدار . | + بێ ژێ . |
| + زاری . | + لووتی . | + زاری . |

| سیماکانی (ب) . | سیماکانی ( و) . | سیماکانی (ڤ) . |
| --- | --- | --- |
| + لێوی . | + لێوی . | + لێو ددانی . |
| + ژێدار . | + ژێدار . | + ژێدار . |
| +زاری . | + زاری . | + زاری . |

[١] - یوسف شەریف سەعید ( ٢٠١١ : ٢٥٦) .
[٢] - غازی فاتح وەیس (١٩٨٤ : ٥١) .

خشتەی ژمارە (٣) سازگەی دەنگە کۆنسنانتەکان[1]

| ز | سازگەی دەنگ | ئەندامی بەشداربوو | ئەندامی بەشداربوو | دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لێوی | لێوی سەرەوە | لێوی خوارەوە | ب ، م ، پ ، و |
| ٢ | لێوددانی | لێوی خوار | دانەکانی سەرەوە | ف ، ڤ |
| ٣ | ددانی | سەری زمان | دانەکانی سەرەوە | ت ، د ، ن ، ث ، ذ |
| ٤ | پووکی | نووکی زمان | پووك | س،ز،چ،ج،ل،ڵ،ر، ڕ |
| ٥ | مەڵاشووی ڕەق | ناوەڕاستی زمان | مەڵاشوی ڕەق | ش ، ژ ، ی |
| ٦ | مەڵاشووی نەرم | دواوەی زمان | مەڵاشووی نەرم | ك ، گ |
| ٧ | کۆتایی مەڵاشووی نەرم | کۆتایی زمان | نەرمە گۆشتی پشت مەڵاشوو | ق ، غ ، خ |
| ٨ | گەروویی | ڕەگی زمان | ناوەڕاستی گەروو | ح ، ع |
| ٩ | قوڕگی | ژێیەکانی قوڕگ | زمانە بچکۆلە | ھ ، ئـ |

دووەم : چۆنێتی درکاندن یان هەڵوێستی دروستکردن Manner of articulation .

یەکێکی ترە لەو پێوەرانەی کە بۆ پۆلێنکردنی دەنگەکان بەکار دەهێنرێت، ئەم لایەنە سیمای فۆنەتیکی دەنگەکانە[2]، واتە بەپێی دەرچوونی هەوا دەنگەکان دەکرێن بەچەند بەشێکەوە، یان دەوترێت ئەم پێوەرە ئاماژە بە باری ڕێڕەوی هەوا و ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەریدا دێت دەکات، لەکاتی بوونی لەمپەرو بەربەست لە بەردەم درچوونی ئەو هەوایەدا، بۆیە دەنگە کۆنسونانتەکان بەپێی چۆنێتی درکاندنیان بەم شیوەی لای خوارەوە پۆلێن دەکرێن[3] .

١- دەنگی تەقیو، یان وەستاو :

ئەو دەنگانەن پێش ئەوەی بدرکێندرێن، ڕێڕەوی هەوای لە سییەکانەوە هاتوو بۆ ماوەیەکی کورت ڕێگەی لێدەگیرێت، ئەویش بەهۆی بەیەکگەیشتن و بەیەکا نووسانی ئەندامەکانی وەك زمان و لێوی خوار بە ئەندامەکانی تری ئاخاوتنی سەرویانەوە، بەمەش پاڵەپەستۆیەکی هەوایی لە دوای شوێنی بەیەك گەیشتنەکە دروست دەبێت، کاتێکیش ئەندامەکان لە یەکتری دوور دەکەونەوە ، هەواکە ڕێگەی بۆ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی دەربچێت، ئەو دەرچوونی هەوایەش لە ناو

[1] - طالب حسين على (١٩٨٩ : ٣٦) .
[2] - وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤ : ٥٠) .
[3] - یوسف شەریف سەعید (٢٠١١ : ٢٥٧) .

دەمدا شێوەی تەقینەوەیەکی بچووك وەردەگرێت، ئەو دەنگانەش کەبەم شیوەیە دروست دەبن بریتین لە (ب ، پ ، ت ، د ، ك ، گ ، ق)[1] .

٢- دەنگی خشۆك :

بەو دەنگانە دەوترێت کە لە ئەنجامی تەسکبوونەوەی ڕێڕەوی هەوا لە بۆشایی دەم یان لە بۆشایی گەروو دروست دەبن، ئەم تەسکبوونەوەیە دەبێتە هۆی ئەوە هەوای لە سییەکانەوە هاتوو بخشێ بە ئەندامەکانی ئاخاوتن، وەك دەنگەکانی (س ، ز ، ژ ، ش ، خ ، ح ، ع ، غ)[2] .

٣- دەنگی لووتی :

ئەو دەنگانەن کە لەڕێی داخستنی ڕێڕەوی هەوای دەمەوە و بەهۆی نزمبوونەوەی نەرمە مەڵاشوو دروست دەکرێن بە دەنگی لووتی ناسراون وەك (م ، ن)[3] .

٤- دەنگی لایی :

ئەو دەنگانەن کە بەهۆی گەیشتنی پێشەوەی زمان بە دواوەی دان یاخو پووك، هەوای لە سییەکانەوە هاتوو بەسەر لایەکی زمان یان هەردوو لای زمان تێدەپەڕێت وەك دەنگەکانی (ل ، ڵ) .

٥- دەنگی تێکەڵاو :

ئەم دەنگە لە ئەنجامی ئاوێتە بوونی دوو دەنگ بەرهەم دێت، واتە دوو دەنگ لەگەڵ یەکتریدا گونجێنراون و ڕێکخراون، ئەو دوو دەنگەش دەکرێت دەنگێکی وەستاو و دەنگێکی خشۆك بن، هەندێك لە زمانەوانەکان دەڵێن دەنگی ( ج ، چ ) لەو دەنگانەن واتە تێکەڵن، دەنگی ( ج ) لە دوو دەنگی ( د ، ژ ) پێکهاتووە و دەنگی (چ) لە دوو دەنگی ( ت ، ش ) پێکهاتووە، دەنگەکانی ( د ، ت ) لە پۆلی دەنگە تەقیوەکانن و ( ژ ، ش ) لە پۆلی دەنگە خشۆکەکانن .

٦- دەنگی خلیسکاو، یان شێوە بزوێن :

ئەم دەنگانە نیمچە ڤاوڵ یان نیمچە کۆنسنانت دەگرێتەوە، چونکە ئەم دەنگانە وەك ڤاوڵ دەدرکێنرێن، بەڵام لە چوارچێوەی دەنگدا ڕۆڵی کۆنسنانت دەبینن وەك دەنگی ( و ، ی )[4] .

---

[1] - عبدالصبور شاهین (١٩٨٠ : ٢٧) .
[2] - محەمەد مەحوی (٢٠٠٨ : ١٠٤) .
[3] - محەمەد مەحوی (٢٠٠١ : ١٠٤) .
[4] - یوسف شەریف سەعید (٢٠١١ : ٢٥٨-٢٥٩) .

٧- دەنگی دووبارە، یان هەژۆك :

ئەو دەنگەیە کە چەند جارێك بەخێرایی دووبارە دەبێتەوە لە ئەنجامی چەند جار بەیەك گەیشتن و لەیەکتری دوورکەوتنەوەی ئەندامەکانی ئاخاوتن، کە زمان یەکێکە لەو ئەندامانە وەك دەنگی (ر)[١] .

دەکرێت هەردوو پۆلێنکردنەکە واتە (سازگە یا شوێنی دروستبوون و هەڵویست یا حاڵەتی دروستبوون) ی کۆنسنانتەکان لە خشتەیەکدا یەك بخەین.

خشتەی ژمارە (٤) سازگە و حاڵەتی دروستبوونی کۆنسنانتەکان [٢]

| حاڵەتی دروستبوون ↓ | شوێنی دروستبوون | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | **لێوی** | **لێو ددانی** | **ددانی** | **پووکی** | **مەڵاشوی ڕەق** | **مەڵاشوی نەرم** | **کۆتایی مەڵاشووی نەرم** | **گەروویی** | **قوڕگی** |
| **تەقیو** | ب ، پ | | ت ، د | | | ك ، گ | ق | | ئـ/ هەمزە |
| **خشۆك** | | ف ، ڤ | | | ش ، ژ | | خ ، غ | ح ، ع | ه |
| **لووتی** | م | | ن | | | | | | |
| **لازمانی** | | | | ل ، ڵ | | | | | |
| **تێکەڵاو** | | | | ج ، چ | | | | | |
| **دووبارە** | | | | ر ، ڕ | | | | | |
| **خلیسکاو** | و (w) | | | | و (y) | | | | |

١ - عبدالصبور شاهین (١٩٨٠ : ٢٨) .
٢ - طالب حسين على (١٩٨٩ : ٣٥) .

هەروەها کۆنسونانتەکان لە ڕوی لەرینەوەو نەلەرینەوەی ژێیەکانی قوڕك لە کاتی دروست بووندا دەبن بە دوو جۆر گڕ (ژێدار) و کپ (بێژێ)، وەك لەم خشتەی لای خوارەوە هاتووە :

خشتەی ژمارە (٥)، گڕی و کپی کۆنسنانتەکان [١]

| کۆنسونانتە ژێدارەکان | کونسونانتە بێ ژێیەکان |
|---|---|
| ب | پ |
| د | ت |
| گ | ك |
| ج | چ |
| ڤ | ف |
| ژ | ش |
| ز | س |
| ح | ھ |
| ع | خ |
| غ | ق |
| م | |
| ن | |
| ل | |
| ڵ | |
| ڕ | |
| ر | |

[١] - ئەو رەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦ : ٣٥) .

## (٢/٥-١-٢) دەنگە ڤاوڵەکان :

ڤاوڵەکان بە بەشێکی چالاك و گرنگی زمان دادەنرێن، چونکە ئەو زانیارییانەی لە رستەدا هەیە بەزۆری لە ڤاوڵەکانی ئەو ڕستەیەوە وەردەگیرێت[١]، ڤاوڵەکان ئەو دەنگانە دەگرێتەوە، کە لە کاتی درکاندندا هەوا بە ئازادی و بەبێ هیچ تەگەرەیەك لە دەم دێتە دەرەوە، واتە ڕێڕەوی هەوا لە کاتی درکاندنی ڤاوڵەکاندا کراوەیە[٢]، ئەمە جگە لەوەی لە هەموو زمانەکاندا ڤاوڵ ناوکی بڕگە پێکدێنێت، واتە پێویستە لە هەر بڕگەیەکدا ڤاوڵێك هەبێت[٣] .

لە زمانی کوردی زاری ناوەڕاستدا (٨) ڤاوڵ دەستنیشان کراوە، کە بریتین لە :

( و ، وو ، ۆ ، ی ، ێ ، ا ، ە ، i /بزرۆکە ) ، بەڵام ڤاوڵەکانی شێوەزاری خانەقین بەبۆچوونی ئێمە (٦) ڤاوڵن ( و ، ی ، ێ ، ا ، ە ، i /بزرۆکە) .

واتە هەردوو ڤاوڵی ( وو ، ۆ ) وەکو لە پێشتر ڕوونکراونەتەوە بەچەند شێوەیەکی جیاواز دەردەکەون، دەبێت ئەوەش لە یادنەکەین کە هەموو ڤاوڵەکان ژێدارن، واتە لە ئاخاوتنی ئاسایدا یان لە کاتی درکاندنیاندا ژێیەکان دەلەرێنەوە، ئەمە و جگە لەوەی هەموویان زارین، لە کاتی درکاندنیاندا ئەو هەوایەی لە سییەکانەوە دێت بەبێ تەگەرە بە زاردا تێدەپەڕێت، هەروەها ڤاوڵەکانیش بە هەمان شێوەی کۆنسونانتەکان و بە هۆی چەند سیمایەکەوە دەکرێت پۆلێن بکرێن، و جیابکرێنەوە . بەم شێوەیە :

١- (( هەڵویستی زمان چۆنە، واتە چ بەشێکی بەرز دەبێتەوە و چ بەشێکی نزم دەبێتەوە، بۆئەم مەبەستەش زمان کراوە بە سێ بەشەوە .

أ - پێشەوەی زمان .

ب - ناوەڕاستی زمان .

پ - دواوەی زمان .

٢- هەڵویستی لێوەکان (خرن) rounded، یان بەشبوونەتەوە spread .

٣- درێژی و کورتی دەنگەکان ))[٤] .

سیمای و پۆلێنکردنی ڤاوڵەکان لەم خشتەیەدا دەخەینە ڕوو .

---

[١] - غازی فاتح وەیس (١٩٨٤ : ٦٢) .
[٢] - احمد مختار عمر (١٩٩٧ : ١٣٥) .
[٣] - وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤ : ٥٧) .
[٤] - هەمان سەرچاوە ( ل : ٤٧ ) .

خشتەی ژمارە (٦) سیماو پۆلێنکردنی ڤاوڵەکان [١]

| ڤاوڵەکان | هەڵویستی لێوەکان | هەڵوێستی زمان |
|---|---|---|
| ی | بەشبوونەوە | پێشەوەی زمان |
| ێ | بەشبوونەوە | پێشەوەی زمان |
| i/ بزرۆکە | بەشبوونەوە | پێشەوەی زمان |
| ا | کراوە | ناوەڕاستی زمان |
| ە | کراوە | ناوەڕاستی زمان |
| و | خڕ | پشتەوەی زمان |
| وو | خڕ | پشتەوەی زمان |
| ۆ | خڕ | پشتەوەی زمان |

سەبارەت بە جیاوازی نێوان کۆنسونانت و ڤاوڵ دەتوانین لەچەند خاڵێکدا بیانخەینە ڕوو.

یەکەم : لەڕووی درکاندن و دروستکردنەوە :

١- کۆنسونانتەکان بەوە دەناسرێن کە لەکاتی درکاندندا دووئەندامی ئاخاوتن کە بەشداری دەکەن، دێنەوە یەك یان بەڕادەیەك لەیەك نزیك دەبنەوە، کە (خشە) درووست دەکەن و، ئەو هەوایەی لە سییەکانەوە دێتە دەرەوە لە هەندێك شوێندا ڕێی لێ دەگیرێت، بەڵام ڤاوڵەکان بەوە دەناسرێن کە لەکاتی درکاندنیان ڕەوتی بای لە سییەکانەوە هاتوو بە ئارەزوی خۆی و بێ تەگەرە بە زاردا تێدەپەڕێت .

٢- کۆنسونانتەکان بە زیاتر لە ئەندامێکی ئاخاوتن دەدرکێندرێن ، بەڵام لە دروستکردنی ڤاوڵەکاندا پێویستە بڕوانینە جوڵەی زمان و هەردوو لێو .

٣- کۆنسونانتەکان دەبن بە دوو بەشەوە بەشێکیان گڕ (ژێدار) ن بەشەکەی تریان کپ (بێ ژێ)ن، واتە ئەو دەنگانەی لە کاتی دروستبونیاندا ژێیەکانی بلەرێنەوە ئەوە (ژێدارن)، وەك (د ، ب ، ز ، گ ...، هتد) ئەو دەنگانەش لەکاتی دروستبونیاندا ژێیەکان نەلەرێنەوە، وەك (پ ، ف ، س ، ك ...، هتد) ئەوا بێ ژێن ، بەڵام ڤاوڵەکان هەموو ژێدارن .

٤- هەندێ کۆنسونانتی ژێدار لە هەندێ شوێندا دەبن بە بێ ژێ وەکو دەنگی (د) لە وشەکانی (شاد ، مهاباد ) .

---

[١] - طالب حسین علی (١٩٨٩ : ٣٠) .

دووەم : لە ڕووی فیزیکییەوە :

١- لەرەی کۆنسونانتەکان بە هیچ شێوەیەك لەسەر کاغەزو بە بەکارهێنانی ئامێر دەستنیشان ناکرێت، چونکە خولی لەرەی کۆنسونانتەکان ناڕێکن، بەڵام لەرەی ڤاوڵەکان بەئاسانی لەسەر کاغەز و بەهۆی ئامێرەوە دەستنیشان دەکرێت .

٢- دەکرێت لەرەی ڤاوڵەکان درێژ بکرێنەوە، بۆ نمونە : لە گۆرانیدا، بەڵام لەرەی کۆنسونانتەکان بەو شیوەیە درێژ ناکرێتەوە نە لە گۆرانی و نەلە ئاخاوتنی ئاساییدا .

زانیاری یاخود واتای وشە بەزۆری دەکەوێتە سەر ڤاوڵەکان، واتە ڤاوڵەکان زانیاری زیاتر هەڵدەگرن بە بەراورد لەگەڵ کۆنسونانتەکان[١] .

## (٢-٥/٢) فۆنێمە ناکەرتییەکان :

هەندێ دیاردە هەن کە دەتوانرێت بە دیاردەی هاوبەشی نێوان فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی ناو ببرێن، واتە لە هەردوو ڕووەوە سەیر بکرێن و لێیان بکۆڵرێتەوە، ئەوانیش وەك فۆنێمە ناکەرتییەکان، یان کەرەسە ناکەرتییەکان کە بریتین لە (هێز.Stress) و( ئاواز. Intonation).

فۆنەتیك لەمانە دەکۆڵێتەوە بێ ئەوەی بایەخ بدات بەوەی لەناو چوارچێوەی زمانێکی تایبەتدا چۆن کاردەکەن، واتە تەنها سروشت و پێکهاتەیان دەستنیشان دەکات، بۆیە ئەم دیاردانە لە ڕووی دروستبوون و هەبوونەوە دەکەونە ناو فۆنەتیکەوە، بەڵام چۆنێتی کارکردنیان لە زمانێکی تایبەتدا وەکو دیاردەیەکی فۆنۆلۆجی سەیر دەکرێت[٢] .

فۆنێمە ناکەرتییەکان دیاردە و خەسڵەتی دەنگی ترن، لە زماندا زۆر گرنگن، بەڵام لە نووسیندا هیچ نیشانەیەکیان نییە و بەشێك نین لە پێکهاتەی وشە و بریتین لە (هێز و ئاواز)، هەر زمانێ یاسای تایبەت بە خۆی هەیە بۆ بەکارهێنانیان[٣] ، یان دەوترێت (هێز و ئاواز) لە فۆنێمە ناکەرتییەکانن و کاریگەرییان لەسەر دەربڕینەکان هەیە، چ وشە و چ ڕستە[٤] و، بەهەمان شێوەی فۆنێمە کەرتییەکان توانای گۆڕینی واتای وشە و ڕستەیان هەیە .

---

[١] - غازی فاتح وەیس ( ١٩٨٤ : ٥١ - ٥٢) .
[٢] - وریا عومەر ئەمین ( ٢٠٠٤ : ٥٨) .
[٣] - نادر احمد جرادات ( ٢٠٠٩ : ١٢٥) .
[٤] - سامی عیاد حنا و آخرون ( ١٩٩٧ : ٦٧) .

## (١-٢-٥/٢) هێز Stress:

هێز ئەو زیادە وزە دەنگییەیە کە لە ئەنجامی خێرا لەرینەوەی ژێیەکانەوە سەر هەڵدەدات، کە دەکەوێتە سەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی وشەو دەبێتە هۆی زیاتر دەرکەوتنی ئەو بڕگەیە، بە بەراورد لە بڕگەکانی تری هەمان وشە[١]، لە ڕووی دەربڕینەوە بڕگەی هیزدار بە پێی قورسی هەوای بەکار هاتو لە بڕگەی بێ هێز جیا دەکرێتەوە، واتە ئەو بڕگەیەی کە هێزی دەکەوێتە سەر هەوایەکی زیاتری لەگەڵدا خەرج دەکرێت بە بەراورد لەگەڵ ئەو بڕگەیەی کە هێزی ناکەوێتە سەر[٢] .

لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی هێز دەکەوێتە سەر دوابڕگەی وشەوە، ئەگەرچی هەندێ نموونەی ناوێزە (شاذ) بەرچاو دەکەون وەك (چونکە ، بەڵام ، هێشتا ...، هتد) ، لەم وشانەدا هێز کەوتووەتە سەر بڕگەی یەکەم[٣]، گۆڕینی شوێنی هێز لە وشەدا دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا، لەم نموونانەی خوارەوە دەبینین، کە چۆن بە گۆڕینی شوینی هێز واتاکانیشیان دەگۆڕێت .

لە وشەی ( سەوزە) .

ئەگەر هێز خرایە سەر بڕگەی دووەم یان کۆتایی ئەوادەبێتە ناو و واتای خواردەمەنی سەوزە (تەڕە) دەگەیەنێت .

بۆنموونە : ( ئەگەر چوویتە بازاڕ سەوزە بکڕە ) .

بەڵام ئەگەر هێز خرایە سەر بڕگەی یەکەم ئەوا دەبێتە ئاوەڵناو و واتای ڕەنگی سەوز دەگەیەنیت ،

نموون : ( کراسەکە سەوزە) . یان ( چیمەنەکە سەوزە) .

---

[١] - جون لوینز (٢٠٠٩ : ١٠٧) .

[٢] - غازی فاتح وەیس ( ١٩٨٤ : ٨٤) .

[٣] - وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤ : ٢٨٥) .

### (٢-٢-٥/٢) ئاواز Intonation :

ئاواز زاراوەیەكی دەنگسازییە بە واتای هەستكردن یا دەركەوتنی بەرز و نزمی پلەی دەنگییە كە لە ئەنجامی گۆڕینی ڕێژەی لەرینەوەی ژێیەكانی قوڕگەوە دروست دەبێت[١]، یان ئاواز بریتییە لە بەرزی و نزمی دەنگەكانی ئاخاوتن كە كار لە واتای دەربڕینەكان دەكات، گۆڕینی لەرەی ژێیەكان هۆكارە بۆ گۆڕینی ئاوازی ڕستە، هەر ئاوازەش واتایەكی جیا بەڕستە دەبەخشی[٢] .

كەواتە (( ئاواز گۆڕینی ئاوازی ڕستەیە بۆ گەیاندنی مەبەستی جیاواز، هەر ڕستەیەك دەیان مانا دەگەیەنێ بە پێی ئاوازەكەی))[٣].

بۆنموونە : ڕستەیەكی وەك :

(ئازاد زمانی ئینگلیزی باش دەزانێت) .

ئەگەر ڕستەكە بكەینە وەڵامی ئەم پرسیارانە .

(كێ ، چی ، چۆن ) .

بۆمان دەردەكەوێت هەر یەكەیان ئاوازێكی هەیەو جیاوازە لەوانی تر .

---

١ - سامی عیاد حنا وآخرون (١٩٩٧ : ٦٧) .
٢ - عەبدولوەهاب خالید موسا (٢٠٠٩ : ٣٠) .
٣ - وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤ : ٥٣) .

## (بـــەشـــی ســـێـیـەم)

**یاسا فۆنۆلۆجییەکان لەشێوەزاری خانەقیندا**

سادەترین کەرەسەی زمان لە هەموو زمانەکانی جیهاندا ئەو تاکە دەنگانەن کە بەهۆی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە بەرهەمدەهێنرێن، ئەم دەنگانەش دەبنە کەرەسەی خاوی زمان و سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانەکە پێکدێنن .

دەنگەکانی زمان لە ئەنجامی کەوتنەپاڵ یەکترییان، کارلێکدەکەن و چەندین دیاردەی، وەك : ( پەیدابوون ، لەناوچوون ، لەیەکچوون ، جێگۆرکێ ، جێگرتنەوە ، گونجان و نەگونجان )ی دەنگی تایبەت بە زمانەکە دەهێننە ئاراوە، ئەم دیاردە و کارلێککردنانەش سەرپاکیان بە هۆی کۆمەڵێك یاسای تایبەت بە زمانەکە دروست دەبن، کە بە یاسا فۆنۆلۆجییەکان ناو دەبرێن، یاخود ناسراون . کەواتە مەبەست لەیاسا فۆنۆلۆجیەکان ئەوانەن کە لە ئەنجامی لێکدانی فۆنێمەکان، چەند گۆڕانێك بەسەر فۆنێمەکاندا دێت[1] . یاخود دەوترێت یاسا فۆنۆلۆجییەکان ئەو یاسایانەن کە گوزارشت لە پەیوەندی نێوان دوو دۆخی زمانی بەدوایەکدا هاتوو دەکەن لە یەك زمان و لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاری کراودا، مەرجیش نییە ئەم دۆخە لە سەرپاکی زمان و زارەکاندا وەکو یەك سەرهەڵبدەن، بۆیە دەبینین زۆر جار گۆڕانی دەنگی لە زارێکدا هەیە و، لە زارێکی تری هەمان زماندا، لە هەمان کاتدا نییە[2]، واتە ڕاستە هەموو زمانەکان لە گۆڕاندا بەشدارن، بەڵام مەرج نییە زمانەکان وەکو یەك گۆڕانیان بەسەردا بێت، بەڵکو لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، هەندێ جاریش لە زمانێکدا لە زارێکەوە بۆ زارێکی تر جیاوازە، لە ئاستی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی گۆڕان لە هەموو ئاستەکانی تر زیاتر هەستی پێدەکرێت، و ئەم دیاردەیە لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بەدی دەکرێت[3]، ئەمەش کاتێك دەردەکەوێت، کە دەنگەکانی ئاخاوتن کاتێك لە پێکهاتەی بڕگە و مۆرفیم وشە و ڕستەدا بەشداردەبن و کار لە یەکتری دەکەن و هەندێجار گۆڕانیان بە سەردا دێت[4]، ئەو گۆڕانانەی کە لە دەنگەکانی زماندا دێنە ئاراوە، دەکرێت لە ژێر سیستەمی دەنگی و یاساکانی فۆنۆلۆجی زمانەکە دەستنیشان بکرێن.

شێوەزاری خانەقینیش یەکێکە لەو شێوەزارانەی کە بەر پرۆسەی یاسا فۆنۆلۆجیەکان، یان یاسای گۆڕانی دەنگەکان کەوتووە، بۆیە لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین بەپێی توانا باس لەو دیاردانە بکەین و یەك بەیەك بەپێی یاسا فۆنۆلۆجییەکان دایانڕێژین، ئەوەی جێگای سەرنج و تێبینی بێت، ئەوەیە کە ئەم شێوەزارە، بە بەراورد لەگەڵ شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی، وەك

[1] - وریا عومەر ئەمین (٢٠١١ : ١٤) .
[2] - سەنگەر علی مامە (٢٠٠٧ : ٩٦ ) .
[3] - محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١ : ١١٩ ) .
[4] - دولبەر ئیبراهیم فەرەج (٢٠٠٠ : ٤٩ ) .

شێوەزارەکانی ناوەڕاست، دەبینین لە هەموویان زیاتر وشەی عەربی تێدایە، بەو واتایەی ئەو دەنگانەی کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون، ئەگەر لە پلەی فۆنێمیشدا نەبن و ئەلۆفۆن بن ، ئەوا لەم شێوەزارەدا بەشێوەیەکی بەرچاو بەکار دەهێنرێن، بە بەراورد لەگەڵ شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی .

بۆنموونە هەندێك لەو وشانە دەخەینە ڕوو وەك :

مظاهرة

ذمة

اثبات

صبر

طاهر ... هتد

ئەگەر سەرنجی ئەم نموونانەی سەرەوە بدەین، دەبینین دەنگەکانی ( ظ ، ذ ، ث ، ص ، ط ) بە هەمان شێوەی زمانی عەرەبی دەردەبڕرێن، بەڵام لە شێوەزارەکانی تری وەك، زاری ناوەڕاست دەربڕینیان جیاوازە وەك ( موزاهەرە ، زیممە ، ئیسپات ، سەبر ، تاهیر)، و ئەو دەنگانە دەبنە ئەلۆفۆنی فۆنێمەکانی ( ز ، س ، ت) .

لەشێوەزاری خانەقیندا دەکرێ یاساکان لە چەند خاڵێکدا ، بەپێی گۆڕانە دەنگییەکان بخەینە ڕوو، کە بریتین لە :

## (١/٣) پەیدابوونی دەنگ :

هەندێك جار لە ژێر کاریگەریی باردۆخێکی تایبەتدا یەکەیەکی دەنگی یان فۆنێك بۆ زنجیرە دەنگێك زیاد دەکرێت، بەم پرۆسەیەش دەوترێت پەیدابوونی دەنگ، ئەمەش پەیوەندیی بە سروشتی دەنگەکانی زمانەوە هەیە، چونکە لە ئەنجامی کۆبوونەوەی هەندێ دەنگ، کە ناتوانرێت لەگەڵ یەکتردا گۆ بکرێن، یان دەربڕینیان گران بێت لەسەر زمان، بۆ چارە سەرکردنی ئەم گران دەربڕینە ئەو دەنگە نوێیە دێتە نێوانیانەوە[١]، واتە پەیدابوونی دەنگ بەو دیاردەیە دەوترێت، کاتێ دەنگێك لە پێکهاتەی وشەدا دروست دەبێت، ئەمیش لە ئەنجامی کەوتنە پاڵ یەکتری دەنگەکان بۆ ئەوەی دانەی گەورەتر دروست بکەن .

[١] ـ علی محمد حق شناس ( ٢٠٠٨ : ١٥٩ ) .

### (۱-۱/۳) هۆکارەکانی پەیدابوونی دەنگ :

دیاردەی پەیدابوونی دەنگ لە ڕێگەی چەند هۆکارێکەوە دەبێت :

۱- هۆکاری فۆنەتیکی :

هەندێ جار لە ئەنجامی بەیەکگەیشتنی ڕەگی وشەیەك و پاشگرێك دەنگێکی نوێ دێتە کایەوە ئەمەش بۆ جیاکردنەوەی ڤاوڵەکانە لەیکتری ،یان نەهێشتنی هێشووە ڤاوڵ ، زۆربەی جار دەنگێ پێشبینی دەکرێت هۆیەکی فۆنەتیکی دەدۆزرێتەوە بۆ لێکدانەوەی، بەڵام جاری واش هەیە هۆیەکی فۆنەتیکی وامان نییە دیاردەکەمان بۆ لێکداتەوە [1]

بۆنموونە :

ب + خۆ + ەوە > بخۆڕەوە

۲- بوونی زارو شێوە زار :

هەرچەندە هەموو زارەکان هەمان پەیڕەو بەکاردێنن، بەڵام زۆربەی کات جیاوازی نێوانیان لەوەدایە کە یاساکان پاش و پێش دەکەن، یان یاسایەك لە زارێکدا هەیەو لە زارێکدا نییە، یان هەندێ دیاردە هەیە تەنها لە هەندێ شێوەزار بەدی دەکرێت و مەرج نییە لە شێوەزارەکانی تردا هەبن[2] .

بۆنموومە :

| شێوەزاری سلێمانی | شێوەزاری خانەقین |
| --- | --- |
| دەخۆم | خوەم |
| نانەکەمان خوارد | نانەگە خواردیمن |
| هاتووەتەوە | هاتیەسەو |
| خاڵ | خاڵو |
| مام | مەمو |

[1] - محەمەد مەعروف فەتاح ( ۲۰۱۱ : ۱۲۰ - ۱۲۱ ) .
[2] - هەمان سەرچاوە ( ل : ۱۱۸ ) .

## (٢-١/٣) جۆرەکانی پەیدابوونی دەنگ :

مەبەست لە جۆرەکانی پەیدابوونی دەنگ ئەو دۆخ و حاڵەتانە دەگرێتەوە، کە دەکرێت کۆنسنانتێك، یان ڤاوڵێك لە وشەیەکدا پەیدا بێت یان زیاد بکرێت[١].

لە شێوەزاری خانەقیندا دوو جۆر پەیدابوونی دەنگ بەدی دەکرێت :

- پەیدابوونی کۆنسنانت .
- پەیدابوونی ڤاوڵ .

## (١-٢-١/٣) پەیدابوونی کۆنسنانت :

مەبەست لە پەیدابوونی دەنگی کۆنسنانت بەو واتایە دێت، کاتێ دوو دەنگی ڤاوڵ دەکەونە پاڵ یەکتر، لە ئەنجامی لێکدانی دوو مۆرفیم یان زیاتر، دەنگێکی کۆنسنانت، هەندێ جاریش نیمچە ڤاوڵ دەچێتە نێوان هەردوو ڤاوڵەکەوە[٢] .

پەیدابوونی کۆنسنانتەکان بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە لەوانە :

أ- بۆ ئاسانکاری لە دەربڕین و هەندێ جاریش نەهێشتنی تەم و مژی .

ب- ڕێگرتن لە دروستبوونی هێشووە ڤاوڵ ، چونکە لەزمانی کوردیدا دوو ڤاوڵ بەسەر یەکەوە نایەت[٣] .

پ- بۆ پاراستنی ڤاوڵەکان لە سووان، یان گۆڕان[٤] .

بۆ نمونە :

**دەرکەوتنی ( ر ) :**

کاتێ کرداری داخوازی بۆ کەسی دووەمی تاك پاشگری (ەو)*ی دووبارەکردنەوەی بۆ زیاد دەکرێت ،هەندێ جار دەنگی (ر)ی کۆنسنانت لە نێوان دوو ڤاوڵدا پەیدا دەبێت :

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بچو | + | ەو | > | بچورەو |
| بەو | + | ەو | > | بەو رەو |

---

[١] - غازی علی خورشید ( ٢٠١٠ : ٢٠١) .
[٢] - عەبدول واحید موشیر دزەیی (٢٠١١ : ١١١) .
[٣] - طالب حسین علی ( ١٩٨٩ : ٧١ ) .
[٤] - هەمان سەرچاوە ( ل : ٧٢ ) .
* - پاشگری دووبارە بوونەوە لە شێوەزاری خانەقین (ەو) ، لە سلێمانی (ەوە) و ، لە گەرمیان (ۆ) یە.

بخەفە + ەو > بخەفەرەو

بڕەمە + ەو > بڕەمەرەو

**دەرکەوتنی ( س ) :**

١- کاتێ کە مۆرفێمی( ە )ی کاتی ئێستا، دەچێتە سەر ئەو وشانەی کە کۆتاییان بە ڤاوڵ هاتووە، کۆنسنانتی ( س* ) شوێنی ( ە ) دەگرێتەوە .

بۆ نمونە :

ئەوە + لاڵە** + ە > ئەوە لاڵەس

ئەیە + چەقو + ە > ئەیە چەقوس

ئەوە + کویزە*** + ە > ئەوە کویزەس

٢- أ- کاتێ پاشگری ( ەو)ی دووبارەکردنەوە دەچێتەسەر ئەو کردارە بکەرنادیارانەی کە کۆتاییان بە ( ا ) هاتووە ، کۆنسنانتی ( س ) لە نێوان ( ا - ە ) پەیدا دەبێت .

بۆ نمونە :

کوشیا + ەو > کوشیاسەو        لاڵەگە کوشیاسەو

بڕیا + ەو > بڕیاسەو        کارەگە بڕیاسەو

کریا + ەو > کریاسەو        قاپیگە کریاسەو

ب- کاتێ پاشگری ( ەو)ی دووبارەکردنەوە دەچێتەسەر کردارە داڕێژراوەکانی وەك :(هاتنەوە ، چینەوە ، بردنەوە ، ... هتد ) ، لەکرداری ڕابردوی تەواوی ڕێژەی هەواڵیدا ، دوو دەنگی بزوێنی ( ە ) دەکەونە پاڵ یەك ، بۆیە کۆنسنانتی ( س ) لە نێوان ( ە )ی ئەسپێکت - نیشانەی ڕابردوو(ە)ی پاشگری (ەو)دا پەیدا دەبێت[1] .

بۆ نموونە :

هاتم + ە + ەو > هاتمەسەو .        من هاتمەسەو

چین + ە + ەو > چینەسەو .        ئەوان چینەسەو

---

* بە بۆچوونی م . دلشاد محەمەد غەریب دەنگی (س) زیاتر بۆ مەبەستی جەختکردنەوە بەکاردێت .

** لاڵە = چرا یان لەمپا .

*** کویزە = گۆزەی ئاو .

[1] - ئومێد بەرزان برزو ( ٢٠١١ : ٥١ ) .

بردن + ە + ەو > بردنەسە .          ئەوان گەمەگە بردنسەو

**دەركەوتنی دەنگی ( ز ) :**

دەركەوتنی دەنگی ( ز ) بەتايبەتی لە ژمارەكاندا بەدی دەكرێت :

نو + دە > نوزدە

سێ + دە > سێنزە / سێزدە

**دەركەوتنی ( ی ) نیمچە كۆنسنانت :**

لەشێوەزاری خانەقیندا ( ی ) نیمچە كۆنسنانت، لەم حاڵەتانەی لای خوارەوە دەردەكەوێت:

بۆ نموونە :

١- كاتێ نیشانەی (ە)ی، نیشانەی ئامـاژە ( ئـەو...ە ، ئـەی...ە ) دەكەونـە سـەر وشـەيەك، كەكۆتايی بە ڤاوڵ هاتبێ ئەوا دەنگی ( ی ) نیمچە كۆنسنانت پەيدادەبێت .

ئەی + برا + ە > ئەی برايە

ئەو + كانی + ە > ئەو كانییە

ئەی + ماسی + ە > ئەی ماسییە

ئەو + كورسی + ە > ئەو كورسییە

ئەو + خاڵو + ە > ئەو خاڵویە

٢- كاتێك نیشانەی ( ان ) ی كۆ دەخرێتە سەر هەندێك لەو ناوانەی كە بە دەنگی ڤاوڵ كۆتاییان دێت، دەنگی ( ی ) نیمچە كۆنسنانت پەيدا دەبێت .

بۆ نموونە :

قوتابی + ان > قوتابییان

برا + ان > برايان

ماموستا + ان > ماموستايان

دەبێت ئـەوەش بـزانین كـە مـۆرفێمی سـەرەكی ( كـۆ ) لـە شـێوەزاری خانەقینـدا، مـۆرفێمی ( ەيل)ـە، بـەڵام لـەپاڵ ئـەم مۆرفێمەشـدا، و لـەژێر كاريگـەری زاری ناوەڕاسـت هەنـدێ جـار مۆرفێمی ( ان)یش بەكاردەهێنرێت، بەتايبەتی لە نووسین و زمانی ئەدەبیدا[١] .

[١] - رۆكان عەبدوڵا محەمەد ( ٢٠٠٨ : ٨٣ ) .

بۆنموونە :

پیاو + ەیل > پیاوەیل ( پیاوان )

ژن + ەیل > ژنەیل ( ژنان )

کوڕ + ەیل > کوڕەیل (کوڕان )

چەو + ەیل > چەوەیل ( چاوان )

٣- کاتێك مۆرفێمی نەناسراوی ( ەگ ) دەچێتە سەر ئەو وشانەی کە بە ڤاوڵ کۆتاییان هاتووە ، نیمچە کۆنسنانتی ( ی ) دەردەکەوێت .

بۆ نموونە :

سەیارە + ەگ > سەیارەیەگ

خانی + ەگ > خانییەگ

چەرمی + ەگ > چەرمییەگ

چەقو + ەگ > چەقویەگ

٤- کاتێك نیشانەی ناسراوی ( ەگە ) دەچێتە سەر ئەو وشانەی کە کۆتاییان بە ڤاوڵ هاتووە نیمچە کۆنسنانتی ( ی ) پەیدا دەبێت .

بۆ نموونە :

قەیچی* + ەگە > قەیچییەگە

زەوی + ەگە > زەوییەگە

پشی + ەگە > پشییەگە

* قەیچی = مقەست.

### (٣/١-٢-٢) پەیدابوونی ڤاوڵ :

لە شێوەزاری خانەقیندا پەیدابوونی کۆنسنانت زیاترە وەك لە پەیدابوونی ڤاوڵ، بۆیە تەنها لە چەند حاڵەتێکی تایبەتداو بە شێوەیەکی کەمتر پەیدابوونی ڤاوڵ دەبینرێت :

پەیدابوونی ( ە )

زنجیر..........زەنجیر

دونم .......... دەونم[١]

مارمیلك ......... مارمیلکە

چار .......... چارە

نوژەن .......... نەوژەن

جاجگ .......... جاجگە

٢- پەیدابوونی ( ی ) .

پلان .......... پیلان

دبلوماسی ..........دیبلوماسی

لرگن.......... لیرگن

پەیدابونی ( و )

دنیا .......... دونیا

خاڵ .......... خاڵو

دژمن .......... دوژمن

٤- پەیدابوونی ( ا )

ڕوشن .......... ڕوشنا

کون .......... کونا

[١] - نعمت علی سایە ( ١٩٨٨ : ٣٧).

## (٢/٣) لەناوچوونی دەنگ Elision :

لەناوچوونی دەنگ بریتییە لە ناوچوونی دەنگێك یان زیاتر، بەپێی ئەو ژینگە جیاوازانەی کە ئەم دەنگانەی تێدا دەردەکەوێت، ئەمەش لە ئەنجامی لێکدان و کەوتنە پاڵیەکتری دانە زمانییەکان ڕوو دەدات[١]، یاخود دەوترێت لەناوچوون، یان سووانی دەنگ بریتییە لە لەناوچوونی دەنگێك یان زیاتر لە مۆرفیمێکدا[٢].

لەناوچوونی دەنگ یاسایەکە، لە یاسا فۆنۆلۆجییەکان و لەژێر بارودۆخێکی تایبەتدا دێتە ئاراوە[٣].

یەکێك لەو گۆڕانانەی کە بەسەر سیستەمی فۆنۆلۆجی شێوەزاری خانەقیندا هاتووە، لەناوچوونی دەنگە، ئەم لەناوچوونەش لەئەنجامی دەرکەوتنی دەنگەکانی ئەم شێوەزارەیە لەژینگەی جیاوازداو، لە هەندێ حاڵەتدا شێوەو قاڵبی جیاواز وەردەگرێت، بەڵام بەبێ ئەوەی کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر ئەرك و واتا هەبێت[٤].

لەناوچوونی دەنگ، بەتایبەتی کۆنسونانتەکان، دەکرێت لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشە و مۆرفێمدا ڕووبدات .

بۆنموونە :

أ- لەسەرەتای وشە، وەك :

زرم و کوت .......... رم و کوت

خورد .......... ورد

ب- لە ناوەڕاستی وشە، وەك :

نەستەق .......... نەسەق

مەندەلی .......... مەنەلی

منداڵ .......... مڵاڵ

قەستەم .......... قەسەم

پ- لە کۆتایی وشە، وەك :

بەغداد .......... بەغدا، یان بەغا

دەست .......... دەس

---

١ - Crystal (١٩٩٢ : ١١٧ ).

٢ - محمد علی الخولی ( ١٩٩٠ : ٢٠٦ ) .

٣ - علی محمد حق شناس ( ٢٠٠٨ : ١٥٧ ) .

٤ - طالب حسین علی ( ١٩٨٩ : ٥٨ ) .

**(١-٢/٣) هۆكارەكانی لەناوچوونی دەنگ :**

دەتوانین گرنگترین هۆكارەكانی لەناوچوونی دەنگ لەم چەند خاڵەی لای خوارەوە چڕ بكەینەوە :

١- بەمەبەستی ئاسان دەربڕین و بەكارهێنانی كەمترین وزە لەلای قسەكەر لە دەربڕینی وشەكاندا، خۆپاراستن لە ماندوكردنی ئەندامەكانی ئاخاوتن[1]، واتە ئیكۆنۆمیكردن .

بۆ نموونە :

لابردنی مۆرفێمی ( ب )ی كاری داخوازی .

ڕا + ب + كە > ڕابكە......... ڕاكە

٢- بەدوایەكداهاتنی فۆنێمە لێكچووەكان : قسەپێكەرانی زۆربەی زارەكانی زمانی كوردی لە هەندێ حاڵەتدا حەز بەدوایەكدا هاتنی فۆنێمە لێكچووەكان ناكەن و، هەوڵدەدەن خۆیانی لێ دەرباز بكەن .

بۆنموونە :

كورت + تر > كورتر

چاك + كردن > چاكردن

دەبێ ئەوەش بزانین ، ئەم دیاردەیە واتە لەناوچوونی دەنگ بەهۆی بەدوایەكدا هاتنی فۆنێمە لێكچووەكان، لە هەندێ حاڵەتدا ڕوودەدات، نەك لە هەموو حاڵەتەكاندا، چونكە هەندێ جار دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا .

بۆنموونە : ( ڕێك + كردن > ڕێكردن )[2]

٣- دەوروبەریدەنگی ، یان شوێنی دەنگ لە دەوروبەری وشەدا كاریگەری لەسەر لەناچوونی دەنگ هەیە ، واتە لەئەنجامی دەركەوتنی وشە و فۆنێمەكان لە ژینگەی جیاوازدا، هەندێ جار لەناوچوونی دەنگ دێننە ئاراوە[3]:

بۆنموونە : ماست + ئاو = ماساو. لەناوچوونی ( ت ، ئـ ) .

---

[1] - دەرون عەبدولڕەحمان ساڵح (٢٠١٠ : ٤٦ ) .
[2] - دولبەر ئیبراهیم فەرەج ( ٢٠٠٠ : ٦٠ ) .
[3] - غازی عەلی خورشید ( ٢٠١٠ : ٢٠٠ ) .

## (٢/٣-٢) جۆرەکانی لەناوچوونی دەنگ :

وەکو لە پێشتردا ئاماژەمان بۆ کرد، لەناوچوونی دەنگ یەکێکە لە یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی، بەڵام بەمەرجێك نابێت کار بکاتە سەر گۆڕینی واتا، یان لەدەستدانی واتا ڕاستەقینەکەی.

لە شێوەزاری خانەقیندا، لەناوچوونی هەریەکە لە کۆنسنانت و ڤاوڵ بەجیا، و هەندێجاریش هەردوکیان پێکەوە بەدی دەکرێن، وەك :

## (٢/٣-٢-١) لەناوچوونی کۆنسنانت :

لێرەدا ئەو دەنگە کۆنسنانتانە دەخەینە ڕوو، کە زیاتر ڕووبەڕووی لەناوچوون دەبنەوە :

١- لەناوچوونی دەنگی ( د )

لە شێوەزاری خانەقیندا، دەنگی ( د ) یەکێکە لەو دەنگانەی کە بەزۆری ڕووبەڕووی لە ناوچوون دەبێتەوە، ئەم دیاردەیەش لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دەبینرێت .

بۆ نموونە :

أ - لە ناوەڕاستی وشەدا :

١- هەندێك جار دەنگی ( د ) کە دەکەوێتە سەرەتای بڕگەی دووەم و سێیەمی وشەوە و، ڤاوڵی (ا)ی بەدوادا بێت توشی لەناوچوون دەبێت .

بۆنموونە :

زامدار .......... زامار

مەیدان .......... مەیان

نازدار .......... نازار

قەرەداغ .......... قەراغ (ە ، د) تیاچوون

٢- کاتێك دەنگی ( د ) دەکەوێتە دوای کۆنسنانتی ( ن ) و، سەرەتای بڕگەی دووەم و سێیەمی وشەوە، لە هەندێ حاڵەتدا لەناو دەچێت .

بۆنموونە :

گەندەڵ .......... گەنەڵ

تكاندن .......... تكانن

ئەفەندی .......... ئەفەنی

گوڵ ئەندام .......... گوڵ ئەنام

ب - لە كۆتایی وشە :

هەندێك جار دەنگی ( د ) لەناودەچێت ، كاتێك دەكەوێتە كۆتایی وشەوە و، یەكێك لە ڤاوڵەكانی ( ە ، ا ، ی ) لەپێشەوە بێت .

بۆ نموونە :

ئەڵوەند .......... ئەڵوەن

مەڵبەند .......... مەڵبەن

بەغداد .......... بەغدا

زیاد .......... زیا

چەند .......... چەن

زەماوەند .......... زەماوەن

حەمید .......... حەمی

٢- لەناوچوونی دەنگی ( ت )

لەناوچوونی دەنگی (ت) یەكێكە لەو دیاردە دەنگییانەی كە بەزۆری بەرچاو دەكەوێت . لەناوچوونی ئەم دەنگە لەزاری ناوەراست بەزۆری لە كۆتایی وشەدا دەبێت، بەتایبەتی كاتێك بەدوای دەنگەكانی ( س ، ش ، و)دا دێت[١]، وەك :

بەربەست .......... بەربەس

زەردەشت.......... زەردەش

كەوت .......... كەو

[١]- دولبەر ئیبراهیم فەرەج ( ٢٠٠٠ : ٦٨ ) .

لەشێوەزاری خانەقینیشدا لەهەندێ حاڵەتدا دەنگی ( ت ) کە دەکەوێتە دوای دەنگی ( س ، ش ) لەناودەچێت ، بەڵام مەرج نییە تەنها لە کۆتایی وشەدا بێت، بەڵکو هەندێك جار لە ناوەڕاستی وشەدا دەنگی (ت) لەناو دەچێت :

أ - لە ناوەڕاستی وشەدا:

هەندێك جار دەنگی( ت ) لەناودەچێت ئەگەر بکەوێتە سەرەتای بڕگەی دووەم و سێیەمی وشە و ودوای دەنگی (س ) بێت و هەریەکە لە ڤاوڵەکانی ( ا ، ە )ی بەدوادا بێت .

بۆنموونە :

نەستەق .......... نەسەق

هەستان .......... هەسان

وەستا .......... وەسا

دەستاڕ .......... دەساڕ

ماموستا .......... ماموسا

زمستان .......... زمسان

کوردستان .......... کوردسان

ب - لەکۆتایی وشەدا:

هەندێك جار دەنگی (ت) لەناودەچێت ئەگەر بکەوێتە کۆتایی وشەو وبەدوای هەریەکە لەدەنگەکانی (س ، ش ) دا بێت .

بۆنموونە :

ڕاست .......... ڕاس

ماست .......... ماس

دەست .......... دەس

خەست .......... خەس

بیست .......... بیس

کوشت .......... کوش

سەردەشت .......... سەردەش

پاداشت .......... پاداش

یاداشت .......... یاداش

٣- لەناوچوونی دەنگی ( هـ )

لەشێوەزاری خانەقین و لەهەندێ حاڵەتدا، دەنگی ( ه ) لەناو دەچێت، بەتایبەتی کاتێك ئەم دەنگە بکەوێتە سەرەتای بڕگەی دووەم و سێیەمی وشەوە، یەکێك لە ڤاوڵەکانی ( ا ، و ، ە ) ی بەدوادا بێت . بۆنموونە :

ڕوژهەڵات .......... ڕوژەڵات

دەستهاڕ .......... دەستاڕ / دەساڕ . (ت ، هـ) تیاچوون

دەهوڵ .......... دەوڵ

دەسك وهاون .......... دەساون . (ك ، هـ) تیاچوون

٤- لەناوچوونی دەنگی ( گ )

هەندێك جار دەنگی ( گ ) لە ناوەڕاستی وشەدا لەناودەچێت، بەتایبەتی کاتێك دەکەوێتە پێش ڤاوڵی ( ی ) .

بۆنموونە :

خەمگین .......... خەمین

سەنگین .......... سەنین

دەزگیران .......... دەزیران

ڕەنگین .......... ڕەین[1]

٥- لەناوچوونی دەنگی ( ئـ )

لەم شێوەزارەدا، بەهەمان شێوەی زاری ناوەڕاست، لەناوچوونی دەنگی ( ئـ ) زیاتر لە ناوی لێکدراو، یان ئەو ناوە لێکدراوانەی کە دووەم ناویان (ئاو)ە دەردەکەوێت .

بۆنموونە :

ماس + ئاو = ماساو

گوڵ + ئاو= گوڵاو

خەرگ* + ئاو = خەڕگاو

نژی** + ئاو = نژیاو

زەرد + ئاو = زەرداو

---

[1] - عبدالمحسن بنی وەیس ( ١٩٨٨ : ٨٨) .

* - خەرگ = قوڕ .

** - نژی = نیسك .

## (٣/٢-٢-٢) لەناوچوونی ڤاوڵ :

له زمانی کوردیدا لەناوچوونی ڤاوڵ بە بەراورد لەگەڵ لەناوچوونی کۆنسنانتەکاندا، کەمتر بەدی دەکرێت ، چونکە ڤاوڵ بە بنچینەی بڕگە دادەنرێت[١]، هۆکاری لەناوچوونی ڤاوڵەکانیش بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو حاڵەتانەی کە دەکەونە تەنیشت یەکتری .

لەشێوەزاری خانەقیندا ئەوەندەی تێبینیمان کردبێت، تاکە ڤاوڵ کە ڕووبەڕووی لەناوچوون دەبێتەوە ، ڤاوڵی ( ە ) یە، و لەچەند حاڵەتێکدا ئەم دیاردەیە ڕوو دەدات وەك:

١- کاتێك کە مۆرفێمی ناسراوی ( ەگە) دەچێتە سەر هەندێ لەو وشانەی کە کۆتاییان بە ڤاوڵی (ە ، ا) هاتووە، ڤاوڵی ( ە ) لەناودەچێت .

بۆنموونە :

سەیارە + ەگە = سەیارەگە

برا + ەگە = براگە

کرا + ەگە = کراگە

هەوا + ەگە = هەواگە

٢- هەندێك لەو ئاوەڵکارە کاتییانەی کە کۆتاییان بە ڤاوڵی ( ە ) هاتووە، کاتێك مۆرفێمی کۆی (ان) وەردەگرن، ئەوا ڤاوڵی ( ە ) لەناودەچێت .

بۆنموونە :

ئێوارە + ان = ئێواران

شەممە + ان = شەممان

جومعە + ان = جومعان

٣- لە هەندێك حاڵەتی کرداری داخوازی بۆکەسی دووەمی تاك، ( ە )ی جێناوی کەسی دووەمی تاك لەناو دەچێت .

بۆنموونە :

هەڵسە .......... هەڵس

بڕەمە .......... بڕەم

بخەفە .......... بخەف

---

[١] - عەبدولواحید موشیر و ئەوانی تر ( ٢٠١٣ : ١٣١ ) .

**(٣-٢-٢/٣) لەناوچوونی کۆنسنانت و ڤاوڵ پێکەوە :**

لەشێوەزاری خانەقین هەندیك جار دیاردەی لەناوچوونی کۆنسنانت و ڤاوڵ پێکەوە دەبینرێت وەك :

لەناوچوونی ( ئـە ):

ئەم دیاردەیە لە هەندیك لەو وشانەدا دەدەکەوێت کە بە ( ئـە ) دەسپێدەکەن .

بۆنموونە :

ئەسکڵ .......... سکڵ

ئەژنەفتن .......... ژنەفتن

ئەیانە .......... یانە

ئەنجنین .......... جنین[١]

لەناوچوونی ( کـە ) :

لەناوچوونی ( کـە) لە هەندێك حاڵەتدا و لە ناوەڕاستی وشەی لێکدراودا دەردەکەوێت .

بۆنموونە :

دوێکە شەو .......... دوێشەو

کاکە عەلی .......... کاعەلی

براکەمی .......... برامی

هەروەها دەکرێت لە کۆتایی وشەدا ئەم دیاردەیە ڕوو بدات وەك :

توڵەکە .......... توڵە

لەناوچوونی ( لە ، وە ):

| | | |
|---|---|---|
| لەلێم .......... لێم | (لەلیم / لیم ) سەندەی | ( لێمی سەند ) |
| لەلیت .......... لیت | (لەلیت/ لیت) = | ( لێتی سەند ) |
| وەپیم .......... پیم | (وەپیم/ پیم ) کلکرد | ( پێمی نارد ) |
| وەپیت .......... پیت | (وەپیت/پیت) = | ( پێتی نارد ) |

---

[١] ـ دولبەر ئیبراهیم فەرەج ( ٢٠٠ : ٨٠ ) .

## (٣/٣) لەیەکچوونی دەنگ Assimilation :

لەیەکچوونی دەنگ، گۆڕینی فۆنیمێکە و دەرکەوتنێتی بە شێوەی دەنگێکی نزیك لە خۆی، ئەمەش لەژێر کاریگەریی فۆنیمێکی دراوسێدا ڕوودەدات[١]، واتە کارلێکردنی دەنگە دراوسێکانە لەیەکتری، بەجۆرێك کە لەیەکچوون و گونجاندن لە نێوانیاندا زیادبێت و جیاوازییان کەمبێتەوە، چونکە دەنگە دراوسێکان بەشێوەیەکی گشتی ئارەزووی لەیەکچوون و گونجاندن دەکەن[٢].

( احمد مختار عمر ) سەبارەت بەم دیاردەیە، دەڵێت : (( لەیکچوون بریتییە لە گۆڕین و گونجاندنی دەنگ بەهۆی هاوسێتییەوە لەگەڵ دەنگی تر، یان گۆڕینی فۆنیمی نەگونجاوە بۆ گونجاو ، ئەم لەیەکچوونەش یان ( لەیەکچوونی تەواو/ تشابە کلی، Complete Assimilation ) یان ( لەیەکچوونی ناتەواو / تشابە جزئی ، Partial Assimilation ) دەبێت ))[٣] .

## (٣/٣-١) هۆکارەکانی لەیەکچوونی دەنگ :

لە هەر زمانێکدا کۆمەڵێك هۆکار و فاکتەر هەن، دەبنە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی لەیەکچوونی دەنگەکانی زمان ، گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن :

١- کارتێکردنی دوو دەنگی هاوسێ لەسەر یەکتری، کە دەکرێت کارتێکردنی دەنگی پێشەوە بێت لەسەر دەنگی دواوە، یان بە پێچەوانەوە کارتێکردنی دەنگی دواوە بێت لەسەر دەنگی پێشەوە، بەیەکێك لە هۆکارەکانی پەیدابوونی دیاردەی لەیەکچوونی دەنگی دادەنرێت[٤] .

بۆنموونە :

| | | |
|---|---|---|
| شەمبە .......... شەممە | ب ← م |
| بردتان .......... برتتان | د ← ت |

---

- ١ Peter . R (١٩٩٩ : ١٢٣ )
- ٢ - محمد علی الخولی ( ١٩٩٠ : ٢١٩ ) .
- ٣ - احمد مختار عمر ( ١٩٩٧ : ٣٧٨ ) .
- ٤ - سامی عیاد حنا و آخرون ( ١٩٩٧ : ٩ ) .

٢- هۆکارێکی تری لەیەکچوونی دەنگ ، دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئەندامەکانی ئاخاوتن و ڕێکخستن و گونجانی جوڵانەوەی ماسولکەکان لەکاتی درکاندنی دەنگەکاندا[١] .

بۆ نموونە:

کوێستان .......... چوێستان

٣- خلیل ابراهیم العطیة دەڵێت : (( ئەگەر هاتوو دوو دەنگ لەکاتی ئاخاوتندا لە شوێنی هاتنە دەرەوەیاندا بەیەك گەیشتن، و ( گڕ ) یان ( بەرز ) بن، ئەوە یەکێکیان بە چرپە، یان بە سوکی دەردەبڕرێت، واتە لە نێوانیاندا گرژبوون و ڕاکێشان دروست دەبێت، چونکە هەریەکەیان دەیەوێ ئەوەی دی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت ))[٢] .

بۆنموونە:

گردن .......... گرتن

٤- فاکتەرێکی تری ئەم دیاردەیە، بەهۆی کاری فسیۆلۆجی ئاخاوتنەوە ڕوودەدات، بۆمەبەستی پتر ئاسانکردنی هێز و وزەی قسەکەر[٣] .

بۆ نموونە:

گەزتن .......... گەستن

---

[١]- طالب حسین علی ( ١٩٨٩ : ٤٩ ) .

[٢] - دولبەر ئیبراهیم فەرەج ( ٢٠٠٠ : ٥٢ ) .

[٣] - Fromkin . V , Rodman . R ( ١٩٨٨ : ٩٩ )

## (٣/٣-٢) تایبەتمەندییەكانی یاسای لەیەكچوونی دەنگ :

١- یەكێك لە گرنگترین تایبتمەندییەكانی یاسای لەیەكچوونی دەنگی ئەوەیە كە ئەم دیاردەیە بە تەنها ڕوو بەڕووی دەنگە كۆنسنانتەكان دەبێتەوە، چونكە وەكو لەسەرەتادا باسمان كرد لەیەكچوونی دەنگ، بریتییە لە كارتێكردنی دوو دەنگی دراوسێ، یان بەدوای یەكدا هاتو، لەو سۆنگەوەی كە لەزمانی كوردیدا دوو ڤاوڵ بەسەریەكەوە نایەن، بۆیە لەیەكچوون لەنێوان ڤاوڵەكاندا ڕوونادات.

٢- هەرزمانێك یاسای تایبەت بە خۆی هەیە بۆ ئەم دیاردەیە و لە زمانێكەوە بۆ زمانیكی تر جیاوازە، تەنانەت هەندێ جار یاساكان لە نێوان زارەكانی زمانێكیشدا بەدی دەكرێت .

## (٣/٣-٣) جۆرەكانی لەیەكچوونی دەنگ :

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوەكرد، لەیەكچوونی دەنگ، بەواتای كارتێكردنی دەنگەكانی دراوسێ دێت، لە دەربڕین و ئاخاوتندا .
بەشێوەیەكی گشتی لە زمانی كوردیدا دوو جۆر لەیەكچوونی دەنگی بەدی دەكرێت ئەویش ( لەیەكچوونی تەواوی دەنگی ) و ( لەیەكچوونی ناتەواوی دەنگی ) .

### (٣/٣-٣-١) لەیەكچوونی تەواوی دەنگ Complete Assimilation :

لەیەكچوونی تەواوی دەنگ بریتییە لە گۆڕینی دەنگێك بۆ ئەوەی بەتەواوی لە دەنگێكی تر بچێت لە دەربڕیندا، واتە دەنگی كارتێكراو دەگۆڕێت بە دەنگی كارتێكەر[١]، ئەم دیاردەیەش بۆ ئەو مەبەستە دێتە ئاراوە تاكو كەمترین وزە بەكاربێت، لە ڕێگەی دوركەوتنەوە لە جوڵانەوەی زۆری ماسولكە لەكاتی ئاخاوتندا[٢]. یاخود ئەم جۆرە لەیەكچوونە بەو دیاردانە دەوترێت، كە هەردوو دەنگەكە بەتەواوی وەكو یەكیان لێبێت . لەم جۆرە لەیەكچوونەدا، یان دەنگی پێشەوە كاردەكاتە سەر دەنگی دوای خۆی و دەیگۆڕێت، یان بە پێچەوانەوە دەنگی دواوە كاردەكاتە سەر دەنگی پێش خۆی و وەكو خۆی لێدەكات .

---
١- محمد علي الخولي ( ١٩٩٠ : ٢٢٠ ) .
٢- طالب حسين علي ( ١٩٨٩ : ٤٩ ) .

١- كارتێكردنی دەنگی پێشەوە لەسەر دەنگی دواوە كە بە ( progressive / المماثلة التقدمية ) ناسراوە .
لە شیوەزاری خانەقیندا ئەم دیاردەیە بە ڕوونی بەرچاو دەكەوێت .
بۆنموونە :

منبەر .......... ممبەر

زەمبور .......... زەممور

عەمبار .......... عەممار

زەمبیل .......... زەممیل

چەمبەر .......... چەممەر

لەو نموونانەی سەرەوەدا، بەئاشكرا كاریگەریی دەنگی پێشەوە لەسەر دەنگی دواوە دیارە و، گۆڕانی بەسەردا هێناوە، واتە دەنگی ( م ) كاریكردۆتە سەر دەنگی ( ن ) و ( ب ) و وەكو خۆی لێكردووە، بۆیە لەیەكچوونی تەواو لە نێوان دەنگی كارتێكراو و كارتێكەردا دروست بووە.

٢-كارتێكردنی دەنگی دواوە لەسەر دەنگی پێشەوە كە بە ( regressive / المماثلة الرجعية)[١] ناسراوە .
بۆنموونە :

غیرەتدار .......... غیرەددار

حورمەتدار .......... حورمەددار

دیقەتدان .......... دیقەددان

فیتدان .......... فیددان

بەدتر .......... بەتتر

لەلید ترسم .......... لەلیت ترسم

لەلید توریەم .......... لەلیت توریەم

لەلید توام .......... لەلیت توام ( لێتم دەوێت)

[١] - سامی عياد حنا و آخرون ( ١٩٩٧ : ١٠ ) .

ئەگەر سەرنجی ئەم نموونانەی سەرەوە بدەین، دەبینین، دەنگی دواوە کاری کردۆتە سەر دەنگی پێشەوە، و گۆڕانی بەسەردا هێناوەو وەکو خۆی لێکردووە، واتە بەهەمان شێوەی حاڵەتی یەکەم، لەیەکچوونی تەواو لە نێوان دەنگی کارتێکراو و کارتێکەردا دروست بووە .
بەمانایەکی تر لە نموونەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەمدا، دەنگی ( ت ) گۆڕاوەو بووە بە دەنگی ( د )، لە نموونەکانی تردا دەنگی ( د ) گۆڕاوەو بووە بە دەنگی ( ت )، ئەگەرچی هەردوو دەنگی ( ت ) و ( د ) سازگەیان یەکە، بەڵام دەنگی ( ت ) کپەو دەنگی ( د ) گڕە .
واتە لەم نموونانەدا هەردوو دەنگی ( ت ) و ( د ) بەتەواوی وەکو یەکیان لێهاتووە .

## (٢-٣-٣/٣) لەیەکچوونی ناتەواوی دەنگ **Partial Assimilation** :

لەیەکچوونی ناتەواوی دەنگ ئەوە دەگەیەنێت، کە بەشێك لە دەنگێك دەگۆڕێت بۆ ئەوەی جۆرە لەیەکچوونێك لەگەڵ دەنگێکی تردا پەیدا بکات[١]، یاخود بەشێوەیەکی تر (( ئەو جۆرە گونجانەیە کە بەشێك یان سیفەتێك لە دەنگەکە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگە کارتێکردووەکەدا بگونجێت لەسیفەتی گڕی، یان کپی، یان لە ڕووی قەڵەوییەوە ))[٢]، واتە گۆڕانەکە هەموو سیفەتی دەنگەکە ناگرێتەوە، بەڵکو تەنیا لە سیفەتێکدا لەگەڵ دەنگە کارتێکردووەکەدا یەك دەگرنەوە، بۆ ئەوەی دوو دەنگە جیاوازەکە لەیەکتری نزیك ببنەوە لە سیفەتی قەڵەوی یان گڕی یان کپی[٣] .
لەیەکچوونی ناتەواوی دەنگیش لەچەند حاڵەتێکدا دەردەکەوێت :

١- لەیەکچوون لە ڕووی گڕییەوە :
ئەم جۆرە لەیەکچوونە بریتییە لە گۆڕینی دەنگێکی کپ بۆ دەنگێکی گڕ[٤]، ئەم گۆڕانەش لەو دەنگانەدا ڕوو دەدات، کە هەر دەنگێك دەنگێکی بەرامبەری هەبێت لە گڕی و کپیدا[٥]، بە واتایەکی تر (( ئەگەر لەدوای دەنگێکی کپەوە دەنگێکی ئاوازدار بێت، ئەوسا دەنگە ئاوازدارەکە کاردەکاتە سەر دەنگە کپەکەی بەردەمی و، وەکو خۆی دەیکاتە دەنگێکی ئاوازدار، واتە دەیهێنێتە ژێر ئەو پۆلە دەنگانەی کە خۆی یەکێکە لێیان ))[٦]، یان ئەم دیاردەیە

[١] - محمد علی الخولی (١٩٩٠ : ٢٢٠ ) .
[٢] - تالیب حوسێن عەلی ( ٢٠٠٥ : ١٤٢ ) .
[٣] - طالب حسین علی ( ١٩٨٩ : ٥٢ ) .
[٤] - محمد علی الخولی ( ١٩٩٠ : ٢٢٠ ) .
[٥] - طالب حسین علی ( ١٩٨٩ : ٥٢ ) .
[٦] - ئەوڕەحمانی حاجی مارف ( ١٩٧٦ : ٥٨ ) .

لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دوو دەنگی دراوسێ، هاوبەشی و لەیەکچوون لە نێوانیاندا پەیدا دەبێت لە سیمای گڕیدا .

بۆ نموونە :

کوڵاشدم .......... کوڵاژدم ش ← ژ

پشمە .......... پژمە

پیشمەرگە .......... پیژمەرگە

مەڵاشو .......... مەڵاژو / مەڵاژگ

حەفت + دە > حەڤدە

هەشت + دە > هەژدە

دەست + گا > دەزگا

ئەگەر سەرنجێکی ئەم نموونانەی سەرەوە بدەین، دەبینین لە نموونەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەمدا) ، دەنگی ( ش ) دەنگێکی کپە، بەڵام لەژێر کاریگەریی دەنگی ( د ، م ) کە بەدوایدا هاتووە، خەسڵەتی گڕی وەرگرتووە و بووە بە ( ژ )، لە نموونەی چوارەمیشدا بەهەمان شێوە دەنگی ( ش ) بووە بە ( ژ )، ئەگەر چی فۆرمی دووەمی وشەکەش لە هەندێ لە گەڕەکەکانی شاری خانەقین بەکار دێت .

لە نموونەکانی تردا دەنگی ( ت ) لەناوچووە و، هەرسێ دەنگی ( ف ، ش ، س ) کە لەدەنگە کپەکانن، بەڵام لەژێر کاریگەریی دەنگەکانی ( د ، گ ) کە دوو دەنگی گڕن، سیفەتی گڕییان وەرگرتووە و بوون بە ( ڤ ، ژ ، ز ) .

٢- لەیەکچوون لەڕووی کپییەوە :

ئەم جۆرە لەیەکچوونە بریتییە لە : (( گۆڕینی دەنگێکی گڕ بەمەبەستی گونجاندنی لەگەڵ دەنگێکی تردا لە سیفەتی کپیدا ))[١]، یان بەواتای وەرگرتنی سیفەتی کپی و لەدەستدانی سیفەتی گڕی دێت لەلایەن دەنگێکی گڕەوە .

ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی کەم بەرچاو دەکەوێت، لەزاری ناوەڕاست ئەم دیاردەیە بەزۆری بەهۆی کاریگەریی دەنگی کارتیکردو ڕوودەدات، واتە ئەگەر لە دوای دەنگێکی ئاوازدارەوە دەنگێکی کپ بێت، ئەوا دەنگە کپەکە کاردەکاتە سەر دەنگە ئاوازدارەکەی

[١] - محمد علی الخولی ( ١٩٩٠ : ٢٢٠ ) .

پێشی و وەکو خۆی دەیکاتە دەنگێکی کپ، بەتایبەتیش ئەگەر لەدوای دەنگی ( ز ، ژ )ەوە دەنگی ( ت ) هەبێت[1] .

بۆنموونە :

گەزین .......... گەستن

ڕژان .......... ڕشتن

بەباوەڕی ( دی کۆرتنێ ) : (( لە دەربڕینی وشەیەکی وەك ( بچووك ) بەهەموو توانامانەوە دەمانەوێ دەنگی ( ب ) لە سەرەتاوە دەرهێنین، بەڵام لەژێر کاریگەری دەنگی ( چ )دا، دەنگی ( ب ) دەرنایەت ، چونکە دەنگی ( چ ) دەیەوێ وەك خۆی دەنگی ( ب )ەکە کپ کات، کە ( ب ) ئاوازی نەما دەگۆڕی بۆ ( پ ) ))[2].

ئەم دیاردەیە لەشێوەزاری خانەقیندا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام هۆکاری پەیدابوونەکەی هەمان هۆکاری زاری ناوەڕاست نییەو، دەکرێت بڵێین، هۆکاری ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی زمانەکانی دراوسێ و بە تایبەتیش زمانی فارسی، جگە لەوەش بارو دۆخی ئەندامەکانی ئاخاوتن و ڕێکخستن و جووڵانەوەی ماسولکەکان لە درکاندنی دەنگەکان، چونکە دەربڕینی دەنگی گڕ، وزە و تینی زیاتری پێویستە بە بەراورد لەگەڵ دەنگی کپدا .

بۆنموونە :

دژمن .......... دشمن ژ ← ش

جەژن .......... جەشن

برژان .......... برشان

تەرجگ .......... تەرچك[3] . ( ناسك) ( ج،گ) ← ( چ،ك)

۳- لەیەکچوون لە ڕووی قەڵەوییەوە :

ئەم جۆرە لەیەکچوونە بریتییە لە گۆڕانی دەنگی سوك بۆ قەڵەو، ئەمەش بە مەبەستی گونجان لەگەڵ دەنگێکی تر لە سیفەتی قەڵەویدا[4]، واتە هەندێ لەو دەنگانەی کە سیفەتی قەڵەوییان لەگەڵدا نییە، لە ئەنجامی کاریگەریی دەنگەکانی دەوروبەر، دەنگەکانیان دەگۆڕێت و سیمای قەڵەوی وەردەگرن[5] .

[1] - ئەورەحمانی حاجی مارف ( ۱۹۷٦ : ۵۷ ) .
[2] - محەمەد مەعروف فەتاح ( ۲۰۱۱ : ٦۵ ، ٦٦ ) .
[3]- نعمت علی سایە ( ۱۹۸۸ : ۱۵۸ ) .
[4] - محمد علی الخولی ( ۱۹۹۰ : ۲۲۰ ) .
[5] - طالب حیسن علی ( ۱۹۸۹ : ۵۳ ) .

لـه شـێوەزاری خانەقینیشـدا هـەروەکو شـێوەزارەکانی زاری ناوەڕاسـت، تـەنها دوو فـۆنێمی ( ڵ ، ڕ ) سیفەتی قەڵەوییان تێدایـە، بـەڵام هەنـدی دەنـگـی تـر لـە ئـەنجامی کـارتێکردنی ئـەم دوو فۆنێمـە و دەرکـەوتنیان لـە هەنـدێك ژینگـەی زمانیـدا، سـیفەتی قەڵـەوی وەردەگـرن و لـە پلـەی ئەلۆفۆندان وەك ( س ) و ( ت ) ی قەڵەو دەردەبڕرێن .

بۆنموونە :

| لەگەڵ ( ڵ ) ی قەڵەودا | لەگەڵ ( ڕ ) ی قەڵەودا |
|---|---|
| سەڵته | تەڕ |
| سڵق | سڕ |
| باڵته | بڕ |
| خڵته | پڕ |

هەروەها هەندێ جاریش بە پێچەوانـەوە لـەم شێوەزارەدا و لـەژێر کاریگـەریی زمـانی فارسـیدا، نـاوی یـەزدان ( الله )، کـە لـە زمـانی عـەرەبی و زارەکـانی تـری زمـانی کـوردی بـە قەڵـەوی دەردەبڕرێت ، بەڵام لە شێوەزاری خانەقین و بەتایبەتی لە هەندێ ناوی لێکدراوی وەرگیراو لە زمانی عەرەبییەوە بە سوکی دەردەبڕرێت .

بۆ نموونە :

سیف الله .......... سەیفولا

عبدالله .......... عەبولا

شمس الله .......... شەمسولا

فتح الله .......... فەتحولا

٤- لەیەکچوون لەڕووی لێو خڕبوونەوە :

بریتییە لە گۆڕینی دەنگێك کە لەکاتی درکاندنیدا، لێو خڕبوونـەوەی لەگەڵدا نییـە، بۆ ئـەوەی لەیـەکچوون و هاوبەشـی پەیدا بکـات لەگـەڵ ئـەو دەنگانـەی کـە لێوخڕبوونـەوەیان لەگەڵدایـە، لـە سیفەتی لێوخڕبوونـەوەدا[١] .

لە شێوەزاری خانەقیندا، ئەو دەنگانەی کە سیمای لێوخڕبوونـەوەیان لەگەڵدایـە بـریتین لـە شـێوە درکاندنە جیاوازەکانی دەنگی ( ۆ ) کە ( وی ، وە ) دەگرێتەوە ، هەروەها دەنگی ( و ) . کاتێك

[١] - محمد علی الخولی ( ١٩٩٠ : ٢٢١ ) .

ئەمانە لەگەڵ ئەو دەنگە کۆنسنانتانەی سیمای لێوخڕبوونەوەیان لەگەڵدا نییە، دەکەونە تەنیشت یەکتری، کاردەکەنە سەر دەنگە کۆنسنانتەکان و شێوەی درکاندنیان دەگۆڕن و سیمای لێوخڕبوونەوەیان پێدەبەخشن، بەتایبەتی لەو کاتانەی کە دەنگە کۆنسنانتەکان دەکەونە پێش ئەو دەنگانەی لای سەرەوە .

بۆ نموونە :

لە وشەکانی : ( ڕوین ، خوەم ، شور )

لەکاتی درکاندنی هەرسێ دەنگی ( ڕ ، خ ، ش ) لەو وشانەدا، هەردوو لێو خڕ دەبنەوە .

لەیەکچوونی دوو دەنگی دراوسێش لە سیفەتی لێوخڕبوونەوەدا دەگەڕێتەوە بۆ چالاکی ئەندامانی ئاخاوتن و پەلەکردنیان لە درکاندنی دەنگەکاندا[1] .

## (٤/٣) جێگۆڕکێی دەنگ Metathesis :

مەبەست لە جێگۆڕکێی دەنگ ئەوە دەگەیەنێت، کە دەنگێك یان زیاتر لە پێکهاتەی وشەیەکدا شوێنی خۆیان دەگۆڕن و لە شوێنی یەکتری بەکاردێن[2] .

سەبارەت بەم دیاردەیە کریستەڵ دەڵێت : (( گۆڕینی سروشتی ڕیزبەندی دانەکانی زمان، لە پێکهاتەی وشەکانی ڕستە، هەمیشە لە دەنگدایە، بەڵام هەندێ جار ئەم گۆڕانە لە بڕگەو وشەو یەکەکانی تریشدا بەدی دەکرێن، کاریگەریی ئەم دیاردەیەش لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت ))[3]، کەواتە لە هەندێ حاڵەتداو لەساتی قسەکردندا دەنگ دەتوانێت شوێنی خۆی بگۆڕێت، یان پاش و پێش بکات .

( احمد مختار عمر ) سەبارەت بە جێگۆڕکێی دەنگ دەڵێت : (( لە هەندێ حاڵەتداو لە نێوان دەنگە دراوسێکاندا جێگۆڕکێ لە ڕیزبەندی ئاخاوتنەکاندا ڕوو دەدات، ئەمەش بە (metathesis ) ناودەبرێت ))[4] یاخود لە کاتی دراوسێیەتی دەنگەکاندا، لە تاکە وشەیەکدا و لە هەندێ باردا دوو دەنگی دراوسێ، یان دوو بڕگە شوێنەکانیان دەگۆڕنەوە، بێ ئەوەی کار لە واتای وشە بکات . لەم دیاردەیەدا دوای ئەوەی دوو دەنگ یان دوو بڕگە جێگاکانیان دەگۆڕنەوە، هەندێ جار وشەکە بە هەردوو شێوەکەی لەیەك زاردا دەبینرێت، هەندێ جاریش ، هەر لەشێوەزارێکدا دەردەکەوێت[5] .

---

[1] - طالب حسين علی ( ١٩٨٩ : ٥٥ ) .
[2] - سامی عیاد حنا وآخرون ( ١٩٩٧ : ٨٧ ) .
[3] - Crystal ( ١٩٩٢ : ٢٤٩).
[4] - احمد مختار عمر ( ١٩٩٧ : ٣٩ ) .
[5] - محەمەد مەعروف فەتاح ( ٢٠١١ : ١٢٢ ) .

**(٣/٤-١) هۆكارەكانی جێگۆڕكێی دەنگ :**

جێگۆڕكێی دەنگ لە زۆربەی زمانەكاندا بەدی دەكرێت، لە زمانی كوردیشدا ئەم دیاردەیە لە ئەنجامی كۆمەڵێ هۆكاری جیاجیاوە دروست دەبن، لەوانە :

**(٣/٤-١-١) هۆكاری زار و شێوەزار :**

هۆكارەكانی پەیدابوونی زار و شیوەزار لە زمانێكدا، بریتین لە فراوانبوونی زمانەكە لە ڕووی :

أ- سنوری جوگرافی :

سروشتی وڵات و جیاوازی ژینگە و ئاو و هەوا لە سنووری زمانێكدا دەبێتە هۆی دروستبوونی زار و شیوەزاری جیاواز لە هەمان زماندا، زۆربوون و فراوانبوونی زار و شیوەزاریش زۆربوونی جیاوازی زاری لێدەكەوێتەوە، یان بەواتایەكی تر دەبێتە هۆی پەیدابوونی جیاوازی لە ڕێكخستن و دەربڕینی فۆنێمەكانی هەمان وشە و بڕگەی زمانەكە بە پێی زار و شیوەزارە جیاوازەكان، كەواتە هەرچەندە ژمارەی زار و شیوەزارەكان زیاد بێت جێگۆڕكێی دەنگی زیاتر دەبێت[١].

ب- ژمارەی قسە پێكەران :

تاكو ژمارەی قسە پێكەرانی زمانێك ڕوو لە زیاد بوون بێت، چ قسەپیكەرانی ڕەسەنی زمانەكە و چ قسەپیكەرانی بیانی، ئەوا ئەگەری جێگۆڕكێی دەنگی زیاتر دەبێت، ئەمە جگە لەوەی زۆری قسەپێكەران و فراوانبوونیان هۆكارێكە بۆ دروستبوونی زار و شیوەزار[٢] .

وەكو پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد دوای ئەوەی دوو دەنگ یان دوو بڕگە جێگاكانیان دەگۆڕنەوە ، لە هەندێ حاڵەتدا، بە هەردوو شیوەكە لەیەك زاردا دەبینرێن، هەندی جاریش هەر شێوەی لە زارێكدا دەردەكەون .

بۆ نموونە :

یەكەم : ئەوانەی بە هۆی زار و شیوەزارەوە جێگۆڕكێ دەكەن، واتە لە نێوان دوو زاردا دەردەكەون .

---

[١] - محمد علی الخولی ( ١٩٩٠ : ٢١١ ) .
[٢] - هەمان سەرچاوە .(ل :٢١١)

| زاری ناوەڕاست / شیوەزاری سلێمانی | زاری خواروو / شێوەزاری خانەقین |
| --- | --- |
| نەم دی | نەدیم |
| دێت | تێد |
| ڕیخۆڵە | لیخەرو |
| دەروێش | دەورێش |

دووەم : ئەوانەی لە تاکە زارێکدا جێگۆڕکێ دەکەن .

بۆنموونە:

جەرگ ......... جگر

ئاسایش .......... ئاشایس

چپە چپ .......... پچە پچ

چنجگ ......... جنچك

## (٣/٤-١-٢) ئاستی ڕۆشنبیری :

هەندێك جار گۆڕینی دەنگەکان پەیوەندیی بە باری کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیرییەوە هەیە ، واتە هەندێك لە دەربڕینەکان مۆرکی کۆمەڵێکی تایبەتە، ئەمەش بە تایبەتی لەو وشانە بەدی دەکرێت، کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون[١] .

بۆ نموونە :

مفاجئة .......... مجافات

جنس .......... جسن

طفل .......... تلْف

روبع .......... روعب

جومعە ......... جوعمە

[١] ـ محەمەد مەعروف فەتاح ( ٢٠١١ : ١٢٢ ) .

دیاردەی جێگۆڕکێی دەنگ بەتەنها لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵکو لە زمانە بیانییەکانیشدا بوونی هەیە .

بۆ نموونە : لە زمانی عەرەبیدا، وەك :

جذب .......... جبذ

زوج ......... جوز

أرانب ......... أنارب[1]

لە زمانی ئینگلیزی و لە هەندێ وشەی ڕەسەنی زمانەکە بوونی هەیە، وەك :

Ask……….Aks

First......... frist

Bird..……..Brid[2]

لە زمانی فارسیشدا ئەم دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت وەك :

کبریت .......... کربیت

تکسی ......... تسکی

تجریش .......... ترجیش

قفل .......... قلف[3]

---

[1] - سامی عیاد حنا و آخرون ( ١٩٩٧ : ٨٧ ) .

[2] - دەرون عەبدولڕەحمان ساڵح ( ٢٠١٠ : ٥٤ ) .

[3] - علی محمد حق شناس ( ٢٠٠٥ : ١٥٦ ) .

## (٥/٣) جێگرتنەوەی دەنگ Replacement

جێگرتنەوەی دەنگ، بریتییە لە گۆڕینـەوەی دەنگێك بـە دەنگێكی تر لـە سنووری مۆرفێم و وشەدا، بێ ئەوەی كار لە واتای بنجی بكات، واتە فۆنێمێك شوێنی فۆنێمێكی تر دەگرێتەوە، بەبێ ئەوەی گۆڕین لە واتادا ڕوو بدات .

(( لێرە دەنگێكی وشەیەك لە قسەی هەندێ كەسدا دەگۆڕێ بە دەنگێكی تر لە قسەی خەڵكی تردا بێ ئەوەی ئەم گۆڕانە ببێتە هۆی گۆڕانی واتـایی وشـەكە بـە واتایـەكی تـر، هـەمان وشـە لـە دوو فۆرم یان زیاتر دەبینرێ بە هەمان واتا دیسانەوە، هەنـدێ جـار هـەردوو فـۆرمی وشـەكە لەیـەك زاردا هەن ، هەندێ جاری واش هەیە هەر فۆرمەی لە زارێكی تایبەتدا بەكار دێ ))[١]، واتە ئەم دیاردەیە ئەوە دەگەیەنێت كە هەنـدێ جـار لـە مۆرفێمێك، یـان وشـەیەك دوو دەنگی جیـاواز ئـاڵو گۆڕ بكەین بەبێ ئەوەی كاربكاتە سەر واتای وشەكە، ئەمەش یان لە زارێكدا ڕوودەدات، یان لە نێوان دوو زاردا دەبێت[٢] .

### (٣-٥-١) هۆكارەكانی جێگرتنەوەی دەنگ :

گرنگترین هۆكارەكانی جێگرتنەوەی دەنگ لە زمانی كوردیدا بریتین لە :

أ- زار و شێوەزار .

بەهەمان شێوەی دیاردەی جیگۆڕكێی دەنگ، كە لە پاری ( ٣-٤-١-١)دا باسمان كرد، زار و شـێوەزار یـەكێكـە لـە هۆكارەكـانی درووسـتبوون و سـەرهەڵدانی دیـاردەی دەنـگ گۆڕكێ و جێگرتنەوەی دەنگ، واتە هەمان وشە، بە پێی زار و شێوەزاری جیاواز ، لە دەنگێكدا شێوەو دەربڕینی جیاوازی وەرگرتووە .

بۆ نموونە :

| زاری سەروو | زاری ناوەڕاست | زاری خواروو |
| --- | --- | --- |
| ------------ | --------------- | ------------- |
| سێڤ | سێو | سێف |
| (ڤ) | (و) | (ف) |

---

[١] - محەمەد مەعروف فەتاح ( ٢٠١١ : ١٢٣) .

[٢] - ئەوڕەحمانی حاجی مارف ( ٢٠٠٤ : ١٥٩) .

| | | |
|---|---|---|
| سۆر | سوور | سویر |
| (ۆ) | (وو) | (وی) |
| تووژ | تیژ | تێژ |
| (وو) | (ی) | (ێ) |

هەروەها دەکرێت دیاردەی جێگرتنەوەی دەنگ، هەندێ جار لەشێوەزارەکانی هەمان زاریشدا پەیدا ببن

بۆ نموونە :

| شێوەزاری سلێمانی | شێوەزاری هەولێر |
|---|---|
| ------------------- | ------------------ |
| ماڵ | مار |
| دووکەڵ | دوو کەر |
| حاجی | عاجی |
| حەمە | عەمە |

ب- هۆکارێکی تری جێگرتنەوەی دەنگ دەگەڕێتەوە بۆ خۆ گونجاندنی فۆنێمێك لەگەڵ فۆنێمەکانی دەور و بەری، ڕێکەوتنی سازگەی درکاندنی دەنگێگ لەگەڵ دەنگێکی تردا[1].

بۆ نموونە :

غیرەتدار .......... غیرەددار

دژمن .......... دشمن

پ- کاریگەری زمانەکانی دراوسێش بۆخۆی لە هەندێ حاڵەتدا هۆکارە بۆ جێگرتنـەوەی دەنـگ و دەنگگۆڕکێ لە زمانێکی دیاریکراودا

بۆ نموونە :

عەزیز .......... ئەزیز

عەرز .......... ئەرز

[1] - عەبدولواحید موشیر دزەیی ( ٢٠١١ : ١١٣ ) .

**(٣/٥-٢) جۆرەکانی جێگرتنەوەی دەنگ :**

دیاردەی جێگرتنەوەی دەنگ لە زمانی کوردیدا، دیاردەیەکی بڵاوە، ئەم جێگرتنەوە دەنگییە دەکرێت لە نێوان دوو زاردا، یاخود لە زارێکدا ڕوو بدات، مەبەستی سەرەکی ئێمەش لەم بەشەدا ئەو گۆڕانەدەنگییانەیە کە لە شێوەزاری خانەقیندا بەدی دەکرێت بەبەراورد لەگەڵ زاری ناوەڕاستدا، وەك : ( جیگرتنەوەی کۆنسنانت بە کۆنسنانت و جێگرتنەوەی ڤاوڵ بە ڤاوڵ ).

**(٣/٥-٢-١) جێگرتنەوەی کۆنسنانت بە کۆنسنانت :**

بریتییە لە گۆڕینی دەنگێکی کۆنسنانت بە دەنگیکی تری کۆنسنانت، بەبێ ئەوەی کار لە واتای بنەڕەتی وشەکە بکات، وەك :

١- گۆڕانی دەنگی ( هـ ) بە دەنگی ( ئـ ).

لە شێوەزاری خانەقیندا دەنگی ( هـ ) دەگۆڕێت بۆ دەنگی ( ئـ ) ، بەتایبەتی کاتێك دەکەوێتە سەرەتای وشەوە .

بۆ نموونە :

هەنار .......... ئەنار          هـ ← ئـ

هەور .......... ئەور

هەرزان .......... ئەرزان

هاورد .......... ئاورد

هەژدیها .......... ئەژدیها

هەڵپەڕین .......... ئەڵپەڕین

هەنجیر .......... ئەنجیر

هەرمێ .......... ئەرمێ[1]

٢- گۆڕانی دەنگی ( ب ) بە دەنگی ( و ) .

ئەم دیاردەیە لەم شیوەزارەدا تا ڕادەیەك بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو دەکەوێت، بە بەراورد لەگەڵ گۆڕانە دەنگیەکانی تر داو، لەم حاڵەتانەدا دەردەکەوێت .

[1] - عبدالمحسن بنی وەیس ( ١٩٨٥ : ١٤٢ ) .

أ- له سه‌ره‌تای وشه‌دا .

بۆ نموونه :

با .......... وا　　　　　　　　ب ← و

به‌هار .......... وه‌هار

باران .......... واران

به‌فر .......... وه‌فر

به‌ناز .......... وه‌ناز

به‌زۆر .......... وه‌زور

به‌راز .......... وه‌راز

ب- له ناوه‌ڕاستی وشه‌دا .

بۆ نموونه :

زبر .......... زور

قه‌بر .......... قه‌ور

شه‌ربه‌ت .......... شه‌روه‌ت

ڕێبوار ........... ڕیوار

به‌رامبه‌ر .......... وه‌راموه‌ر

دابه‌زین .......... داوه‌زین

سه‌ربڕین .......... سه‌روڕین

قه‌سابخانه .......... قه‌ساوخانه

پ- له کۆتایی وشه‌دا .

بۆ نموونه :

شه‌راب .......... شه‌راو

زۆراب .......... زۆراو

خراب .......... خراو

٣- گۆڕانی دەنگی ( ع :) بۆ دەنگی ( ئـ / هەمزە ) .

ئەم دیاردەیە لەشێوەزاری خانەقیندا دەکەوێتە سەرەتای وشەوە، بەتایبەت لەو وشانەی کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون و کەوتوونەتە بەر سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانی کوردی .

بۆنموونە :

عاسمان .......... ئاسمان　　　ع ← ئـ

عاقڵ .......... ئاقڵ

عاشق .......... ئاشق

عارەق .......... ئارەق

عەرز .......... ئەرز

عەزیز .......... ئەزیز

قورعان .......... قورئان

سوعال .......... سوئال

٤- گۆڕنی دەنگی ( د ) بۆ دەنگی ( ی ) .

لەشێوەزاری خانەقیندا، ئەم دیاردەیە زیاتر لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا ڕوودەدات، وەك:

أ- لە ناوەڕاستی وشەدا .

بۆ نموونە :

ئادەم .......... ئایەم　　　د ← ی

قەدەرێ .......... قەیری

کادان .......... کایان

ب- لە کۆتایی وشەدا :

بۆ نموونە :

فەرهاد .......... فەرهای

قەد .......... قەی

مراد .......... مرای

بەد .......... بەی [١]

[١] - نیعمەت عەلی سایە ( ٢٠٠٤ : ٩١ ) .

هەمان دیاردە بەتەنها لە قسە پێکەرانی شێوەزاری سلێماندا و لە هەندێ حاڵەت دەردەکەوێت .

بۆ نموونە :

بادەم .......... بایەم

لێدان .......... لێیان

بادان .......... بایان

لە دنیادا .......... لە دنیایا

٥- گۆڕانی دەنگی ( ت ) بۆ دەنگی ( د ) :

ئەم دیاردەیە لەم شێوەزارەدا لەم حاڵەتانەی لای خوارەوەدا ڕوودەدات:

١- دەنگی ( ت ) لەکەسی دووەمی تاك و کۆ لەشێوەزاری خانەقین دەگۆڕێت بۆ ( د ) .

بۆ نموونە :

خۆت .......... خوەد    ت ← د

برات .......... براد

ماڵت .......... ماڵد

خۆشیتان .......... خوەشیدان

ماڵتان .......... ماڵدان

کارتان .......... کاردان[1]

٢- لە هەندێ وشەی دارێژراودا .

بۆ نموونە :

قوتدان .......... قوددان

خەتدار .......... خەددار

فیتدان .......... فیددان

[1] - عبدالمحسن بنی وەیس ( ١٩٨٥ : ٨٨) .

٦- گۆڕانی دەنگی ( و ) بۆ ( ف ) .

لە شێوەزاری خانەقینیدا هەندێ جار کە دەنگی ( و ) دەکەوێتە ناوەڕاستی وشەوە دەگۆڕی بۆ دەنگی ( ف )، ئەم دیاردەیەش لەو حاڵەتانەدا ڕوو دەدات کاتێك دەنگی ( و ) دەکەوێتە پاش هەندێ لە دەنگە ڤاوڵەکان و پێش دەنگی ( ت ) .

بۆنموونە :

پاڵاوتن .......... پاڵافتن          و ← ف

نەوت .......... نەفت

مزگەوت .......... مزگەفت

ئەشکەوت .......... ئەشکەفت

حەوت .......... حەفت

جەوت .......... جەفت

چەوت .......... چەفت

خەوت .......... خەفت

کەوت ......... کەفت

٧- گۆڕانی دەنگی ( ل ) بۆ دەنگی ( ڵ )ی قەڵەو :

ئەم گۆڕانە لە هەندێ لەو وشانەدا دەردەکەوێت، کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون، و خراونەتە ژێر سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانی کوردییەوە .

بۆ نموونە :

جبل .......... جەوەڵ          ل ← ڵ

شکل .......... شکڵ

قتل .......... قەتڵ

کمال .......... کەماڵ[١]

---

[١] - تارا عەبدوڵڵا سەعید ( ١٩٩٨ : ١٩ ) .

٨- گۆڕانی دەنگی ( خ ) بۆ ( غ ) .
بۆ نموونە :

باخ .......... باغ          خ ← غ
خەم .......... غەم
بناخە .......... بناغە

٩- گۆڕانی دەنگی ( و ) بۆ ( م ) .
لە شیوەزاری خانەقیندا ، ئەم دیاردەیە هەندێ جار لە ناوەڕاست و کۆتاییی وشەدا دەردەکەوێت وەك :
أ- لە ناوەڕاستی وشەدا .
بۆ نموونە :

داوێن .......... دامێن          و ← م
هەوێن .......... هامێن / هامێژەن
نیوەڕۆ ......... نیمەڕۆ

ب- لە کۆتایی وشەدا .
بۆ نموونە :

نیو .......... نیم
خاو .......... خام
دیو .......... دیم
هەتیو .......... یەتیم

١٠- گۆڕانی دەنگی ( م ) بۆ دەنگی ( و ) .
بۆ نموونە :

زمان .......... زوان          م ← و
خەرمان .......... خەروان
سمێڵ .......... سێوڵ . گۆڕانی دەنگی (م) بۆ (و)، بەڵام دەنگی (ێ)ی پێشکەوتووە .

١١- گۆڕانی دەنگی ( ك ) بۆ دەنگی ( ق ) .

بۆ نموونە :

| | |
|---|---|
| كاغەز .......... قاقەز | ك ← ق |
| كینە .......... قینە | |
| كوێخا .......... قوێخا | |
| كاوێژ .......... قاویش[١] | |
| تریكە .......... تریقە[٢] (تریقەی خەنین) . | |

١٢- گۆڕانی دەنگی ( ژ ) بۆ دەنگی ( ش ) .

بۆ نموونە :

| | |
|---|---|
| دژمن .......... دشمن | ژ ← ش |
| پژمین ......... پشمین | |
| كوژرا ........ كوشیا | |
| كاوێژ ........ قاویش | |

١٣- گۆڕانی دەنگی ( خ ) بۆ دەنگی ( ق ) .

بۆ نموونە :

| | |
|---|---|
| دۆزەخ .......... دۆزەق | خ ← ق |
| یاخە .......... یەقە | |
| خونچە .......... قونچە | |

---

[١] - عبدالمحسن بنی وەیس ( ١٩٨٨ : ١٧٨ ) .
[٢] - نعمت علي سایە (١٩٨٨ :١٧٨) .

## (٣-٥-٢-٢) جێگرتنەوەی ڤاوڵ بە ڤاوڵ :

بە واتای گۆڕانی دەنگێکی ڤاوڵ بە ڤاوڵێکی تر دێت لە وشەیەکدا، بەبێ ئەوەی کار لە واتای وشەکە بکات وەك :

١- گۆڕانی دەنگی ( ا ) بە دەنگی ( ە ) .

بۆ نموونە :

سارد .......... سەرد                ا ← ە

چاو .......... چەو

ڕێگا .......... ڕیگە

تا .......... تەو

یاخە ........... یەقە

ئێستا .......... ئیستە / ئیسە

٢- گۆڕانی دەنگی ( ە ) بە دەنگی ( ا ) .

بۆ نموونە :

زەق .......... زاق                ە ← ا

لەش..........لاشە

گۆڕانی دەنگی ( ە ) بە بزرۆکە ( i ) .

بۆ نموونە :

خەنە .......... خنە                ە ← i

خەفەت .......... خفەت

جەنازە .......... جنازە

چەناگە .......... چناگە

٤- گۆڕانی دەنگی ( ێ ) بە دەنگی ( ا ) .

بۆ نموونە :

مێ ......... ما        ێ ← ا

پێ ......... پا

خوێ ......... خوا

هاوسێ ......... هاوسا

نێو ......... ناو

٥- گۆڕانی دەنگی ( ا ) بۆ دەنگی ( ێ ) .

ئەم دیاردەیە لە حاڵەتی نەرێکردنی ڕانەبردووی ڕاگەیاندندا دەردەکەوێت .

بۆ نموونە :

ناتوانم ......... نێتوێنم        ا ← ێ

ناخۆم .........  نێخۆم

ناچم ......... نێچم

نابەم ......... نێوەم

٦- گۆڕانی دەنگی ( ێ ) بۆ دەنگی ( ە ) .

بۆ نموونە :

پێنج ......... پەنج        ێ ← ە

زێڕ ......... زەڕ

پێچە ......... پەچە

٧- گۆڕانی دەنگی ( ێ ) بۆ دەنگی ( ی ) .

بۆ نموونە :

شێر ......... شیر        ێ ← ی

شێت ......... شیت

ڕێگا ......... ڕیگە

پێش ......... پیش

جێگا .......... جیگە

ئێوارە .......... ئیوارە

ئێمە .......... ئیمە

ئێوە .......... ئیوە

کێ .......... کی

ژێر .......... ژیر

٨- گۆڕانی دەنگی ( وو ) بۆ دەنگی ( ی ) .

ئەم دیاردەیە لەم شێوەزارەدا لە ناوەڕاست و کۆتاییی وشەدا دەردەکەوێت :

أ- لە ناوەڕاستی وشەدا :

بۆ نموونە :

شووشە .......... شیشە　　　　وو ← ی

چوون .......... چین

بوون .......... بین

ب- لە کۆتایی وشەدا :

بۆ نموونە :

پەموو .......... پەمی

خانوو .......... خانی

کوانوو .......... کوانی

قوتوو .......... قوتی

٩- گۆڕانی دەنگی ( وو ) بۆ دەنگی ( وی ) .

بۆ نموونە :

حووت .......... حویت　　　　وو ← وی

دوور .......... دویر

قووڵ .......... قویل

ڕوون .......... ڕوین

لوول .......... لویل

ڕووت .......... ڕویت

موو .......... موی

زوو .......... زوی

١٠- گۆڕانی دەنگی ( ۆ ) بۆ دەنگی ( و ) .

بۆ نموونە :

شۆر .......... شور ۆ ← و

زۆر .......... زور

ڕۆژ .......... ڕوژ

دۆڵ .......... دوڵ

جۆر .......... جور

تۆ .......... تو

١١- گۆڕانی دەنگی ( ۆ ) بۆ دەنگی ( وە ) .

بۆ نموونە :

خۆش .......... خوەش ۆ ← وە

خۆم .......... خوەم

خۆت .......... خوەت

## (٦/٣) گونجان و نەگونجانی دەنگ :

یەکێك لە گرنگترین لایەنەکانی لێکۆڵینەوە، لە بواری دەنگسازی کوردیدا، دۆزینەوەی گونجان یان حەزلێکردن و نەگونجان یان دژ بوونی دەنگەکانی ئاخاوتنی کوردییە، بەو شێوە یەی کە لە زمانی قسەکەری کوردییەوە دەردێن[١].

ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیدا ئەو دەنگانە دەستنیشان دەکات، کەلەگەڵ یەکتریدا ڕێکدەکەون و دەگونجێن، یان بە پێچەوانەوە[٢]، ئەم یاسایە لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا، بەتایبەت لە پێکهاتەی بەشی کۆتایی برگەی ئاسایی و لە هێشووە کۆنسنانتەکاندا ڕوودەدات، چونکە لە خانەی کۆتایی برگەدا، هەندێك دەنگی کۆنسنانت دەتوانن چەند دەنگێکی تری کۆنسنانت هەڵبگرن و گونجاندن پێکبهێنن بەبێ بوونی هیچ ڤاوڵێك لە نێوانیاندا[٣]، هەرچەندە لە بەشی سەرەتای هەندێ برگەشدا هێشووە کۆنسنانت بەرچاو دەکەوێت ، بەڵام دەگوترێت هێشووە کۆنسنانتی سەرەتا، بەهۆی ( سیمی ڤاوڵ) دروست دەبێت، یاخود ( گەردیلە ڤاوڵ) لە نێوان هەردوو کۆنسنانتی سەرەتای برگە بوونی هەیە، بەتایبەتی کاتێك بەڕێنووسی لاتینی بنووسرێت[٤]، واتە گونجانی دەنگی، ئەو هێشووە کۆنسنانتانە دەگرێتەوە، کە دەچنە سەریەك بێ ئەوەی هیچ شتێك بکەوێتە نێوانیانەوە، لەزمانی کوردیدا هێشووی دوویی هەیە و، هەمیشە لە دوای ڤاوڵەوە دێت[٥] .

بۆنموونە : لە برگەی سادەی وەك :

هەست .......... ( ست )

گەشت .......... ( شت )

بەرد .......... ( رد )

مەبەستی سەرەکی ئێمە لەم باسەدا برگەو جۆرەکانی برگە نییە، بەڵکو تەنها مەبەستمان گونجان، یان نەگونجانی دەنگە کۆنسنانتەکانە کە بەدوای یەکدا دێن و لە پیکهاتەی برگەدا بەشداری دەکەن .

---

[١] - مەسعود محەمەد ( ٢٠١١ : ٢٦٧ ) .
[٢] - بازیان یونس محیَ الدین ( ٢٠٠٨ : ٧٠ ) .
[٣] - شیرکۆ بابان ( ٢٠٠٥ : ٤٨ ) .
[٤] - بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم دیاردەیەوە ، بڕوانە . شیرکۆ بابان ( ٢٠٠٥ : ٥٠ - ٥٦ ) .
[٥] - وریا عومەر ئەمین ( ٢٠٠٤ : ١٧ ) .

یەکەم : گونجان .

بریتییە لە ڕادەی گونجان و پێکەوەهاتنی دوو دەنگی کۆنسنانت، کە لە زۆربەی کاتەکاندا دووبارە دەبنەوە و هێشووە کۆنسنانت دروست دەکەن، بەتایبەتی لە بەشی کۆتایی برگەی ئاساییدا و زۆربەی جاریش هیچیان ناکرتێن و لە ناو ناچن، یاخود ئەم دیاردەیە ئەوە دەگەیەنێت کە دوو دەنگ حەز بە گونجان و خزمایەتی یەکتری بکەن و زۆر پێکەوە دەرکەون، زۆربەی جاریش یەکتری بپارێزن[1] .

بۆ نموونە : بەهەمان ئەو شێوەی زاری ناوەراست، لە شێوەزاری خانەقینیشدا گونجان لە نێوان ئەم دەنگانە بەدی دەکرێت وەك :

أ- هاتنی دەنگی ( ر ) لە پێش دەنگی ( د ) کە هێشووە کۆنسنانت پێکدێنن، بەزۆری دەردەکەوێت وەك :

( سەرد ، دەرد ، مەرد ، کرد ، مرد ،... هتد ).

ب- هاتنی دەنگی ( ت ) لەدوای دەنگی ( ش )ەوە .

بۆ نموونە :

( هەشت ، دەشت ، پشت ، گشت ، مشت ،...هتد ) .

پ- هاتنی دەنگی ( ت ) لە دوای دەنگی ( ف ) ەوە .

بۆ نموونە :

( حەفت ، نەفت ، کەفت ، خەفت ، جەفت ،...هتد ) .

دووەم : نەگونجان .

بریتییە لە ڕادەی نەگونجاندن و پێکەوە نەهاتنی دوو کۆنسنانت چ لەبەشی سەرەتا، یاخود بەشی کۆتایی برگە ، کە هەندێ جار دەربرینی لەسەر زمان قورسە و، وزەیەکی زۆری دەوێت، یاخود نەگونجانی دەنگ بریتییە لە نەهاتنی دەنگێك لە هەندێ شوێنی وشە[2] .

---

[1] - ئەورەحمانی حاجی مارف ( ٢٠٠٤ : ٣٢٩ ) .
[2] - ئەورەحمانی حاجی مارف ( ٢٠٠٥ : ٣٦٨ ) .

بۆ نموونە :

أ- لەزاری ناوەڕاست دوو دەنگی ( ل ، ڵ ) بەهیچ جۆرێك ناكرێت بخرێنە پێش دەنگی (ر، ڕ)ەوە، یاخود بە پێچەوانەوە ( ر ) لەپێش ( ل )ەوە نایەت[1].

لەزمانی خانەقینشدا هەمان دیاردە بوونی هەیە، بەڵام هەندێ جار وشەی ناوێزە (شاذ) بەدی دەكرێت وەك :

لرگن ( لیكن)

ئەم دیاردەیە لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر جیاوازە، چونكە لە هەندێ زمانی بیانی و بە تایبەت (( ئەڵمانەكان ناوێكی زۆر باویان وشەی (كارل)ە، كە لە جێی تر دەبێتە ( شارل - شارلمان ) ، جگەرەیەكی بەناوبانگی ڕۆژئاوا (مارڵبورە)یە ))[2] .

ب- لەزاری ناوەڕاستدا بە هیچ جۆرێك ( ر )ی سووك لەسەرەتای وشەوە دەرناكەوێت، بەڵكو بەقەڵەوی دەردەبڕرێت، هەروەها ( ڵ )ی قەڵەو لەسەرەتادا نایەت هەردەم لاوازە، واتە ( ر ، ڵ) بەهیچ جۆرێك ناگونجێت لەسەرەتای وشەدا بەكار بهێنرێن[3] . لەشێوەزاری خانەقینیشدا ئەم دیاردەیە بەهەمان شێوە دەردەكەوێت.

بۆ نموونە :

| ( ڕ )ی قەڵەو | ( ل )ی سووك |
| --- | --- |
| ڕەمین | لویت |
| ڕویناك | لات |
| ڕیگا | لەرز |

بەڵام لەم شێوەزارەدا هەندێك جار وشەی ناوێزە ( شاذ ) بەدی دەكرێت وەك :

ڵاڵ ......... لاڵ

[1] - ئەوڕەحمانی حاجی مارف ( ١٩٧٦ : ٦٣ ) .
[2] - مەسعود محەمەد ( ٢٠١١ : ٢٧٨ ) .
[3] - دولبەر ئیبراهیم فەرەج ( ٢٠٠٠ : ١١١ ) .

**(١-٦/٣) هۆكارەكانی گونجان و نەگونجانی دەنگ :**

گونجان ، یاسای لێكدان و پێكەوەهاتنی كۆنسنانتە لە چوارچێوەی بڕگەدا ، نەگونجانیش ، نەهاتنی دەنگێكە لە هەندێ شوێنی وشە ، یاخود ڕێكنەكەوتنی دوو دەنگە لەگەڵ یەكتریدا لە چوارچێوەی بڕگەدا .

هۆكارەكانی سەرهەڵدانی گونجان و نەگونجانی دەنگ لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا دەبینینەوە وەك :

١- میكانیكییەتی كاركردنی ئەندامەكانی ئاخاوتن و ڕاهاتنیان لە كاتی دركاندنی دەنگەكاندا .

٢- لەڕووی دەربڕینەوە تاكو دەنگەكان بەسووكی و بە ئاسانی بێنە دەست، ئەوا ئەگەری گونجانیان زیاترە، پێچەوانەكەشی نەگونجانی لێدەكەوێتەوە .

بۆ نموونە : گونجانی لە نێوان هەردوو دەنگی ( ر) و ( د ) لە وشەی ( مەرد ) زۆر لە گونجانی هەردوو دەنگی (ڵ) و ( ت ) ، لەوشەی ( خڵت ) زیاترە، هۆكارەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ سووكی و قەڵەوی دەنگەكان .

# ئـەنجــام

---------------------

ئەو ئەنجامانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەدەستهاتوون بریتین لە :-

١- شێوەزاری خانەقین بە بەراورد لەگەڵ شێوەزارەکانی تری زارەکانی زمانی کوردی، شێوەزارێکی نوێیە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەم شێوەزارە لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو بەدواوە ، گەشەی کردووە، واتە لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی ڕابردوو شتێك نەبووە بە ناوی شێوەزاری خانەقین .

٢- ئەم شێوەزارە لە ڕووی پێکهاتەوە، مووتوربەکراوە لە هەریەکە لە شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی وەك: ( کەڵهوڕی ، هەورامی ، لوڕی ، سلێمانی ، گەرمیانی ) ، هەریەکەیان بە ڕێژەی جیاوازو بەپێی ئەو کاریگەرییەی کردوویەتییە سەر ئەم شێوەزارە، بوونیان لەم شێوەزارەدا هەیە .

٣- گرنگترین فاکتەر بۆ لەدایکبوون و دروستبوونی ئەم شێوەزارە، فاکتەری ئابووری بووە، ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و شوێنی ئەم شێوەزارە .

٤- لەڕووی فۆنۆلۆجییەوە لەم شێوەزارەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانە :

أ- ژمارەی فۆنێمەکانی ئەم شێوەزارە دوای دەستنیشانکردنیان لەڕێگەی جووتە وشە (جوتوکە)کانەوە ، ( ٣٥) فۆنێمە، لە ( ٢٩) کۆنسنانت و (٦) ڤاوڵ پێکدێن.

ب- فۆنێمی ( ێ ) لەم شێوەزارەدا بە بەراورد لەگەڵ شێوەزاری ناوەڕاست، بەشێوەکی کەم بەکاردێت .

پ- هەریەکە لە فۆنێمەکانی ( وو ، ۆ ) وەکو فۆنێمێکی سەربەخۆ، لەم شێوەزارەدا دەرناکەون، بەڵکو بەچەند شێوەیەکی جیاواز و لەهەندێ شوێن، بەهۆی ژینگەی جیاوازەوە دەردەکەون .

٥- ئەم شێوەزارە چەند سیمایەکی فۆنۆلۆجی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لەشێوەزارەکانی تری زمانی کوردیدا بەدی ناکرێت .

أ- لە هەندێ ناوی لێکدراوی تایبەتدا کە لەزمانی عەرەبییەوە وەرگیراون، دەنگی (ڵ) بە (ل) دەردەبڕن، وەك : یەزدان ( الله)، بە قەڵەوی دەرنابڕن، ئەمەش لەژێر کاریگەری زمانی فارسیدا سەری هەڵداوە .

ب - لەم شێوەزارەدا بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم گۆڕانە دەنگیانە ڕوودەدەن :

دەنگی ( هـ ) بۆ ( ئـ ) .

دەنگی ( ب) بۆ ( و ) .

دەنگی ( و ) بۆ ( ف ) .

# سەرچاوەکـــان

## ١- بەزمانی کوردی :

### أ- کتێب :


١- ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ١٩٧٦ ، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغداد .

٢- ---------------------- ، ١٩٨٨، ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم ( وشەسازی ) بەشی چوارەم ، ژمارە و ئاوەڵکار ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغداد .

٣- ----------------------، ٢٠٠٤، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی ، سلێمانی.

٤- بەکر عومەر عەلی ، شیرکۆ حەمەئەمین قادر ،٢٠٠٦، زارو شێوەزار ، چاپی یەکەم ، سلێمانی .

٥- بەکر عومەر عەلی ، ٢٠١٤ ، چەند لایەنێکی زمانەوانی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی هێڤی ، هەولێر .

٦- تالیب حوسێن عەلی ، ٢٠٠٥ ، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی ، چاپی یەکەم ، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی ، هەولێر .

٧- حوسێن محەمەد عەزیز ، ٢٠٠٥ ، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی کارۆ ، سلێمانی .

٨- ڕەفیق سابیر ، ٢٠٠٨ ، بەستاندارد کردنی زمانی کوردی و ئەلفوبێی کوردی ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی .

٩- سەلام ناوخۆش ،٢٠١٠، زمانناسی و هەندێ بابەتی زمانناسی کوردی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ، مەنارە ، هەولێر.

١٠- سەلام ناوخۆش ، نەریمان عەبدوڵا خۆشناو ، ئیدریس عەبدوڵا ، ٢٠٠٩ ، کوردۆلۆجی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی مەنارە ، هەولێر .

١١- سەلام ناوخۆش ، نەریمان خۆشناو ،٢٠١٠ ، زمانەوانی ، بەرگەکانی ( چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم ) ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی مەنارە ، هەولێر .

١٢- شێرکۆ بابان ، ٢٠٠٥ ، دەنگسازی و برگەسازی لە ڕێزمانی کوردیدا ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر .
١٣- ---------- ، ٢٠١١ ، بەرەو وشەڕۆنان لە زمانی نوسیندا ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر .
١٤- عەبدالمحسن بنی وەیس ، ١٩٨٨ ، گەردانەی ئەڵوەن ، چاپخانەی دار الحرية للطباعة ، بەغداد .
١٥- عەبدولواحید موشیر دزەیی ، ٢٠١١ ، زارە کوردییەکان ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی پاك ، هەولێر .
١٦- عەبدولواحید موشیر دزەیی ، دانا تەحسین محەمەد ، دەرون عەبدولڕەحمان ساڵح ، ٢٠١٣ ، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی ، چاپی یەکەم ، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ، هەولێر.
١٧- عەبدولوەهاب خالید موسا ،٢٠٠٩ ، هێز و ئاواز لە دیالێکتی کوردی ژووروودا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر .
١٨- غازی عەلی خورشید ، ٢٠١٠ ، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی ، چاپی یەکەم ، ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی .
١٩- غازی فاتح وەیس ، ١٩٨٤، فۆنەتیك ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئەدیب ، بەغداد .
٢٠- فەیسەڵ عەلی ، ٢٠٠٨ ، نەوتی ناوچەکانی خانەقین و کەرکوك ، مونتەدای ئابوری کوردستان ، یەکێتی ئابوری ناسانی کوردستان ،سلێمانی .
٢١- قەیس کاکل تۆفیق ، ٢٠٠٧ ، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان ( روانینێك ) ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر .
٢٢- محەمەد مەحوی ، ٢٠٠١ ، زمان و زانستی زمان ، بەرگی یەکەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی .
٢٣- ------------ ، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی ، فۆنەتیك ، ٢٠٠٨ ، بەرگی یەکەم ، زانکۆی سلێمانی .
٢٤- محەمەد مەعروف فەتاح ، ٢٠١٠ ، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ،کۆکردنەوەی شێروان حسێن خۆشناو و شیروان میرزا قادر، چاپی یەکەم ، دەزگای توێژینەوە و بڵاو کردنەوەی موکریان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.
٢٥- ---------------------- ، زمانەوانی ، ٢٠١١ ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر .

٢٦- مەسعود محەمەد ، ٢٠١١ ، هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر .
٢٧- میر شەرەفخانی بدلیسی ، ٢٠٠٦ ، شەرەفنامە - مێژووی ماڵە میرانی کوردستان ، و : مامۆستا هەژار ، چاپی سێیەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر .
٢٨- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو ، ٢٠١٢ ، زار و زمان ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر .
٢٩- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو ، ٢٠١٣ ، دەنگسازی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر .
٣٠- نەسرین فەخری ، ١٩٨٥ ، لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی جێگۆڕکێ و هەڵگەڕانەوەو گۆڕینی شوێنی دەنگ ، لەزمانی کوردیدا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق ، بەغداد .
٣١- ، نیعمەت عەلی سایە، ١٩٨٨ ، گەوهەری گەرمەسێر ، بەشی یەکەم ، بەغداد .
٣٢- ----------------------،١٩٨٨ ، گەوهەری گەرمەسێر ، بەشی دووەم ، بەغداد .
٣٣- ------------------------، ٢٠٠٤ ، ڕێزمانی کوردی زاری کەڵهوری ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی .
٣٤- وریا عومەر ئەمین ، ٢٠٠٤ ، چەند ئاسۆیەکی زمانەوانی ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاراس ، هەولێر .
٣٥- -------------- ، ٢٠١١ ،پێتۆکەکانی زمانەوانی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.

## ب - گۆڤار :

٣٦- ئومێد بەرزان برزو ، ٢٠١١ ، مۆرفۆفۆنێمی (س) لە شێوەزاری خانەقیندا ، گۆڤاری زانکۆی کۆیە ، ژمارە (٢٠).
٣٧- سوداد ڕەسول ، ٢٠١٢ ، هەورامی لەهجەیە یان زمان ؟ وەڵامێك بۆ فەرید ئەسەسەرد ، گۆڤاری زماننا‌سی ، ژمارە ( ١٣ ) ، هەولێر .
٣٨- سەلام ناوخۆش ، ٢٠١٢ ، مێژووی زمانی کوردی و پلانی زمان ، گۆڤاری زماننا‌سی ، ژمارە ( ١٤ ) ، هەولێر .
٣٩- عبد المحسن بنی وەیس ، ١٩٨٥ ، زمان ، بەراورد کردنێکی سەرپێیی نێوان زاری کرمانجی خوار و زاری خانەقین ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ( ١٠٥ ) .

٤٠- ------------------ ، ١٩٨٥ ، لێکۆڵینەوەی زمانەوانی ، بەراوردکردنێکی نێوان زاری کرمانجی خوار و زاری گەرمەسێر ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ( ١٠٨ ) .
٤١- علي سيدو الگوراني ، ١٩٧٤، اللر ولرستان ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی (٢) ، ژمارە ( ٢ ) .

## پ- نامەی ئەکادیمی :

٤٢- ئومێد بەرزان برزو ، ٢٠٠٦ ، ڕێزمانی جێناو لەشێوەزاری خانەقیندا ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی پەروەردە ، زانکۆی کۆیە .
٤٣- بازیان یونس محی الدين ، ٢٠٠٨، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس ، نامەی ماستەرماستەر ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەڵاحەدین .
٤٤- تارا عەبدوڵڵا سەعید ، ١٩٩٨، هەندێك لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی ،نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر .
٤٥- طالب حسين على ، ١٩٨٩ ، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسان بوونی فۆنێمەکان لە زاری سلێمانیدا ،نامەی ماستەر ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر .
٤٦- دولبەر ئیبراهیم فەرەج ، ٢٠٠٠ ، یاسا دەنگیەکانی زمانی کوردی ،نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی .
٤٧- دەروون عەبدولڕەحمان ساڵح ، ٢٠١٠ ، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا ،نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی .
٤٨- ڕۆکان عەبدوڵڵا محەمەد ، ٢٠٠٨، مۆرفێمەکانی کۆ لە زمانی کوردیدا ،نامەی ماستەر ، کۆلێژی پەروەردەی - ئیبن ڕوشد ، زانکۆی بەغداد .
٤٩- ڕێژنە مەعروف حوسێن ، ٢٠١٠ ، ڕۆڵی شێوازە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەمەند کردنی فەرهەنگی کوردیدا ،نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر .
٥٠- شنۆ قادرمحەمەد ، ٢٠٠٨ ، یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی شێوەزاری کەرکوك ،نامەی ماستەر ، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان ، زانکۆی سەڵاحەدین،هەولێر .
٥١- عادل ڕەشید قادر ، ٢٠٠٨ ، فۆنۆلۆژی زمانی کوردی زاری سەروو ،نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی .

## ت- چاوپێکەوتن :

٥٢- دڵشاد محەمەد غەریب ، پسپۆری زمانی کوردی ، ٢٠١٣/١٢/٥ ، خانەقین

## ٢- به زمانی عەرەبی :

### أ- كتێب :

٥٣- ابراهيم انيس ، ١٩٩٩ ، الاصوات اللغوية ، مكتبة الانجلو المصرية، القاهره .

٥٤- احمد مختار عمر ،١٩٩٧ ، دراسة الصوت اللغوي ، عالم الكتب ، القاهرة .

٥٥- جون لوينز ، ٢٠٠٩ ، اللغة واللغويات ، ترجمة ، محمد العناني ، الطبعة الاولى ، دار جرير للنشر والتوزيع ، عمان .

٥٦- حاتم صالح الظامن ، ١٩٨٩ ،علم اللغة ، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي ، بغداد .

٥٧- ---------------- ، ١٩٩٠ ، فقه اللغة ، دار الحكمة للطباعة والنشر ، الموصل .

٥٨- سامي عياد حنا ،كريم زكي حسامالدين ، نجيب جريس، ١٩٩٧ ، معجم الليسانيات الحديثة ، الطبعة الاولى ، بيروت .

٥٩- سمير شريف استيتية ، ٢٠٠٨ ، الليسانيات ،المجال ، الوظيفة ، والمنهج ، الطبعة الثانية ، عمان .

٦٠- عبدالصبور شاهين ،١٩٨٠ ، المنهج الصوتي للبنية العربية ، رؤية جديدة في الصرف العربي ، مؤسسة الرسالة للطبع والنشر والتوزيع ، بيروت .

٦١- عزيز ياور ، ٢٠٠٩ ، التعليم وفصول من تأريخ مدارس خانقين ( ١٨٨٧ - ٢٠٠٧ )م ، مؤسسة حمدى للطباعة والنشر ، السليمانية .

٦٢- فؤاد حمه خورشيد ،١٩٨٣ ، اللغة الكردية ، التوزيع الجغرافي للهجاتها ، مطبعة وسام ، بغداد .

٦٣- كمال بشر ، ٢٠٠٠ ، علم الاصوات ، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع ، القاهرة .

٦٤- محمد حسن باكلا ، محى الدين خليل ، جورج نعمه ، محمود اسماعيل ، علي قاسم ، ١٩٨٣ ، معجم مصطلحات علم اللغة الحديثة ، الطبعة الاولى ،بيروت .

٦٥- محمد علي الخولي ، ١٩٩٠ ، الاصوات اللغوية ، النظام الصوتي للغة العربية ، دار الفلاح للنشر والتوزيع ، عمان .

٦٦- نادر أحمد جرادات ، ٢٠٠٩ ، الأصوات اللغوية عند ابن سينا ، عيوب النطق وعلاجه ، الطبعه الاولى ، الاكاديميون للنشر والتوزيع ، عمان .
٦٧- هدسن ، ١٩٨٧ ، علم اللغة الاجتماعي ، ترجمة ، محمود عبدالغني عياد ، الطبعة الاولى ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد .
٦٨- هيوا زەند ، ٢٠٠٧ ، مقترح الكتابة باللهجة الفيلية ، الطبعة الثانية ، دار ئاراس للطباعة والنشر ، اربيل .

## ب- نامەی ئەكادیمی :

٦٩- سەنگەر علي مامه ، ٢٠٠٧ ، أصوات اللغتين العربية والكردية ، رسالة الماجستير ، كلية التربية للبنات ، جامعة بغداد .

## ٤- بەزمانی ئینگلیزی :

## كتێب :

٧٠-Amin, Waria, Omar , ٢٠١١, Aspects of the verbal construction in Kurdish, Haji Hashim printing House .
٧١- Crystal, David, ١٩٨١, Linguistics, Penguin Book, England .
٧٢- ----------------- , ١٩٩٢ , An Encyclopedic Dictionary Language and languages, Hartnolls, LTD, corn wall .
٧٣- Fromkin, Victoria, and Rodman, Robert, ١٩٨٨ , An introduction to Language, printed in "united states of America".
٧٤- Katamba, Francis, ١٩٩٣, Morphology, Macmilan press LTD.
٧٥- Oxford, Linguistics, ٢٠١١.
٧٦- Roach, peter, ١٩٩٢ , English Phonetics and Phonology A practical course, Cambridge University press.
٧٧- Richard, J, Jon, P, Heidi, P, Cn, C, ١٩٩٢ , Dictionary of language teaching and Applied Linguistics, UK; long man,.

٧٨-Sinclair, J, Hanks, P, Fox, G, Moon, R, Stock, P, ١٩٩٠ , Collins Cobuild , English Language Dictionary, Great Britain : William Collins Sons and Co LTD Glasgow.

## ٥- بەزمانی فارسی :

### کتێب

٧٩- محمد رضا باطنی ، ١٣٧٤- (١٩٩٦) ، مسائل زبانشناسی نوين ، چاپ چهارم ، تابستان.مؤسسه انتشارات ( آگه) تهران.

٨٠- علی محمد حق شناس ، ١٣٨٦- ( ٢٠٠٨ ) ، آواشناسی ( فونتيك) چاپ يازدهم، مؤسسه نشر(آگه) تهران .